نووسيني
**بنت الهدى**

# عەودالَی راستەقینە

چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە

وەرگێرانی
**حەسەنی پێنجوێنی.**

**چاپی دووەم**
**2004 – 1425**

# عەودالّی راستەقینە

- ئاوێنەی ئەوینی دوو قوتابی زانکۆیە، کیژ و کوڕێك، کیژەکە شوێنکەوتەی ئاینێکی ترە جگە لە ئیسلام، کوڕەکەش بەناو موسڵمانە..
- ئەوین وا دەکات کیژەکە واز لەئاینی خۆی بێنێ بۆ ئەویندارەکەی، تا یەك ئاینیان هەبێ، و دادگا دان بەهاوسەری و ژن و مێردایەتیانا بنێ، ناچار دەبن بڕۆنە لای مامۆستایەکی مزگەوت، تا فێری شایەتمانی بکات..
- مامۆستا بۆیان روون دەکاتەوە کە ئیسلام بەرنامەو بیر و باوەڕە، و پێیان دەڵێ: من پێم وایە تا شارەزایی لە ئیسلام پەیدا نەکات، تەنیا بە دوو قسەی سەر زارەکی نابێتە موسڵمان..
- ئەوانیش قایل دەبن و بۆچوونەکەی مامۆستا پەسەند دەکەن.. مامۆستاش لەهەموو بارەیەکەوە باسی ئیسلامیان بۆ دەکات، تا دەگەنە حەقیقەت و راستەقینە..

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی

خوێنەری بەرێز!

ئێستا کە رژێمی دیکتاتۆری سەرنگون بووە، و میللەتانی عیراق دەتوانن هەناسەی ئازادی بدەن، رۆژی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر نهێنییەکان لاببرێ و راستیەکان بخرێنە پێشچاو، تا ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان نەبینیوە، شتێ لەو بارەوە بزانن، و بۆیان روون بێتەوە کە بەعسیەکان چۆن ئەو عیراقەیان کردبووە زیندانێکی گەورە بۆ بیست و پێنچ ملیۆن کەسی دانیشتوانی..

لەساڵەکانی کۆتایی شەستا تازە بە قوتابخانەی برایان ئاشنا ببووم، هەندێ کتێب و نامیلکەو گوڤارم خوێندبوەوە کە هەندێکیان بەئاشکرا دەفرۆشران و هەندێکیشیان بەنهێنی دەستگیر دەبوون، لەوکاتەدا رۆیشتم بۆ بەغدا، و لەوێ سەری ناوەندی بلأوکردنەوەی نووسراوە ئیسلامییەکانم دا کە ناوی " دارالنذیر" بوو، ئەو رۆژە هەندێ کتێب وچەند ژمارەیەکی گوڤاری (المسلمون)مان کڕی، کە بەراستی گوڤار بوو، بۆ سبەینێ رۆیشتینەوە هەندێکی تر بکڕین، بەلأم دەرگاکەی مۆری لێ درابوو، تا نیسانی 2004 یش نەکرابووەوە.. لەهەمووعیراقا تەنیا ئەو ناوەندەی تیابوو کتێبی ئیسلامی بلأو بکاتەوە ئەویشیان داخست..پاشان وای لێهات کتێبی فیکری ئیسلامی نەیدەتوانی بەئازادی بێتە ناو سنووری عیراقەوە، ئەوە گوڤاری فیکری هەر بەتەواوی قەدەغە بوو، بەلأم ئەوەی کە وەزارەتی ئەوقافەکان دەریان بکردایە، ناو بەناو دەهات، وەك (الوعی الإسلامی) کوەیتی، وە (منبر الإسلام)ی میسری..

ئەم سەختگیرییە لەساڵەکانی هەشتادا گەیشتە لووتکە، و هەندێ گوڤاری عەلمانی هەبوو وەك گوڤاری (العربی) کە لەکوەیت دەر دەچوو، هەندێجار وتاری نووسەرێکی ئیسلامی بلأو دەکردەوە بۆ هەمەڕەنگی بابەتەکانی گوڤارەکەو سەرنج راکێشانی ئارەزووی جۆراو جۆری خوێنەرانی، باوەڕتان هەبێ ئەو وتارەیان لە سانسۆرا ئەدری ئینجا دەیانهێشت بلأو ببێتەوە.

منیش لە حەفتاکەنەوە دەستم بەنووسین کرد ولە هەشتاکانا بەشی زۆری نووسینەکانم بلأو بوونەوە.. لەو کاتەشدا هەندێ لە کتێبەکانی (بنت الهدی) کەوتبوونە بازاڕەوە، ئەو کتێبانەش مەسایلی تایفی ومەزهەبی سوننی و شیعەییان تیا نەبوو، لەبەر ئەوە هەندێکیانم بۆ کوردی وەرگێڕابوو، نەم دەزانی چۆن ئیجازەی لێ وەربگرم، تابلأوی بکەمەوە.. ماوەیەکی تری پێچووئەوان زیندانی کران، و بێسەروشوێن بوون..

لەوكاتەدا کـە سـەردانی بەغدام دەكـرد بـۆ لەچاپـدانی نووسـراوەكان، لـە كتێبخانـەی ئیرشاد لەتەك هەندێ برادەرانی حیزبی دەعوە ئاشناییم پەیدا كـرد، گـوتم: هەنـدێ لـە نووسراوەكانی (بنت الهدى)مان بـۆ كـوردی وەرگێـڕاوە، ئێسـتاش خـۆی زینـدانی و بێسەر و شوێنە، و كتێبەكانیش قەدەغەن، و نازانین چۆن ئیجازەیـان لێـوەربگرین تـا بەناوێكی خوازراوەوە بلاَویان بكەینەوە؟

گوتی: ئەو لەبەر خاتری بانگەواز نووسیویەتی، و مادام شتەكە خزمەت بە ئیسلامە، ئـەو ئەگـەر خۆیشـی لـەدەر بوایـە بەخۆشـحاڵیەوە ئیجـازەی دەدا، هـیچ سـێو دووی لێمەكـەو چـۆن دەكـرێ بلاَویـان بكـەرەوە.. لـەو كاتـەدا دووجـۆر سانسـۆر هـەبوو، یەكێكیان بۆ كتێب و نووسراوە ئاینییـەكان، ئـەوی تریشـیان بـۆ نووسـراوەكانی تـر.. ئەوانەی لە سانسـۆری بەشـی كوردیـدا بـوون، هەنـدێكیان چـەپی و بەعسـییەكی داخ لەدڵبوون بەرامبەر بەئیسلام، هەندێكی تریشیان ئەگەر بەدین نەبوون بـەلاَم بـەرێز و كورد پەروەر بوون، كەیفیان بەخزمەتی زمانی كوردی دەهات، جا لەهـەر بوارێكـدا بوایە . قەدەری خوا وا بوو تەنیا جارێك دەستنووسێكم كەوتبوە بەر دەست یەكێ لـەو داخ لەدلاَنە، ئەویش رێی چاپكردننـەدا، بـەلاَم ئـەوانی تـر بەردەسـت ئـەو پیاوچاكـە كورد دۆستانە دەكەوتن.. لەبەر ئەوە رێیان پێ دەدا..

جـا ئـەم چیرۆكـەی كـە ئێسـتا لەبەردەسـتتایە(عەوداڵی راسـتەقینە) نووسـینی چیرۆكنووسی پایە بەرز بینتول هودا(بنت الهدى)یە بەرەحمەت بێ، ئەگـەر ئەوكاتـە نەمان وێرا هێمایەكی بۆ بكەین و نـاوی بێنـین، ئێسـتا كـە چـاپی دووەمـی دەكەوێتـە بەردەست خوێنەران، كاتی ئەوە هاتووە لەم پێشـەكیەدا ئەومافـەی بدەینـەوە، وداوای لێبووردن لەگیانی پاكی ئەو بكەین، داوای لێبووردنیش لەخوێنەران..

هەرچەنـد كـاتی خـۆی پـاش رزگـاربوونی كوردسـتان لەسـاڵی 1994 دا مـن ئـەم راستەقینەیەم بۆ رۆژنامـەی یـەكگرتوو نـارد تالەسـەر لاپـەڕەكانیا بـلاَو بكرێتـەوە و هـەموو خوێنـەرانی كـورد لێـی ئاگـادار ببنـەوە، وا ئێسـتاش لەپێشـەكی ئـەم چـاپی دووەمەدا و پاش رمانی رژێم بلاَوی دەكەینـەوە.. كـاتی خۆیشـی لای دۆسـتانی خـۆم ئەو راستیەم دركاندبوو، ئەڵبەتە ژمارەیەكی زۆر دەیـانزانی.. ئێسـتاش كـاتی ئەوەیـە هەروەك خوا لە سـوورەتی ئـەحزابا لـەبارەی زەیـدی كـوڕی حاریسـەوە ئەفـەرموێ (ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ) بەناوی باوكی خۆیانەوە بانگیان بكەن چونكە ئەوە لای خوا پەسەند ترە.. ئێمەش بەناوی نووسەری خۆیەوە بلاَوی دەكەینەوە. و ئەگـەر لەبەر گەیاندنی ئەو ئەمانەتە نەبوایە نیازی لەچاپدانەوەیم نەبوو..

ئەڵبەت پێویستە ئـەوەش بڵـێم كـە ئەوكاتـە بـۆ چەواشـەكردنی تـاقمی سانسـۆر بەشـی زۆری ناوەكـانم گـۆڕی و هەنـدێ شـتی تـری نوێیشـم تێهاوێشـت وەك رووداوی ترومبێلەكانی نێوان كەركووك وبەغدا، و راپۆرتەكەی رۆژنامەی راسید و وەك تـێ

بردنی ناوی هەندێ لەخەلیفەکان و ناوی سەرچاوەکان کە لەوێدا نەبوون.. و هەندێ شتی تریش.. کە بەتەواوی بەرگێکی کوردیم کردبوو بەبەریا، ئەگەر یەکێك رۆمانەکەی{ الباحثة عن الحقیقة }ی نەخوێندبوایەتەوە هەرگیز هەستی بەوە نەدەکرد کە ئەم رۆمانە وەرگێرراو بێت، ئێستاش بیست ساڵ بەسەر ئەو کاتی وەرگێرانەدا تێپەڕیوە، ناتوانم ناوەکان وەك خۆی لێ بێکەمەوە، چونکە نوسخەی ئەسلییەکەم لا نییە.. و تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەمانەتەکە بگەیەنیینەوە، و مافی خاوەن ماف زەوت نەکەین..

هیوادارین خوا لێمان خۆش ببێ ، و گیانی پاکی نووسەریش بەبەهەشتی بەرین شاد بووبێت، و جارێکی تریش داوای لێ بوردن لەگیانی پاکی نووسەر و هەموو خوشك و برایانی خوێنەر دەکەم..

وەرگێر
حەسەنی پێنجوێنی..
2004 -7-7

# ١

لەدوورەوە وەستا بوم، بۆ یەکەمجار بوو کە بینیم، بەو چاوپێکەوتنەی شێت و شەیدای بووم، بالأی بەرز، چاوی شین، ئەگریجەی زەردی، بزەسەرلێوی ئالّی، ئەمانە و ئێسکی سووکی کەمەند کێشیان کردم، لەگەڵ ئەوەدا کەهەموو هۆش و هەست و بییرم لای ئەو بوو، تواناى لێی نزێکبوونەوەی ، یان لەتەکیا دوانیم نەبوو، لەئاسمانی پەرستشگای ئەوینی ئەودا پەروازم دەکرد، بەگیان و بەدڵ لەتەکیا ئەژیام و لەیادی ئەوا بووم، و ئاگام لەهیچ شتێکی تر نەما بوو، لەجێی خۆمەوە دەستەو نەزەر وەستا بووم، نەم ئەویست لەو پەناگایەی ئەوا تەنیا هەناسەیەکم لەکیس بچێ! پەروانە چۆن دەوری شەم ئەدا، قوتابیان ئاوەها دەوریان دابوو، وادیاربوو ئەوان جاری تر دیبوویان، گوێیان بۆ وتەکانی شل کردبوو، منیش ئاواتە خواز بووم هەر لەتەك ئەوانا بوەستێ و چاو لەچاوەکانی نەتروکێنم، و بەدڵ گوێ بۆ وتە شیرینەکانی رابگرم..

هەروەك خۆم ئەویش پۆلی سێی زانکۆ بوو، بەلاَم لەزانکۆیەکی ترەوە خۆی نەقڵ کردبوو.. ئەم دیتنەی من سەرەتای چاوپێکەوتن بوو، خۆ ئەگەر ئەو نەڕۆیشتبا من لە جێی خۆم نەدەبزوام، پێش ئەوەی بڕوات بەتیلچاو سەرنجێکی دام، وەك ئەوە پێی ناخۆش بێ من لەو دوورەوە گۆشەگیرم ونزیکی نابمەوە!!

کە ئەو ڕۆیشت ئاهێکی ساردم هەڵکێشاو ڕۆیشتمەوە بۆ پۆلەکەی خۆم، کتێبەکانم هەڵگرت و بەناچاری بەرەوماڵ ملی رێم گرتەبەر، چونکە دەوام تەواو ببوو.

ڕۆژگار ئەڕۆیشت وهەمووڕۆژێك لەدوورەوە دەمبینی، خوا نەکات زاتی ئەوەم هەبێ لێی نزیك ببمەوە!! سەرنجم ئەدا لەتەك ئەوانەی دەورو بەریا قسەی خۆش دەکات و بەدەدەبێکەوە لەتەکیانا پێدەکەنێ و هەرکات لەسنووری دەدەب تێپەڕ ببوایە جێی دەهێشتن و ئەڕۆیشت..

ئەم رەوشتەی ئەوەندەی تر لای من خۆشەویستی کردبوو، هەروەك گوتم بە لێ نزیکبوونەوەی زۆر شادمان دەبووم، بەلاَم هەرچیم دەکرد زاتم نەبوو!! سەرنجم ئەدا، ناو بەناو ئاوڕێکی لێ ئەدامەوە وچاوێکی پیا دەخشاندم، روانیینەکەی بۆمن زۆر لەروانینی بۆ ئەوانی تر جیاوازبوو..

لەدڵی خۆما وام خەملاَندبوو لەوانەیە سەری لەم لاوە سووڕمابێ کەسەر بۆ ئەو هەموو جوانی و جەماڵەی ئەو دانانەوێنێ.. لەدواییدا بەخۆمم دەوت: تۆ بڵێی واتێبگات لەحەنای ئەوا خۆم بەزل دەزانم و لێم زویر ببێ؟!

بەلاَم نازانێ ئەو مرۆڤەی کەئەو والێی حاڵی بووە چۆن شەیدای بووە، و لەبەرامبەریا بەتەواوی لاواز بووە، و بگرە زاتی ئەوەشی نییە خۆی لێ نزیك بکاتەوە..!! ئەوەی کە ئەو بەخۆگرترین کەسی دەزانێ لەهەموویان لاوازتر و گەردنکەچترە..

ئەو سەرنجانەی ئەو زیاتر منی ئازار ئەدا، منیش بەخەمبارو ئاهی سەردەوە دەگەڕامەوە بۆ پۆل وبییرم لەواتای سەرنجەکانی دەکردەوە.. ئەوەندەی کە بییرم لەوە دەکردەوە بییرم لەوانەکانی خۆم نەدەکردەوە، ئەوەندەی لەهەڵوێستی خۆم بەرامبەر بەو بییرم دەکردەوە، ئەوەندە بییرم لەداهاتووی خۆم نەدەکردەوە!! ئەو لەوانەیە وابزانێ من لەوبێ ئاگام!! ئیتر نازانێ هەموو ژیانم بۆ ئەو و لەبەر ئەوە.. چەند ئارەزوومەند بووم راستەقینەی حاڵی خۆمم بۆ دەربخستایە، با بۆماوەی چەند دەقیقەیەکیش بوایە.. بگرە ئاواتە خوازبووم بمتوانیبا خۆم لەو زنجیرانە رزگار بکەم کە بزوتنەوەیان لێ بڕیبووم، تا بەئاسمانی بەختەوەریدا پەروازم بکردایە، و هەموو ترپەو لێدانێکی دڵم ببوایەتە داستانێکی ئەوین، و هەموو هەستێکی دەرونم ببوایەتە وێنەیەکی خۆ بەختکردن وفیداکاری. تۆ بڵێی بتوانم هەندێك لەهەستی خۆمی بۆ دەر ببڕم؟!

نا ، هەرگیز ناتوانم! ئەوینی ئەو هەموو قەوارەی منی داگیر کردووەو دڵمی کردۆتە مەلێکی باڵ شکاو، خۆزگا گوێی لەترپەکانی دڵمەوە بوایەو لە وتوو ویرەی دڵم حاڵی ببوایە!! یائاگای لەسرووده هەمیشەییەکەم ببوایە کە ئەڵێم: تۆم خۆش ئەوێ و خۆشم ئەویت!! لەو رۆژەوە ئەو دڵبەرەم دیوە دەقیقە بەدەقیقەی ژیانم دەژمێرم..

هەروەك عادەتی هەموو رۆژێکی خۆم بەیانییەکیان لەگۆشەیەکی چۆڵی باخچەکەی زانکۆ چاوەڕوانی هاتنی بووم، تەنیا لە دوورەوە ببینم وبەدڵ هەندێ رازونیازی لەتەکا بکەم، ناهەقم نەبوو، چونکە دڵم نەك هەر خۆشەویستی بەڵکو ناوی هیچ کەسێکی تری تیا نەمابوو جگە لە خۆشەویستی و ناوی ئەو!! بۆ هەرشتێکم روانیبا وێنەی ئەوم دەبینی، لەشنەی شەماڵی فێنکا، لەرووی مانگی چواردەدا، لەسەوزەلاَنی ودیمەنی جوانی باخچەکانا، لەبەرامەی گوڵە بۆندارەکانا، لەشینایی ئاسمانی هەساوا، لەقرمەی بەفراو، و هاژەی شەتاوا..تاد.

ئەو بەیانییە چاوەڕوانییەکەم زۆری نەخایاند، خۆشەویستەکەم هاتە ناو باخچەکەوە و هەندێ ئاوڕی بەملاولای خۆیا دایەوە، وەك ئەوەی بەشوێن کەسێکا بگەڕێ، پاش

ئەوە کەمنی بینی بەرەولای من هات، نەم دەتوانی بەوەی دەیبینم بڕوا بکەم!! بەلأم حەقیقەت بوو، زۆری پێ نەچوو بەقەدو بالأی نەونەمامیەوە، بەبزەی لێوی ئاڵیەوە لەبەردەمما راوەستا!! ئاخ .. بەڵێ، لەبەردەم خۆما دەیبینم.. بەگوێی خۆم دەنگی دەبیستم کە دەلێت: فەرەیدوون! بەیانیت باش! رێم دەدەیت کەمێك لات دابنیشم و پرسیارێکت ئاراستە بکەم!!

منیش حەپەسام نەمدەزانی چۆن وەلأمی بدەمەوە، و چۆن لەتەکیا بجووڵێمەوە؟! سەیر ئەوەیە ئەڵێ: رێم دەدەیت لەلات دابنیشم؟!

بۆچ لەو کاتەوە دیومە تائێستا هەر لەتەکما نەبووە؟ ئەم پرسیارە یانی چی؟ تۆ بڵێیت گاڵتەم پێبکات؟ وا پێم ئەڵێ: رێم دەدەیت؟! بۆچ من ئاواتێکی لەوە زیاترم من هەیە؟

بەهەرحاڵێ بوو زمانم فریام کەوت، و وگوتم: بەڵێ، بەڵێ، فەرموو دابنیشە.. ئەویش دانیشت.. تا هەمو شتێك لەبارەوی منەوە حاڵی نەبوو بەجێی نەهێشتم!! هەروەها منیش حاڵی بووم کە ئەویش بەرامبەر من هەمان هەست و ئەوینی هەیە، ئای لەو سەڵتەنەتە کە لەدڵی خۆشەویستەکەمدا جێگام بوەتەوە!!

# # #

# 2

سۆزان نەیئەویست لەگەڵ کەسێکی ترا بگەڕێ جگە لەمن، منیش بەهەموو قەوارەو بوونی خۆمەوە لەگەڵ ئەوا بووم، لەهەمان کاتا بۆم دەرکەوت ئاینمان لێك جیاوازە، بەلاَم ئاین جیاوازی دەورێکی کاریگەری لە ئەوینی ئێمەدا نابێ!! خۆ لەبارەئاینەوە شتێك شارەزانەبووین، تەنیا ئەو عادەت و هەڵس و کەوتەنەبێ کە لەلایەن کەسوکارمانەوە بەسەرمانا سەپێنراوە!! تەنیا لەتەسکەرەدا ئاینەکەمان جیاوازە، دەنا من لەتەك ئەوا چ جیاوازییەکم هەیە؟ هەر بەتەسکەرەش هەردووك ئاینمان هەیە، دەنا من و ئەو چ پەیڕەوییەکی ئاین دەکەین؟ کەوابوو هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، با هەرجیاوازبێ!!

لەبەر ئەوەی ئێمە لە پیاڵەی بەختەوەریدا خۆشترین شەربەتمان نۆش دەکرد، تەنیا چەند سەعاتێکی شەو نەبوایە لێکتر جیا نەدەبووینەوە. هیچ تەمێك نەبوو ئاسمانی هەساوی خۆشەویستیمان لیڵ بکات، تەنیا ئەو هاوڕێیەی سۆزان نەبێ کە لەتەك ئەوا خۆی نەقڵ کردبوو، وادەردەکەوت ئەویش گیرۆدەی ئەوینی سۆزان بوو، دەیویست سۆزان تەنیا لەتەك ئەوابێ، لەهەمان کاتا هەردووك خەڵکی شارێك بوون، و هاو ئاینی یەکتریش بوون.. ئەومان لێ ببووە مڵۆزم و هەمیشە چاودێری دەکردین، و بەشوێنمانەوە بوو، هەڕەشەو گوڕەشەی لێدەکردین، بەلاَم ئەوین و خۆشەویستی ئێمە، هەرگیز ڕێی نەئەدا بایەخ بەو فڕوفیشالآنەی ئەو بدەین..

ڕەوڕەوەی ڕۆژگار لەسووڕانەوەی بەردەوامدا بوو، کاتێك بەخۆمان زانی لەساڵی چوارەمداین، و خوێندنی زانکۆمان کۆتایی دێت، دەبێ هەر یەك لەئێمە بۆ شارو جێگای خۆی و لای کەسوکاری بگەڕێتەوە، و تائێستاش لە سازگارترین کانیاوی خۆشەویستی ئاوی شیرینمان خواردۆتەوە، ئەدی لەمەولا چ بکەین؟ چار چییە؟ خۆ ناشکرێ لێك جیاببینەوە!!

بەمارە بڕین نەبێ چارێکی ترمان نەبوو، تا ئەوکاتەش بیرمان لەمارەبڕین نەکردبوەوە، تاچارێکی بۆ بدۆزینەوە!! کاتێ بیرمان لێکردەوە کۆسپێکی گەورە هاتە ڕێمان، ئەویش جیاوازی ئاینمان بوو!! بەپێی یاسای ولآتیش تا هاوئاین نەبین ناتوانین ببینە هاوسەر!!

هەرچەند ئەگەر سۆزان داوای لێبکردمایە ئەڕۆیشتمە سەر ئاینی ئەو، چونکە من ئەوەندە بایەخم بەئاین نەئەدا، و هیچیشی لێحاڵی نەبووم!! بەلاَم سۆزان کاری ڕاستبێ، گوتی: خەم مەخۆ، من بۆ تۆ واز لەئاینەکەی خۆم دێنم..

پاش سوپاسکردنێکی زۆر، کەوتمە پرسیارکردن بۆ نزیکترین ڕێگەیەك بمان گەیەنێتە ئەنجام، لەوەلاَمدا پێیان گوتم: دەبێ بیبەیت بۆلای زانایەکی ئاینی فێری شایەتمانی بکات، کە شایەتمانی هێنا ئیتر وەك تۆ دەبێتە موسڵمان!! پاش ئەوە لە هەوڵدابووم بگەمە ئەو زانا ئاینییە..

پرسیار بە پرسیار ماڵی مامۆستایەکیان پیشاندام، لە ئێوارەیەکدا هەردوکمان پێکەوە بەرەو ماڵی مامۆستا ڕۆیشتین..

وا بەخەیاڵما دەهات ئەم مامۆستایە زۆر بەتەمەنە و لەپیریەتیدا ئێستا پشتی کۆماوەتەوە و نەك هەر سەرو ریشی بەڵکو برۆیشی سپی بووە و دەموچاوی لاوازی پڕ لە چرچ و لۆچ بووە!!

لەبەرخۆمانەوە دەمان وت: لەوانەیە ئەوەند بەشێوەیەکی کۆن و پەرتوکاو قسەبکات هیچی لێحاڵی نەبین! بێگومان لەناو قسەکانیشیا چەندان زیکرو تەسبیحات تێکەڵ دەکات!!

سۆزان گوتی: دەبێ تۆ لەقسەکانی حاڵی ببی..

گوتم: بۆ دەبێ تەنیا من لێی حاڵی ببم؟!

بە پێکەنینەوە گوتی: چونکە مامۆستا هاو ئاینی تۆیە.. تۆ موسوڵمانی و ئەویش موسڵمانە، لەبەر ئەوە دەبێ تۆ لەقسە پچڕ پچڕ و کۆنەکانی حاڵی ببیت!!

ئێستاش لەیادم ناچێتەوەکە بەساردییەکەوە گوتم: ئاخ ! بەڵێ، موسوڵمانم!

کاتێ گەیشتینە بەردەرکەی ماڵی مامۆستا سۆزان هاتە تەنیشتمەوەو گوتی: فەرەیدوون دەزانی دەترسم؟!

گوتم: دەزانی منیش دەترسم؟!

گوتی: تۆ بۆچ دەترسی؟

گوتم: لەژیانما ئەمە یەکەمجارە، بۆماڵی زانایەکی ئاینی ئەڕۆم.. بێگومان ئێستا بە موسقۆف و تاوانبارم دەزانێ!! لەوەش دەترسم قسەی ڕەق وناخۆشم پێ بڵێت!! لەوانەیە هەر نەیەوێ من ببینێ بەتۆمەتی ئەوەی لەدین لامداوە!!

برادەرەکانم کاتی خۆی زۆریان لەم زانایانە دەترساندم و پێیان دەگوتم: هەرگیز توخنیان نەکەویت، چونکە ئەمانە بەرامبەر بەهەمووشتێ داخ لەدڵن.. بەرامبەر بەلاوان.. جوانی.. سامان.. رۆشنبیری.. چونکە خۆیان ناتوانن هیچکام لەمانە بەدەست بێنن، ئەو داخ لەدڵیەتییەیان تیا دروستبووە.. جاری واهەیە تێشکان و سەرنەکەوتن پاڵ بەخاوەنەکەیەوە بۆ خۆکوشتن دەنێ، بەلاَم ئەمانە تا ئەندازێك لەو خۆکوژانە عاقڵترن، چونکە ئەمانە بۆ بەدەستهێنانی سامانی زۆری بێماندوو بوون بنچینەیەك بۆخۆیان دادەنێن!!

ئەمانەم وت و خۆم وابیشاندا کە بەجوردەتم، بۆیە گوتم: خۆشەویستەکەم! مەترسە، ئەمە شتێکی رۆتینییەو لەماوەیەکی کەما تەواو دەبێت و تۆیش وەك من دەبیتە موسوڵمان!!

گوتی: تۆ چۆن چۆنی بویتە موسوڵمان؟

نەمزانی چۆن وەلاَمی بدەمەوە، گوتم: ئەوی راستی بێ خۆیشم نازانم! بەلاَم ئەوەند دەزانم بەتەسکەرە موسوڵمانم، واتە بەمیراتی!!

سۆزانیش پێکەنی وگوتی: بۆچ، ئاینیش میراتییە؟!

منیش پێکەنیم و گوتم: مەبەستم ئەوەیە بنەماڵەکەمان موسڵمانە و دایك و باوکم موسڵمانن و ئەوا منیش بوومەتە موسوڵمان!!

وا دیاربوو بەقسەکەم قایل نەبوو بۆیە گوتی: گیانەکەم! وەلاَمەکەی پێشووت زۆر تەواو بوو کە وتت: نازانم چۆن بومەتە موسوڵمان..

ئیتر دەستم گرت و گوتم: بەڵی، خۆشەویستەکەم هەر ئەوە راستە.. پاشان لەدەرکەمان دا، مندالێکی گەنمرەنگی وریا دەرکەکەی کردەوە، و بەرەو ژووری مامۆستای بردین.. ئەوەی لامان چاوەڕوان نەکراوبوو لاوی مامۆستا بوو!! لاوێك لەدەورو بەری چل ساڵیدا دەبوو، رووخۆش، پۆشتە، پاك و تەمیز، بەچەند وشەیەکی جوان و قەشەنگ بەخێرهاتنی پێگوتین و فەرمووی لێکردین..

هەستمان بەئاسوودەیی دەکرد، بەگوێی سۆزانمدا چپاند و گوتم: ئێستاش ترست ماوە؟

گوتی: نەخێر بەڵکو زۆر ئاسوودەم!

پاشان لەبارەی ئەوینی خۆم و سۆزانەوە بۆم باسکرد و گوتم: ئەمە دوو ساڵە ئێمە دڵمان پێکەوە بەستراوە، و یەکترمان خۆش ئەوێ، و ئێستاش بۆلای بەڕێزتان

هاتووین تـا شـایەتمانی فێربکـەن وموسـڵمان ببـێ، بـۆ ئـەوەی بتـوانم مـارەی ببـڕم و بیگوێزمەوە، ئێستاش تکام لەبـەرێزتان ئەوەیـە فێـری بکـەن چـۆن موسـڵمان ببـێ، و بەڵگەنامەی موسڵمانبوونیشی بۆ دادگا پێ بدەن..

مامۆستا بزەیەك گرتی و گوتی: کوڕی خۆم! تەنیا شایەتمان بەس نییە..

گوتم: ئەی چۆن؟

گـوتی: مـرۆڤ بـە ئەنجامـدانی چەنـد کردەوەیـەك، یـا وتنـی چەنـد وشـەیەك، نابێتـە موسڵمان!چونکە ئیسلام بریتییە لە عەقیدەو بییر وباوەڕ، ئەمەی وت و ئیتـر بێـدەنگ بوو.. وەك ئەوە نەیەوەێ زیاد لە پێویست قسە بکات.. ئەم سیفەتەی زیـاتر سـەرنجی راکێشام، چونکە زۆر رقم لەوانە بوو کە بۆ هەڵێك دەگەڕێن تا چی لە هەگبەکەیاندایە هەڵی برێژن، و بە حساب زانایی خۆیان دەربخەن!!

من بۆ ئەنجامدانی کارێك هاتووم دەبێ باش حاڵی ببم، بۆیە گوتم: کەوابوو؟؟

زۆر لەسەرخۆ و بەئارامی و بزەیەکەوە گـوتی: کـوڕی خـۆم! زۆر خۆشـحاڵ بـووم یارمەتیت بدەم، بەلاَم لەبارەی ئاینەوە من لێپرسـراوم، لەبـەر ئـەوە نـاتوانم ئیسـلامی بەشێوەی توێکل و بێ ناوەرۆك پێ رابگەیەنم..

زۆرم پـێ سـەیر بـوو کـەپێی دەگـوتم: کـوڕم! چونکـە مامۆسـتا لەتەمـەنا زۆر لـەمن گەورەتر نەبوو!! ئینجا گوتم: ئەمە کار ئاسانکردنێکە بۆ ئێمە، و هیچ زیانێکیش لە تۆ ناکەوێت!!

ئەوی جێی سەرنج راکێشان بوو مامۆستا رووی گرژ نەکرد، و پشـتی تـێ نـەکردم.. زۆر لەسەر خۆو بەسۆزەوە گوتی: ئەگەر پەیوەنـدی بـە تایبەتمەنـدی خۆمـەوە بوایـە بەپێی توانا یارمەتیم دەدان و کارەکەم بـۆ ئاسـان دەکـردن، بـەلاَم ئەمـە پەیوەنـدی بـە ئاینەوە هەیە، و منیش لەو بارەوە لێپرسراوم..

گوتم: خۆ ئەمە دانیشتنێکی تایبەتـە و کـەس پێمـان نـازانێ، ئێمـەش لای کـەس باسـی ناکەین، ئیتر بۆ دەترسی؟ بەڵکو بۆمان راپەڕێنیت!!

مامۆستا لەم هەتەری و قیرسیچمەییەی من لێوەلەرەی پێکەوت، بـەلاَم ددانـی بـەخۆیا گرت، و تووڕەییەکەی نەدرکاند، گوتی: من لەخـەڵکی ناترسـم، مـن لـەخوا دەترسـم، لەبەرامبەر هیچ کەسێکەوە بەرپرسیار نیم، تەنیا لەبەرامبـەر خـواوە بەرپرسـیارم، و لەبەرامبـەر ئـەم ئاینـەوە کـەمن بوومەتـە هـەڵگرو گەیەنـەری، چونکـە وەرگـرتن و

گەیاندنی ئەم ئاینە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و تـەواو سـپاردەیە و خیانـەتیش لـە سـپاردە گەورەترین تاوانە..

وتەکانی مامۆستا خۆیان بۆناو بییر و هۆشم دەکوتا، و لەتەك هەست و سۆزما تێکـەڵ دەبـوون، لەگـەڵ ئـەوەدا هەسـتم دەکـرد لـە داواکردنەکـەما زۆر هەتەری(إصـرار)م دەکرد، ناهەقیشم نەبوو چونکە دەمویست بە خێرایی کارەکەمان تەواو ببێ، بۆیە خۆم بۆ نەگیرا و گوتم: کەوابوو چیت لێمان دەوێ؟!

بەساردییەکەوە گوتی: من هیچم لێتـان نـاوێ، تـۆ دەتـەوێ مـن شـایەتی ئەوەبـدەم کـە دەزگیرانەکەت موسڵمان بووە، و موسوڵمان بوونەکەشی بریتی بێت، لـەگوتنی چەنـد وشـەیەکی کـرچ وکـاڵ، یاباشـتر بڵێـین: قـاپلۆخێکی بـێ نـاوەرۆك، ومنـیش دان بـە موسـوڵمانبوونی وادا نـانێم، تـا شـارەزاییەکی وا پەیـدا نـەکات کـە خـۆی بـڕوای بـە موسوڵمانبوونی خۆی هەبێ.

قســەکانی بــەجێ بــوون، ئینجــا تێگەیشــتم کــە مەبەســتی چییــە، بــەو خــۆگری و لەسەرخۆییەی نرخی لای من گەلێك زیاتر بوو. بـەلاَم بەداخـەوە دەڵـێم کـە مـن زۆر درێژدادڕ بووم، و لەو دانیشتنەماندا هەر لەسەر داوای خـۆم سـووربووم، دەمویسـت جارێکی تر دووبارەی بکەمەوەو تکای لێ بکـەم بـەڵکو کارەکـەمان بـۆ ئاسـان بکـات، چونکـە خـەمی سـۆزانم هـەبوو، لـەدڵی خۆمـا دەمگـوت: سـۆزان نـاتوانێ لـەبارەی ئیسلامەوە هیچ حاڵببێ، ئاخر منێکی بەچکە موسوڵمان و لەناو خێزانێکی موسوڵمانا پەروەدەکراو هیچ لەئیسلام حاڵی بووم تا ئەو لێی حاڵی ببێ؟!

بەلاَم کە سۆزان زانی من دەمەوێ واز لەداواکەم نەهێنم، ئاوڕێکی لێدامەوەو گـوتی: فەرەیدوون! مامۆستا لەسەر حەقەو قسەکەشی ڕەوایە، تکات لێدەکەم لـەوبارەوە ئیتـر هیچ مەڵێ.. بەراستی من بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری واقیعییەتی مامۆستا دەکـەم، ئـەو دەیەوێت سپاردەکەی خۆی بەشێویەکی ڕێکوپێك بگەیـەنێت، کـەوابوو بابـەوجۆرەبێ کە خۆی پێی خۆشەو ویژدانی پێی ئەحەوێتەوە..

مامۆستا بەقسەکانی سۆزان زۆر شادمان بوو، چونکە ئـەویش لەمەبەسـتەکەی حـاڵی ببوو.

منـیش بەشـەرمێکەوە داوای لێبـوردنم لـە مامۆسـتا کـرد و گـوتم: فـەرموو مامۆسـتا، بەڕێزت چی بەپێویست دەزانی با وا بکەین..

ئینجا گوتی: کوڕی خۆم! مرۆڤ پێویستییەکی تەواوی بـەئاین هەیـە، و هـیچ شـتێکی تـریش جگـە لـەئاین نـاتوانێ ئـەو پێویسـتییە لـەناو بـەرێ.. ئەمـەش واقیعێکـە و ملەجووڕەی لێناکرێ..

منیش هەڵم دایەو گوتم: بۆ چ؟

گـوتی: چونکــە ئــادەمزاد بــەپێی سروشــتی خــۆی ئارەزوومەنــدی ئاســوودەییە و ئاسوودەییش بێ بەختەوەری بەدنایەت، کەوابوو مرۆڤ ئارەزومەندی بەختەوەرییە، و بەختــەوەریش تــەواو نابێــت تــا هــەموو هەســتێك وەك ســۆز، و بییرکردنــەوە.. تــاد بەختەوەر نەبن، وە ئاینیش تەنیا رێبازێکە بتوانێ بەختەوەری سۆز و بییرکردنــەوە و ئەوشــتانەی تــریش بگرێتــە ئەســتۆ.. ئــەویش بــەهۆی ئــەو گونجاوییــەی کــە لەیاســاو دەستوور وبەرنامە پەروەردەییەکانیا هەیە..

گــوتم: تــۆ فــەرمووت: بــۆ بــەدیهێنانی بەختــەوەری هــیچ شــتێ نــاتوانێ جێــی ئــاین بگرێتەوە، ئایا لەزانیاری و پێشکەوتنی زانیاریدا ئەو بەختەوەرییــە بەدەســت نایــەت؟ ئەوەتە چەنــدەها شــتی پێشــکەش کــردووین کــە بوونەتــە هــۆی ئاســوودەیی خــەڵکی و لەراستیشدا ناز و نیعمەتن..

گوتی: ئەگەر ئادەمزاد بیەوێ واز لەئاین بێنێ و لــەبیاتی ئــەو دەســت بــە زانیارییــەوە بگرێ، یابیــەوێ لــە پــەنای زانیاریــدا بەختــەوەری ونبــووی خــۆی بدۆزێتــەوە، ئــەوە بەهەڵەدا چووە!! چونکە زانیاری بەتەنیا ناتوانێ بەختــەوەری راســتەقینەی بــۆ بــەدی بهێنێــت، هەرچەنــد بــەهۆی تــەکنۆلۆژیاوە هۆیــەکانی ئاســوودەیی بــۆ تــەن و لەشــی ئادەمیزاد پێشــکەش کــردووە، بۆنموونــە: مــرۆڤ لــەماوەی چەنــد ســەعاتێکدا بــەهۆی فڕۆکەوە ئەم پەڕەو پەڕی جیهان دەکات، یــا لــەڕێی رادیــۆوە هــەواڵ و دەنگوباســی دوورترین دانیشتوانی ئەم جیهانە دەبیستێ، یابــەهۆی تەلەفزیۆنــەوە لــەناوماڵی خۆیــا دانیشتووە و ناومانگ دەبینێ..

بــەلاَم نــەیتوانیوە بەختــەوەری تــەواوی بــۆ بــەدی بهێنێــت.. چونکــە نــەیتوانیوە تــرس نەهێڵێ، بگرە زانیاری بەبێ ئاین بووەتە هۆی ترساندن، ئەوەتە هــەموو ئــەورووپای رۆژهەلاَتی وسۆڤیات( ) لەگەڵ ئەوروپای رۆژئاوایی وئەمریکادا یەك لەترسی یــەك ئۆقرەیان نییە، هەریەك لەوان ترسی ئەوەی هەیە لەناکاوا بدرێتە بەر چەکــە دەتــۆمی و کۆکوژەکــان و وبوونیــان لەســەر نەخشــەدا بســڕێتەوە، بێگومــان لــەمێژووی نوێــدا خوێندووتەوە کە هەردوو شارەکەی یابان بەهۆی دوو بۆمبای دەتۆمەوە چۆن وێــران کران و تیاچوون؟ تەنیا لە(هێرۆشیما)دا بەو بۆمبایە شەست هەزار کــەس کــوژرا، و سەد هەزار کەسیش گۆج و ئیفلیج بوون!! با چل هەزار قوربــانی شــاری نەگــەزاکی بوەستێ کە بەهۆی ئەو بۆمبایەوە درووست بوو..

سرۆشــتی مــرۆڤ وا دروســت کــراوە بــەزوڵم و ســتەم قایــل نییــە، ئایــا دەزانــی ئــەو زانیارییەی ئاین ئاڕاستەی نەکات چ ستەمێکی پێ دەکرێت؟! زانیارییەك ئاینی لەتەکا نەبێ ناتوانێ ئەوخراپانە لابەرێ کە دژی سروشتی مرۆڤن ..

بۆ نموونە: ئایا زانیاری باشترین کەرەسەی نەخستۆتە بەردەست زایۆنییەکانەوە بۆچەوسانەوەی گەلی فەلەستینی؟ یا زۆرداره کۆنە ئینگلیزەکانی خوارووی ئەفریقا بۆ رەشپێستەکان؟ چاوەکەم! کاتێ زانیاری ئاینی لەتەکا نەبوو، زیانی زۆر لەقازانجی زۆرتر دەبێ، چونکە بەرهەمەکانی زانیاری مرۆڤ ئاراستەی دەکات، بەوجۆرەی کەخۆی دەیەوێ وئارەزووی لێیە، مرۆڤیش لایەنی خێرَو شەڕی تیایە، ئەگەر مرۆڤ وازی لە ئاین هێنا، ئەوا لایەنی شەڕ بەسەریا زاڵ دەبێ، و ئاسوودەیی نـاهێڵێ، چونکە فرۆکە هەروەك کەرەسەیەکە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و دەیحەوێنێتەوە، کەرەسەیەکیشە بۆ هەڵگرتنی مووشەك و بۆمبا و چەندەها شارو ئاوایی پێ وێران دەکرێ، دەتۆم هەروەك بۆنەهێشتنی چەندان نەخۆشی بەکار دەهێنرێ، و چەندان مەکینەی کارەبایی پێ دەخرێتە گەر، دەشبێتە هۆی کوشتن و گۆج و ئیفلیجکردنی یەدان هەزار کەس و وێرانکردنی دەیان شار و وڵات!!

تەلەفزیۆن هەروەك باشترین دەزگایە بۆ راگەیاندنی شتی جوان وبەسوود و گونجاو، دەشبێتە ئامێرێکی کوشندە بۆ سەرلێشێواندنی خەڵکی وسەرگەردان کردنیان، باروت هەروەك بۆ چاکردنی رێگاوبان بەکار دەهێنرێت، بۆ لەناوبردنی هەزاران منداڵ و پیرو کەسانی بێتاوانیش بەکاردەهێنرێ.. جا ئیتر هەموو ئەو شتانەی تریش کەبەرهەمی زانیارین بەو پێیە بیان پێوە.. ئایا ئەگەر ئێمە واز لەئاین بێنین، زانیاری و بەرهەمەکانی بەختەوەرمان دەکەن؟

گوتم: من تا ئێستا ئەم وردەکاریەم بۆ زانیاری نەکردووە، قسەکانی ئێوەش پەسەندن و بەڵگەی واقیع پشتگیریانە، و دەیسەلمێنن کە زانیاری ناتوانێ جێی ئاین بگرێتەوە..

گوتی: ئەوا سەلماندمان کە زانیاری بەتەنیا ناتوانێ ئاسودەیی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ بەدبێنێ، بەلاّم لەهەموو بارو دۆخێکدا مرۆڤ هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئاسوودەیی دەدات، چونکە ئارەزومەندیەتی..

گوتم: ئەی پەروەردەی ساخ و پاڵفتەکردنی دەروونی ناتوانێ ئەو ئاواتەی ئادەمزاد بەدبێنێ؟

گوتی: ئەو پەروەردە دروستە، و ئەو پاڵفتە دەروونییەی تۆ باسی دەکەیت پێویستی بە پەروەردەکەر هەیە، ئەو پەروەردەکەرەش پێویستی بەپەروەردەکەری تر هەیە، تا دەڕوات، چونکە پەروەردە لەسفرەوە دەست پێناکات، و سفریش ژمارە دروست ناکات، لەبەر ئەوە ئادەمزاد بەبێ ئاین ئاسوودەیی وبەختەوەری دەست ناکەوێت، بۆیە پێویستی بەردەوامی بەئاین هەیە، ئەو ئاینەی کەلەسەر بنچینەیەکی پتەوەوە بەختەوەری بۆ ئامادە دەکات، ئەو بنچینەیەش ملکەچی گۆڕان و لادان نییە..

لێرەدا مامۆستا بێدەنگ بوو، ئێمەش بیدەنگ بووین، وتەکانی مامۆستا کەمەند کێشـی کردبووین، و بەتەواوی سەرنجی راکێشـابووین، بۆیـە پـاش ماوەیـەك بێـدەنگی مـن گوتم: مامۆستا بۆ بێدەنگ بووی؟ وا بـزانم مانـدوومان کردیـت، و زیـاد لـە پێویسـت کاتمان گرتیت؟!

گوتی: نەخێر، بەلاَم ویستم بوارێکتان بۆ پشـوودان بـدەمێ، تـا رای خۆتـان لـەبارەی قسەکانی منەوە دەر ببـڕن. ئـاوڕم بـەلای سـۆزانا دایـەوە تـا ڕای وەربگـرم، ئـەویش گوتی: من بەتەواوی لەگەڵ قسەکانیا گونجاوم و لەوبارەوە هێچ قسەیەکم نییە.

گوتم: منیش هیچ قسەیەکم نییە، کەوابوو فەرموو قسەکانت تەواو بکە..

گوتی: ئێستا زانیمان مرۆڤ پێویستی بە ئاین هەیە و ئاینیش بەبێ پێغەممەران نابێت، کەوابوو ئـادەمیزاد پێویسـتی بـە پێغەممـەران و پـەیامی ئاسـمانی هەیـە.. ئـەوە مـاوە بزانین کە ئایا ئەو ئاین و پەیامە ئاسمانیە چییە و کامەیـە کـە ئاسـوودەیی بـۆ مـرۆڤ بەدی دێنێ؟

گوتم: بەڵێ، ئێمەش دەپرسین: ئەو ئاینە کامەیە و دەبێ چۆن بێ؟

گوتی: ئەو ئاینەی کە بەختەوەری و ئاسوودەیی پێشکەش دەکات دەبێ ئەم مەرجانەی تیا هەبێت:

یەکەم: دەبێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بگونجێ..

دووەم: لەتەك بییرو ژیریدا بگونجێ و شتی وای تیا نـەبێ کـە بـەهیچ جـۆرێ عـەقل نەیسەلمێنێ..

سێیەم: ئەو رەوشتانەی پێشکەشـی دەکـات، بـۆ دروسـتکردنی مرۆڤـی سـوود بـەخش بگونجێ ..

چوارەم: کەرەسەی روونکردنەوەی تیابێت، واتە: سەرمەشق و چـاولێکراو پێشـکەش بکات، تا بەرنامەکانی دەرکەوێ کە واقیعین و خەیاڵی نین..

ئیسلامیش ئەو ئاینەیە کە ئەو مەرجانەی تیا هاتۆتە دی، مامۆستا ئەم قسەیەی کـرد و بێدەنگ بوو.

منیش گوتم: چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە ئیسلام ئەو مەرجانەی تیا هاتۆتە دی؟!

مامۆستا وردە کۆکەیەکی بۆ کردو  گوتی: منیش ئەمویست هەر ئەوە بۆ سۆزان باس بکەم، و ئەوەش کاتێکی دوور و درێژی ئەوێ، ئایا ئێوە ئەو کاتەتان هەیە؟!

کەسـەیرێکی سـەعاتەکەم کـرد دیـتم دەی شـەوە! بـەدرێژایی پرسـیارەکانی مـن و وەلآمەکانی مامۆستا بییری ئەوەم نەبوو سەیری سەعات بکەم، کە ئەمەش پێچەوانەی عادەت و باوی خۆم بوو!! دەبوا سەعاتێك زووتر هەستابایین، تا پـێش ئـەوەی دەرکـە دابخرێ سۆزان بگاتەوە خەوگا(بەشی ناوخۆیی)یەکـەی خـۆی.. بۆیـە ناچـار بـووین دانیشتنەکەمان بۆ کاتێکی تر دوابخەین، هەستاین و ماڵئاواییمان لە مامۆستا کرد..

هەوای کاتی هاتنە دەرەوەمان زۆر لەهەوای کاتی هاتنمان جیاوازبوو، کـاتێ هـاتین خواخوامان بوو زوو کارەکەمان تەواو ببێ و بێینە دەرەوە، بەلآم کاتێ هاتینە دەرەوە ئارەزومەندی چاو پێکەوتنەوەی مامۆستا بووین..

کەلـەماڵی مامۆسـتا هاتینـەدەر و ماوەیـەك رۆیشـتین و لەشـەقامەکە لامـان کـردەوە هەستمان کرد یەکێك شوێنمان کەوتووە، بەلآم  چونکە دووربوو نەمانتوانی بیناسین.. تا ئەندازێك سۆزان پێی تێکچوو، لەوە دەترسا (مونیر) بێ، ئـەو کـوڕەی کـە هـاوەڵی زانکۆی بووە و گیرۆدەی ئەوینی ئەم ببوو.

من هەوڵم دا ترس و گومان لەدڵیا بڕەوێنمەوە و دڵنیای بکەم، بەلآم بێسوود بـوو ئـەو هەر لەدڵەوە دەترسا..

ماوەیەك رۆیشتین شەودرەنگ بـوو، شـەقامەکان چـۆڵ بـوون، ئـارامی بـاڵی بەسـەر شاردا کێشابوو، مانگەشەو دەتریفایەوە.. ئەم دیمەنە هەموو شتێکی لـەبیر بردینـەوە، تەنانەت شوێنکەوتنی بازەڵە(فزوولی)ە کەشمان لەیاد نەما بوو..

دەستمان بەدەستی یەکەوە گرتبوو، بەدەمەتەقێ و لەسەر خۆ ئەڕۆیشـتین، تاگەیشـتینە خەوگای کچان، سەعات بوو بە یانزەی شەو!!

قاپی داخراوە، قوتابیان نوستوون، تاریکی باڵی بەسەر ژوورەکانـا کێشـاوە، نـاتوانین لەقاپی بدەین، چونکە دنیا کش وماتە، و لەوکاتە درەنگەشدا لە قاپی دان قەدەغەیە..

ماوەیـەك لەبـەر دەرکـە راوەسـتاین، سـەرمان لێشـێوابوو، نەمانـدەزانی چـی بکـەین؟ هەڵوێستەکەمان خۆزگەی پێ نەدەخوازرا، پاش ماوەیەك دۆش دامان گوتم: سـۆزان! دەبێ چارێ بۆخۆمان بدۆزینەوە، تادێ شەو درەنگتر دەبـێ، خـۆ نایشـکرێ تابـەیانی لێرەدا بوەستین، بریا سەعاتێك زووتر هەستابایین!!

پەرچی دامەوەو گوتی: وەنەبێ ئێمە لەوێ یاریمان کردبێ، پێویستی ئێمەی بۆئەوێ برد، و پێویستییەکەشمان داوای مانەوی دەکرد.. زیاد لەوە من هەست دەکەم ئەو سوودەی لەوێ دەستمان کەوتووە، قەرەبووی ئەم هەڵوێستە ناخۆشەی بۆ کردووینەتەوە، خۆ ئەگەر من ترسی ئەوەم نەبوایە مونیر شوێنمان کەوتووە و چاودێریمان دەکات، و لەوانەیە چەندان تەگەرە لەرێمانا دروست بکات، بەهیچ جۆرێ دەربایس نەدەهاتم..

ئەوی راستبێ ئەم قسانەی سۆزانم گەلێك پێخۆش بوو، منیش ئەو هەستەی ئەوم لەخۆما بەدی دەکرد، بەڵام لەبارەی دواکەوتنی سۆزانەوە من خۆم بە لێپرسراو دەزانی، ئەم هەستەش زیاتر منی دڵگران کردبوو، بەڵام خۆم تێك نەدا و پشتگیری قسەکانیم کرد، هەرچۆن بوو هەوڵم دا ترسی لێدوور بخەمەوە..

ئینجا پێم گوت: وەرە بابڕۆین بۆ خانوە بچکۆلەکەی من، لەبەر ئەوەی چارێکی تر نەبوو، دەستی بەڕوومەوە نەنا، پێکەوە بەرەو خانووەکەی من رۆیشتین. لەو کاتەدا کەقاپیەکەم دەکردەوە هەستم کرد یەکێك بەشوێنمانەوەیە، پێم وابوو سۆزان هەستی پێنەکرد، چونکە نیشانەی سەخڵەتی لێدەر نەدەکەوت.

کە رۆیشتینە ژوورەوە شڵەژاو بەشەرمێکەوە گوتی: فەرەیدون! من لەکوێدا بخەوم؟

گوتم: چۆنت ئارەزووە و کوێت پێخۆشە لەویا بخەوە..

گوتی: من لەهۆڵەکەدا دەخەوم، و تۆش لە ژوورەکەی خۆتدا بنوو..

کەمێك بێدەنگ بووم و پاشان گوتم: نا ، من لەهۆڵەکەدا ەنووم، و تۆش لە ژوورەکەی مندا بخەوە..

# # #

# 3

بۆ سبەینێ چاوم بەناو قوتابییە کچەکاندا ئەگێڕا، تا سۆزان ببینم، یەکێ لەقوتابییە تازەکان هاتە پێشەوەو نامەیەکی دایە دەستم و خۆبکرد بەناو قوتابییەکانی ترا و لێم ونبوو..

بەنامەکە دڵخۆش نەبووم، رۆیشتمە کەنارێکەوە و نامەکەم کردەوە، دیتم نووسراوە: وادەزانن ناتوانم ئەو کۆشکەتان تێکبدەم کەلەسەر کەلاوەی کۆشکی وێرانکراوی هیوای منا دروستتان کردووە؟ هەرکارێکم بوێت دەتوانم ئەنجامی بدەم، جابۆیە داوات لێدەکەم وازی لێبێنەو لێی دووربکەوە، یا هەرکارێکم لەدەستهات ئەنجامی دەدەم.. یەکەم کاریشم ئەوەیە کەس وکاری سۆزان ئاگادار دەکەمەوە کە: لەگەڵ موسڵمانێکی سەرسەریدا رێکەوتووە و شەوانە لەماڵێکی چۆڵا پێکەوە ئەژین!!

زۆر شپرزە بووم، لاقم ئەلەرزی، خەمی سۆزانم بوو، ناچار وازم لەگەڕان هێنا، لە کەنارێکەوە دانیشتم بۆ بیرکردنەوە، بەو هیوایەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە.. باشە دەبێ چیبکەم؟ ئایا دەتوانم دەستبەرداری سۆزان ببم و وازی لێبێنم؟ خۆ ژین و ژیانم بریتییە لەو، بۆچ دەتوانم بێگیان بژیم؟ من پێم خۆش نەبووە و نییە پچوکترین ئازاری پێبگات، بەلاَم من دەبمە هۆی چەرمەسەرێ و ناڕەحەتی بۆی!!

دەبێ کارێکوا بکەم هیچ ئازارێکی پێنەگات، نابێ کەلینێك بێڵمەوە مونیری چەپەڵ لەوکەلینەوە بەمەبەستی گلاَوی خۆی بگات، بۆ ئەم کارەش باشترین چارە ئەوەیە لەنزیکترین کاتا مارەی ببڕم و دەستی لێ ببزوێنمەوە..

لەهەمان کاتا سۆزان لەم نامەیە ئاگادار ناکەمەوە، و داوای دەستوبردیش لەمامۆستا دەکەم، بەڵکو کارەکەمان بۆ رابپەڕێنێ، تا مونیر دەستی خۆی نەوەشاندووە، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی رەسمی مارەم بڕی ئیتر کەسوکارەکە یشی ناتوانن کۆشکی هیوام بڕوخێنن..

ماوەیەك بوو کاتی پشوو کۆتایی هاتبوو، منیش نامەکەم شاردەوە، نامەو خاوەن نامەم لەبیر خۆم بردەوە و رۆیشتمە ژوورەوە..

پاش دەرسەکە سۆزانم دی، بینیم تێکچووە، ڕەنگی هەڵبزرکاوە، لەوانەیە لێپرسراوی خەوگا لەسەر دواکەوتنەکەی دوێنێ سەرزەنشتی کردبێت کە بۆچ شەو نەهاتۆتەوە؟!

منیش دەستم بەدڵدانەوەی کرد و پێم گوت: ئەمڕۆ ئێوارەکەی دەچین بۆلای مامۆستا و بۆ سبەینێش بەشێوەیەکی ڕەسمی کارەکەمان تەواو دەکەین، و ماندوومان ئەحەسێتەوە.. ئەویش سەرێکی بادا و بەگومانێکەوە گوتی: گیانەکەم! هەرگیز لەو بڕوایەدانیم بەسبەی و دووسبەی تەواو ببێت..

گوتم: هیوادارم تەواو ببێت.. منیش بەهەموو توانەیەکمەوە پەلە دەکەم بۆ تەواوبوونی..

بەسەرزەنشێکەوە گوتی: نا. نا. فەرمیدوون! پەلە لەمامۆستا نەکەیت، ئەوەت لەیادبێت، ئێمە پێویستیمان بەو هەیە، ئەویش چی بەراست بزانێ وا دەکات..

گوتم: بەهەرحاڵ بزانیین چۆن دەبێ؟!

گوتی: منیش ئەڵێم بزانیین چۆن دەبێ، بەلاَم هەڵەشەیی نەکەیت..

گوتم: باشە.. بەلاَم پێش سەعات پێنج خۆت ئامادە بکە دێم بەشوێنتا، بەڵکو بۆ پێنج لەوێ بین..

# # #

# 4

دەمـاو دەمـی عـەیر ڕۆیشـتم بـۆلای و لەبەردەرکـە چـاوەڕوانمنی دەکـرد، ڕەنگـی گۆڕابوو، کاتێ دەستم گرت وەك بەفر سارد بوو، کەوتمە گومانەوەو پرسیارم لێکرد: خۆشەویستم ! ئەوە چیتە؟ تکات لێدەکەم پێم بڵێ، حاڵت لەتەواو ناچێت!!

بزەیەکی گرت و گوتی: هیچ.. هیچم نییە!!

کەسەرنجی دووچاویم ئەدا، ئەو دووچاوەی کـە لەڕوونیـدا دەدرەوشـانەوە و ئێسـتاش ڕەنگـە مرواربیەکـەیان گـۆڕاوەو لێـڵ بـووە،و بـەهۆی شـەو نخـوونیی و گریانـەوە خوێنیـان تێـزاوە ئـۆقرەم لـێ دەبـڕاو ئـازارم پـێ ئەگەیشـت، گـوتم: سـۆزان گیـان! بەهەڵەمدا مەبە، بۆ لەمن شت دەشاریتەوە؟! بۆ بێمن ئازار بچێژیـت؟ خـۆ ئێمـە یـەك دڵ ویەك گیانین!!

گوتی: بەڵێ، تۆ ژین و ژیانمی، هیوا و ئاواتمی، بەلاَم هیچ شتێکم نییە!!

گوتم: لێڵبوونی چاوەکانت، کاڵبوونەوەی گۆناکانت، پێچەوانەی گوتەکانتن..

گوتی: تکات لێدەکەم وامان لێمەکە دوا بکەوین، بابڕۆین تا کاتمان لـە کـیس نـەچووە، جگە لەڕۆیشتن لەتەکیا چارێکی ترم نەبوو.. بەلاَم شەپۆلەکانی دەریـای بیرکردنـەوە تاوێ بەلای ڕاستا و تاوێ بەلای چەپا دەیبردم.. لەوەش دەترسام ئەو نامەیـەی بـۆمن هـاتبوو بـۆ ئـەویش ڕۆیشـتبێ.. لەڕێـدا هـەوڵم ئـەدا قسـەیەکی وای بـۆ بکـەم خـەم وپـەژارەی نـەمێنێ و دڵئاسـوودە ببێـت.. تائەنـدازێك سـەرکەگوتم، لەرواڵـەتا خـۆی واپیشان ئەدا بێخەمە!! بەلاَم هەر شوێنەواری ئازاری پێوە دیاربوو!!

بـەڵێ گەیشـتین و لەدەرکـەمان دا، قاپییـان بۆکردینـەوە و ڕۆیشـتینە ژوورەکـەی مامۆستاوە.. ئەم جارەیان هەستمان بەجۆرە ئازادییەك دەکرد، کە جاری پێشوو نەمان بوو..

مامۆستا بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، و پاش ماوەیەك دانیشتن گوتم: مامۆستا گیان! ئەمڕۆ ئەمانەوێ کەمێ زووتر بگەڕێینەوە، چونکە دوێنێ بەهۆی ئەو دواکەوتنەوە هەندێ نارەحەتیمان بۆ بەدیهات..

مامۆستاش گوتی: بەراستی زۆرم پێناخۆشە کە من بوومەتە هۆی ئەو دواکەوتنەتان..

منیش زۆر سوپاسم کرد و گوتم: تاوانی ئێوە نەبووە، بەڵکو خۆمان کاتمان لەبیر چووبوو، چونکە قسەکانی ئێوەمان لا خۆش و سەرنج ڕاکێش بوو.. بەهەر حاڵ ئەوەی رووبدا زۆر گرنگ نییە..

مامۆستا زەردەیك گرتو گوتی: تا ماندووبوون نەبێ، واتای پشوو نازانرێ، تا تەنگانەش نەبێ تامی خۆشی و فەرحانی ناچێژرێ، وا نییە؟!

گوتم: بەڵێ، لەوانەیە..

گوتی: تۆ ئەڵێیت لەوانەیە، وەك ئەوە لەقسەکە دڵنیا نەبیت!! بەلاَم لەژیانی خۆتا رێنەکەوتووە پاش ماندووبوونێکی زۆر پەرداخێ ئاوی ساردت خواردبێتەوە، و پاش نەمانی تینوویەتییەکەت پەرداخێکی تر ئاوت خواردبێتەوە؟! ئایا تام و چێژی ئەو دوو پەرداخە ئاوانە وەك یەك بوون؟

ئایا رێنەکەوتووە لەمانگی هەشتا بە ناوچەیەکی بێدارو درەخت و بێسێبەرا ماوەیەك بەڕێدا رۆیشتبیت، و پاشان گەیشتبیتە سیبەرێك و لەگەرمای گەزندەی خۆر رزگارت بووبێ و لەسایەیا حەسابیتەوە؟ ئایا تام وچێژی ئەو سیبەرە وەك ئەو سیبەرە وایە کە لەماڵەوە بێگرەی گەرما لەسایەیا دانیشی؟!

ئەوکەسەی ماوەیەکی زۆرنەخۆش دەبێ و لەناو جێدا دەکەوێ و توانای هاتوو چووی نابێ، و پاشان خوا چاکی دەکاتەوە، ئایا هەستکردنی بەنازو نیعمەتی لەشساغی ئێستاو پێش نەخۆش کەوتنەکەی چون یەکە؟! هەتا دووایی...

منیش بەدڵ گوێم بۆ گرتبوو، هەر نموونەیەك لەو نموونانەی ئەو باسی دەکردن کتومت لەگەڵ واقیعی منا دەگونجان و وەك یەك بوون، بۆیە بەقەناعەتی تەواوەوە گوتم: بەڵێ، قسەکانت دروست و تەواون..

گوتی: لەبەر ئەوە هەندێ کێشەو ماندووبون، بگرە سوێری وتاڵیش لەقازانجی ئێمەی ئادەمزادن، و بوونی هەستکردن - بەئازار و ماندوبون و ناخۆشی – لە دەروونمانا نیعمەتێکی گەورەی خواییە، و دەبێ سۆپاسی خوای لەسەر بکەین..

دوابەدوای ئەو منیش بێ پەروا گوتم: سوپاس بۆ خوا..

مامۆستا گوتی: با لەو شوێنەوە دەست پێ بکەین کە دوێنێ تیایا وەستاین..

گوتم: فەرموو..

گوتی: دوێنێ باسی ئەوەمان کرد کە: ئادەمزاد پێویستی بە ئاین هەیە.. ئەو ئاینەی سوودبەخش بێ و بگونجێ بۆ هەموو بوارێکی ژیان، و لەگەڵ سروشتی مرۆڤا بگونجێ، و لەگەڵ ژیریدا دەست لەمل بێ، و بۆ دروستکردنی مرۆڤی بەسوودیش چەندەها رەوشتی بەرز بەنموونەوە پێشکەش بکات، تا چاویان لێبکرێ، و پیشانیشی بدات کە رێبازەکە رێبازێکی واقیعییە نەك خەیاڵی..

گوتمان: ئاینی ئیسلام بەزیادەوە ئەم مەرجانەی تیا هاتوتە دی.. و پەیامی ئیسلامیش کە خوا بەموحەممەد پێغەمبەردا - دروودی خوای لەسەربێ – بۆ دانیشتوانی سەرزەوی ناردووە، داوای شتێکی وای لەئادەمزاد نەکردوە کە لەتەك سروشتیا نەگونجێ..

بۆ نموونە: ئیسلام داوای باوەڕ بەنادیار(غیب) دەکات، و یەکێك لەوانەی کەنادیار(غیب)ە بوونی خودایە، باوەڕ بەبوونی خوا بەتەواوی لەتەك سروشتی ئادەمزادایە، چونکە هەر ئادەمزادێك لەگەڵ جیاوازی بیرو باوەڕ وئارەزوودا هەمیشە هەست بەبوونی هێزێك لەدەرەوەی بازنەی بیستن وبینینی خویا دەکات، و لەکاتی لێقەومان و تەنگانەدا پەنای پێدەبات..

بۆ نموونە: ئەو رێبوارەی سوار فڕۆکە بووە و فڕۆکەش ئەندازێکی یەجگار زۆر بەرزبوتەوە، و پاش هەندێ باڵەتەپەو لاربوونەوە بەملاولادا فڕۆکەوان رێبوارەکان ئاگادار دەکاتەوە کە ناتەواوییەك لەفڕۆکەکەدا پەیدا بووە و ناتوانین بەسەریا زاڵ ببین، یاچارەسەری بکەین، ئێوەش پشتێنی ئەمان ببەستن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناچاری بنشینەوە، ئالەم کاتەدا هەرکەسە هەوڵ دەدات بەپێی توانا رێی رزگاری بگرێتە بەر، ئەی ئەو رێبوارەی کەهیچ هەوڵێکی لەدەست نایەت و سەقەتە چی دەکات؟ وە دەیشزانێ مردن لەرەگی پەنا گوێی نزیکترە؟..ئایا هیوا بڕاودەبێ؟ نەخێر.. بەڵکو هیوای بەمانەوە هەیە، بەلاَم لەکوێ و لەچ رێگایەکەوە، خۆ هەموو دەرێکی ماددی لێداخراوە؟

بێگومان چاوەڕوانە دەستێك لە غەیبەوە رزگاری بکات، چونکە باوەڕی بەهێزێك هەیە کە لەهەموو هێزێك بالاَ دەست تر و بەتوانا ترە، و تەنیا ئەو دەتوانێ رزگاری بکات.. ئەم باوەڕ بەغەیبە لە موسڵمان و ناموسڵمانا هەیە..

نموونەیـەكی تـر: ئەودایكـەی منـداڵێكی تاقانـەی هەیـە و نەخۆشـییەكی سـەختی پیـا پێچراوەو پزیشك نەماوە سەری لێنەدا، بەلاَم چارەسەری نەخۆشیەكەی بـۆ نـەكراوە، و جگەرگۆشـەكەی چـاك نابێتـەوە، ئایـا دەزانـی ئـەو دایكـە هـەر چـاوەڕوانی چاكبوونەوەی منداڵەكەیەتی لەرێیەكی نادیارەوە، هێزێكی بەتواناتر - لەهـەموو ئـەو هێزانەی دەستەپاچەبوون لەچارەسەری منالەكەیا – چارەسەربكات و چاكی بكاتەوە؟

یا ئەو كەشتیەوانەی كـە لەناوەڕاستی ئۆقیانووسـی دەتلەسـیدا بـەهۆی بـاو بۆرانـەوە شەپۆلی ناهەمواری دەریا كەشتییەكەی بەیەكا دەدات و شەپۆل بـە ئەنـدازەی كێوێـك بەرزدەبێتەوە و كەشتی هەڵدەگرێ و دایەنێتـەوە وهـیچ هێزێكـی فریاگوزاریشـی لـێ نزیك نییە..

ئالەم كاتە ناهەموارەدا كەمردن بەرەوپیری هـاتووە و دەسـتی لـەهەموو فریاگوزارێـك براوە، ودەشزانێ هێزی زانیاری و ئادەمزاد نـاتوانن رزگـاری بكـەن، ئایـا چ جـۆرە هەستێكی هەیە؟

بێگومان پەنا بۆ نادیار (غەیب)دەبات و سروشتی پێی ئـەڵێ: كـەهێزێكی بـالاَ دەسـتر هەیە، و لەهێزی زانیـاری و هـەموو ئـادەمزاد بـەتواناترە، حەتمـەن چاوەڕوانـە ئـەو هێزە نادیارە بیپارێزێ و رزگاری بكات..

ئەم نموونانەی باسـمان كـردن ئایـا هـەموو بەڵگـەنین كەسروشـتی ئـادەمزاد بـاوەڕی بەنادیارەكان (غەیبیات) هەیە؟

ئایا ئەوانە هەموو بەڵگەنین لەسەر ئەوە كە داواكردنی بـاوەڕبوون بەغـەیب لەلایـەن ئیسلامەوە پێچەوانەی سروشتی ئادەمزاد نییە؟

هەروەك لە ئینسكلۆپیدیای لارووسدا ئەڵێ: "غەریزەی ئاینی غەریزەیەكی هاوبەشە لـەنێوان هـەموو رەگـەزەكانی ئـادەمزادا، تەنانـەت ئەوانەشـیان كـە زۆر لـەژیانی شارستانیەوە دوورن، و بگرە ئەوانـەش كـە ئاژەڵیانـە ئـەژین!! و بایەخدان بـەواتای پەروەردگار- واتە: هێزێك لەبان سروشتەوە- یەكێكە لەو شتانەی كە لـەناو دەروونـی ئادەمزادا و لەهەموو ناوچەكانی جیهاندا هەیە "

ئارەزووی باوەڕ بەنادیار شتێكی سروشتییە و لـە منداڵیشـا دەبینرێـت، ئـەو منداڵـەی پرسیار دەكات: بۆ ئەمە وایە؟ بۆچ ئەوەیان وانییە؟ هۆی چییە؟ هۆی هۆیەكەی چییە؟ بێگومـان منداڵەكـە بـەو پرسـیارانەی بـۆ بـەرزترین دەسـەلاَت دەگـەڕێ، ودەیـەوێ سـەرچاوەكەی بزانـێ.. چونكـە بـەپێی سروشـتی سـەرەتایی خـۆی هەسـت بـەبوونی سەرچاوەیەكی هێـز و بـالاَترین دەسـەلاَت دەكـات.. بێئـەوەی بتـوانێ ئـەو واتایـە بـە دەستەواژەیەك دەر ببڕێ..

ئابەمانەدا بۆمان روون دەبێتەوە بیری باوەڕ بە نادیار کەئەویش ماك (أصل)ی ئاینە لەسروشتی ئادەمزادا هەیە، و ئەم غەریزەیەش واتە باوەڕ بە غەیب، تەنیا باوەڕ بەخوا دەگرێتەوە بەلاَم ئەم باوەڕانە لە روونی و لێڵیدا جیاوازییان هەیە.

کوری خۆم! یەکبوون و یەکیەتی ئەم بونەوەرە و پەیوەندی هەموویان پێکەوە بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوە کە بیردۆزەکانی ئاین لەتەك سروشتا گونجاو و لەبارن..

ئالەم کاتەدا سەیرێکی سەعاتەکەم کرد هەندێ ماوەمان مابوو، بۆیە گوتم: مەبەستت لەیەکبوون و پەیوەندی پارچەکانی ناو بوونەوەرا چییە؟

گوتی: وەلاَمی ئەم پرسیارەت درێژە ئەکێشێ و تۆش بەتاڵووکەی، بۆیە وام پێباشە بۆ دانیشتنێکی تری داهاتوو هەڵی بگرین..

سەرنجێکی سۆزانم دا تا ڕای ئەویش بزانم.

گوتی: پێموایە بۆ دانیشتنی داهاتووی هەڵًبگرین..تا ئەوگۆبەندەی دوێنێمان تووش نەبێتەوە.. بەتایبەت پاش ئەوە... ئیتر بێدەنگ بوو..

گوتم: پاش ئەو چییە؟

گوتی: هیچ ئێستا کاتی باسکردنی نییە، بەلاَم هەوڵ بدە بەڵکو پاش چوار شەممە کاتێکمان بۆدیاری بکات، چونکە من لەم رۆژانەدا بەهۆی ئیمتیحانەوە سەرم جەنجاڵە.

گوتم: ئەمڕۆ یەك شەممەیە، واتە پاش سێ رۆژی تر کاتمان بۆ دابنێ؟

گوتی: بەڵێ..

منیش رووم لە مامۆستا کرد و داوای دیاریکردنی کاتی دانیشتنی داهاتووم لێکرد..

مامۆستا گوتی: بەداخەوە رۆژی چوارشەممە بەڵێنم هەیە و ناتوانم بتان بینم..

گوتم: باشە با رۆژی پێنج شەممە بێ..

گوتی: بەداخەوە پێنج شەممەو هەینیش کاتم نییە، بەتایبەت رۆژی هەینی کۆتایی هەفتەو رۆژی پشووە، بواری موسڵمانان بۆ پرسیارکردن زیاترە، و منیش دەبێ خۆمی بۆ ئامادەبکەم، و بۆ لەناوبردنی گیرو گرفتەکانیان چارەسەر ببینمەوە، ..

لەبەر ئەوە ئینشائەڵلا سەعات چواری پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ئامادەی دانیشتنی داهاتوو بن..

منیش بییرم کردەوە ئـەم ڕۆژانـە هـەموو بـەخۆڕایی بـڕۆن و ئێمـە نەگەینـە ئـەنجام، زۆرم پێناخۆش بوو، بۆیە گوتم: ناتوانی تەنیا سەعاتێکمان لەو کاتانەت بۆ بڕ بدەیت؟

گوتی: ئەگەر بمتوانیایە زۆرم پێخۆشبوو، بـەڵام کاتـەکانم لـەنێوان دەرس گوتنـەوە و ئیش وکاری ترا گیراون، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم..

منیش بڵمە بڵمـێکم کـردو گـوتم: هـەرگیز بەخـەیاڵما نـەدەهات ئێـوە ئەوەنـد خـەریکی لێکۆڵینەوەبن و بەشوێن زانیاریا بگەڕێن!! مـن وام بەخایاڵـدا دەهـات زانایـانی ئـاینی خۆشترین گوزەران و پچوکترین دەستمایە و کەمترین لێپرسراویان هەیە!!

مامۆستا بزەیەکی گرت و گوتی: بەداخەوە ئەم جۆرە بییرکردنەوەیە بووە هۆی ئەوە لە نێوان زانایانی ئـاینی و ڕۆشـنبییرانا دەربەنـدێکی گـەورە دروسـت بکـات.. لەگـەڵ ئەوەدا کە هەردوولا بۆ تەواوکردنی پەیامەکەیان لەژیانا پێویستیان بـە یـەکتر هەیـە.. لەوانەیە داهاتوو ئەم ڕاستەقینەیە باشتر دەربخات..

منـیش لـەناخی دەرونمـەوە گـوتم: هیـوادارم ئاینـدە نـەزانراوەکانی ئـەمڕۆمان بـۆ دەربخات..

لەکاتی ماڵئاواییدا مامۆستا کتێبـی (الـدين)ی دکتـۆر عەبـدوڵلا دەراز و کتێبـی (نشـأة الدين)ی دکتۆر ئەلنەششاری داینێ و گوتی: لەماوەی ئەم چەنـد ڕۆژەدا بیخوێننـەوە.. ئینشائەڵلا سودیان لێ دەبینن وکاتیشتان بەزایە ناڕوات.. خوا حافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە..

# # #

# 5

ڕۆژگار سست و لەسەرخۆ ئەڕۆیشت، ئێمەش بەهەڵپەبووین بۆ بیستنی قسەی تازەتر لە مامۆستاوە، لەهەمان کاتا ترسی ئەوەشمان هەبوو کارەکەمان سەرنەگرێ و بۆیەك نەبین.

لەو ماوەیەدا هەوڵمان دا کتێبەکانی لای مامۆستا بخوێنینەوە، ڕۆژێك پێش کاتی چاوپێکەوتنی مامۆستا، نامەیەکی پڕ هەڕەشەو گوڕەشەی مونیرم پێگەیشت، لەنامەکەی پێشووی توندو تیژتر بوو..

دانی پیادەنێم ئەوشەوە خەوی لێزڕاندم، لەوە دەترسام ئەنجامێکی سامناکی هەبێ، بۆبەیانی لەزانکۆ بەسۆزان گەیشتم باسی نامەکەی مونیرم بۆ نەکرد، لەدڵی خوما گوتم: بۆچ ئەویش وەك من سەخڵەت ببێ؟!

هەندێ پەژارەم لەرواڵەتی سۆزانا بەدی دەکرد، پێم وابوو هۆی ماندووبونی ئیمتیحان وخوێندنەوەی زۆربێ، لەوانەیە ئاگای لەنامەکەی مونیر نەبێ، ئیتر بۆچ بۆی باس بکەم؟ بەڵێ، ئەورۆژە لەبارەی نامەکەی مونیرەوە هیچم بۆ نەدرکاند..

دەماودەمی عەێر پێکەوە بۆماڵی مامۆستا ڕۆیشتین، بەلاَم بەداخەوە مامۆستا نەخۆش و لەناو جێدا کەوتبوو، چەند خولەکێك دانیشتین و پێمان باش بوو هەڵسین وناڕەحەتی نەکەین، بەلاَم مامۆستا نەیهێشت و گوتی: من ئامادەم..

گوتمان نامانەوێ لەسەر حیسابی تەندروستی تۆ سوود وەربگرین، بە بزەیەکەوە گوتی: تەندروستیم بۆ سوودی ئێوە ئەوێ.. ئینجا پاڵی دایەوەو گوتی: لەدانیشتنی پێشوودا گەیشتینە ئەوە کە: لەنێوان ئادەمزاد و هەموو شتێکی ئەم بوونەوەرەدا پەیوەندییەکی تەواو هەیە، کاتێ مرۆڤ هەستی کرد بەشێکە لەم بوونەوەرە و پەیوەندییەکی تەواوی بە هەموو ئەندامێکی ئەم بونەوەرەوە هەیە، هەست بە بەختەوەری دەکات، چونکە تێدەگات کە هێزێکی گەورە پاڵپشتیەتی و بەهەموو

پارچەیەکی ئەم بوونەوەرەی بەستوتەوە، ئەو کاتە هەست بەتەنیایی ونامۆیی ناکات، بە پێچەوانەی ئەو مرۆڤەی لەم تێگەیشتنە بێبەشە..چونکە ئەوەی ئەم هەست و تێگەیشتنەی نەبوو نازانێ بۆچ هاتۆتە دنیاوە؟! و چ دەورێکی لەم ژیانەدا هەیە؟

بەلاّم کاتێ پەیوەندی خۆی بەم بوونەوەرەوە زانی، تێدەگات ئەو خۆرە گەورە بەو تیشکە زۆرو فراوانەیەوە، بەو هێژایی و پایەدارییەوە تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئەو رام کراوە و دروستکراوە..

کاتێ زانی پلەی گەرمایی خۆر دەگاتە دوانزەهەزار پلە، تێدەگات تەنیا بۆ ئەوەیە ئەم لەناو ئەستیرەی زەویدا بەئاسانی بتوانێ بژی..

ئەگەر دووری نێوان زەوی و خۆری زانی تێدەگات کە دووری نێوانیان لەو ماوەیەی زانایان بە نەوەد و سێ ملیۆن میل خەملاّندوویانە دوورتر بوایە، هەموو شتێك لەم سەرزەویەدا دەیبەست ودەبوە سەهۆڵ، وئەگەر لەوئەندازەیەش نزیکتر بوایە هەموو شتێك دەسووتا.. تێدەگات کە ئەم دوورییەی نێوان زەوی و خۆر تەنیا بۆ ئەوەیە ژیانی ئەم پارێزراوبێ..

سووڕانەوەی زەوی، کاتێ زانی لەماوەی بیست وچوار سەعاتا جارێك زەوی بەدەوری خۆیا دەسووڕێتەوە، تێدەگات تەنیا بۆ ئەوەیە کەئادەمزاد بتوانێ تیایا بژی، چونکە ئەگەر لەماوەی 240 کاتژمێرا جارێك خوولانەوەکەی تەواو کردبا شەو و رۆژ دە ئەوەندەی ئێستا درێژتر دەبوون، ئەوکاتە گەرمایی رۆژ هەموو شتێکی دەسووتاند و ئەوەشی کە بمایەتەوە سەرماو سۆڵی شەوانە لەناوی دەبرد و مرۆڤ نەی دەتوانیتیایا بژی..

کەوابوو خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیا لەو ماوە دیاریکراوەدا و بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە تەنیا لەبەر خاتری مرۆڤە کە بتوانێ لەم سەر زەویەدا بتوانێ بژی..

هەروەها قووڵی دەریاکان بەو ئەندازەی کە ئێستا هەن، ئەگەر لەو ئەندازەیە قووڵتر بوونایە هەوای دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسژین لەسەر زوەویدا نەئەما و هەموویان هەڵدەمژی، و ئەوکاتە هەموو رووەك و گیاندارێك تیا دەچوو..

توێکڵی زەوی وا دروستکراوە تا لەگەڵ بەرژەوەندی ئادەمزادا بگونجێ، چونکە هەروەك دەزانن مرۆڤ بێئۆکسجین ناتوانێ بژی، جا ئەگەر توێکڵی زەوی (10)دە پێ لەم حاڵەی ئێستای قەبارەدار تربوایە ئۆکسژین لەهەوادا نەئەماو توێکڵی زەوی هەمووی هەڵدەمژی..

هەروەها پەردەی هەوایی: ئەگەر قەوارەکەی لەو ئەندازەی ئێستای کەمتر بوایە هەموو رۆژێك بەهۆی نیازکەوە سەرزەوی دەسووتا، چونکە ئەونیازکانەی کە لەماوەی چرکەیەکدا چل میل دەبڕن، لە تیژیا دەبنە ئاگر، خۆ ئەگەرئەو پەردە هەواییە نەبوایە سەرزەوی دەبووە خۆڵەمێش، کەوابوو قەوارەی دیاریکراوی ئەو هەوایەی بەدەوری زەویدا هەیە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە، تا بتوانێ لەسەر زەویدا بژی..

هەروەها دووری نێوان مانگ و زەوی بەم ئەندازەی کە دیاریکراوە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێ بژی، چونکە ئەگەر مانگ دوو ئەوەندەی ئێستا دوور بوایە لا گوێلێ ئاوی شیرینمان دەست نەدەکەوت، و ئەگەر نیو ئەوەندەی ئێستای دوور بوایە هەموو سەرزەوی دەبوە ئاو و کەمێك وشکاییمان لەم سەر زەوییەدا دەست نەدەکەوت.. کەوابوو دانانی مانگ لەو شوێنە دیاریکراوەی خۆیا لەبەر گوزەرانی ئادەمزادە..

جا کوڕی خۆم! ئەگەر مرۆڤ بەم جۆرە سەیری بوونەوەر بکات و بەم شێوەیە لێی حاڵی ببێ، ئایا بەباشی تێ ناگات کە خۆی بەشێکە لەم بوونەوەرە، و هەموو پارچەیەکی ئەم بوونەوەرە پەیوەندی بەژیانی ئەمەوە هەیە، و لەبەر بوونی ئەمیش دروستکراون؟!

ئینجا مامۆستا ماوەیەك بێدەنگ بوو، وەك ئەوە بییەوێ هەندێ پشوو بدات، لەوە دەچوو ماندوو بووبێت، ئێمەش بێدەنگیەکەیمان لا ناخۆش بوو، چونکە قسەکانی مامۆستا زیاتر بەرەولای خۆی رای ئەکێشاین، و لەدڵمانا جێگیر دەبوو.. ئێمە ئەو راستەقینە زانیاریانەمان دەزانی، و پێشتر لە قوتابخانە خوێندبوومانن، بەلاَم بەشێوەیەکی وشك و بێگیان، سەرنج راکێش ئەوەبوو کە مامۆستا لەقاڵبێکی نایاب و پاراودا پێشکەشی کردین، و ئەوەی کە ئێمە نەمان دەزانی پەیوەندی نێوان ئادەمزاد و بوونەوەر بوو.

زۆری پێنەچوو مامۆستا کەوتەوە قسەکردن و گوتی: ئێستا بۆتان روون بووەوە کە ئەم واقیعە چەند لەتەك سروشتی کۆمەلاَیەتی ئادەمزادا گونجاوە، و نایەوێ دوورە پەرێزو گۆشەگیرببێ.. ئەوەش بزانن ئەم غەریزانە: غەریزەی باوەڕ بەنادیار(غەیب) و یەکیەتی رواڵەتەکانی بوونەوەر، بێمەبەست دروست نەکراون، چونکە پاڵ بەمرۆڤەوە ئەنێن بۆ گەڕان بەشوێن راستەقینەدا..

بۆ نموونە: غەریزەی باوەڕ بەنادیار(غەیب) پاڵ بەئادەمزادەوە ئەنێ تابزانێ لەودیو پەردەی نادیارەوە چی هەیە؟

غـەریزەی هەسـتکردن بەیەکیـەتی ڕواڵەتـەکانی بوونـەوەر مـرۆڤ بـۆ واز هێنـان لەتەنیایی و گۆشەگیری هان دەدات، تا هەست بە پەیوەنـدی نـەپچڕاوی خـۆی لەتـەك تەواوی ئەم بوونەوەرەدا بکات..

کـاتێ ئـادەمزاد ئەمـەی زانـی کـە هـەموو شـتێ لـەم بوونـەوەرەدا لەبـەرخاتری ئـەم دانراوەو دروست کراوە ، ئایا جێی خۆی نییە هەوڵبدات ئـەو کەسـە بناسـێ کـە ئـەم هەموو ڕێزەی لێگرتووە، ئایا جێی خۆی نییە کـە بزانـێ هـۆی چیـە وا ئـەم هـەموو ڕێزەی لێگیراوە و بەرێزەوە سەیر کراوە؟ تا سوپاسگوزاری بکات؟

هەروەها هەستکردن بە یەکیەتی ڕواڵەتـەکانی بوونـەوەر پاڵنـەرە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو یاسایانەی کە ئەو پەیوەندییەیان لەسەر دامەزراوە، جا کـاتێ گونجـاوی و ڕێکـوپێکی ئەو یاسایانەی بۆ دەرکەوت، هەڵوێستەیەك دەکات و دەپرسێ: ما دام ئـەم بوونـەوەرە پان و پۆڕە هەر لەوردیلەیەکەوە تا هەسارەیەك وتـا گـەورەترین میجـەڕە ملکـەچی یاسایەکی ڕێکخراوە و ئاڵوگۆڕی بەسەرا نایـەت، ئایـا دەگـونجێ ئـادەمزاد یاسـایەکی ئاوەهـا ڕێکـوپێکی بـۆ دانــەنرابێ، خـۆ ئــادەمزاد مــەزنترین و بــەڕێزترینی ئــەم دروستکراوانەی ترە؟

کاتێ بیرکردنەوەی گەیشتە ئـەم ئاسـتە، گوتمـان ئـەم پرسـیارە دەکـات.. بـەڵام ئـەو یاسایە چ یاسایەکە بۆ ئادەمزاد بگونجێ؟

بائێستا لێتان بپرسم: ئەوکتێبانەی پێمدان خوێندتانەوە؟

ئێمەش بە یەکدەنگ گوتمان: بەڵێ..بەتەواوی خوێندمانەوە..

ئینجا کتێبێکـی پێـداین و گـوتی: ئـەم کتێبـە بخوێننـەوە، چونکـە بـەدرێژی باسـی ئـەو بابەتانە دەکات کە من بەکورتی بـۆم باسـکردن.. کتێبەکـەش نـاوی (قضـية الألوهيـة) بوو..

مامۆستا پاش کەمێك بێدەنگی گوتی: کوڕی خۆم! ئـەو ئاینـەی لەتـەك بیـرو هۆشـی ئادەمزادا بگونجێ و دوژمنی ژیری وبییر نـەبێ - هەرچەند زانیاری لە پێشـکەوتن و گەشەکردنی بەردەوامدا بێت – ئـەوە تـەنیا ئـاینی ئیسـلامە، چونکـە ڕێـزی ژیریـی و بیرکردنەوە دەگرێت، بۆ پشـتیوانی ئـەم قسـەیەو سـەلماندنی ئـەم بۆچوونـە دەتـوانین چەند خاڵێك باس بکەین..

لەم کاتەدا مامۆستا کۆکەیەکی بۆ هات و گـەرووی گیـرا، دیتم دەیـەوێ لـە قسـەکانیا بەردەوام بێ، زۆر بەزەییم پیاهاتەوە بۆیە گوتم: مامۆسـتا! تکـات لێدەکـەم پشـووبدە..

بەتەواویماندووبوویت، خۆت نەخۆشی و ئێمەش ئەوەندەتر ماندوومان کردیت، ئێمە چاوەڕوانی دەکەین تا بەتەواوی چاك دەبیتەوە..

مامۆستا بە بزەیەکەوە گوتی: تۆ ماوەیەك لەمەوبەر زۆر بەپەلە بوویت!!

گوتم: بەڵێ، راستە من پەلەم بوو، ئێستاش هەر پەلەمە، بەلاَم ئەم نەخۆشییەی تۆ پەلەی لەبیر بردمەوە..

گوتی: سوپاستان دەکەم، نارەحەت مەبن، ئەم نەخۆشییەی من سەرماو ئەلاَمەتە، لەوانەیە چەند رۆژێك بخایەنێ.. جا نازانم کاتی دانیشتنی داهاتووتان چۆن بۆ دیاری بکەم؟

گوتم: من چەند رۆژێکی تر سەرت لێ دەدەم، تا بزانم وەزعت چۆنە؟

گوتی: کەوابوو ئەوکاتە دانیشتنی داهاتوو دیاری دەکەین..

گوتم: باشە بۆ ئەم چەند رۆژەش ئەم کتێبەمان لایە سوودی لێوەردەگرین..

ئیتر ماڵئاواییمان کرد و هاتینە دەرەوە..

# # #

# 6

زووگەڕامەوە بۆ ماڵ، چونكە سۆزان نیازی وابوو لەگەڵ یەكێك لە كچەكانی هاوڕێیدا بۆ لای بەرگدروو بڕوات، منیش ویستم ئەوكاتەم بەفیڕۆ نەدەم، و خۆم بەخوێندنەوەی كتێبەكەوە خەریك بكەم، لەراستیدا كتێبەكە زۆر سەرنج راكێش بوو، بەتەواوی هەستمەوە لەتەكیا ئەژیام و تێكەڵ بەواتاكانی ببووم، ئەو شوێنەی زۆر گرنگ بوایە لە دەفتەرێكا ئەمنوسیەوە، هەندێكی تریشم لە تەسجیلەكەدا تۆمار دەكرد..

لە دەوروبەری سەعات دەی شەوا دەنگی زەنگی دەركە هات، زۆرم پێسەیر بوو!! بەم شەوە درەنگە كێ بۆلای من دێت؟! خۆ هیچ هاوەڵیكیشم گفتی نەداوە ئەم شەو بۆلام بێت، ئەو كیژانەش ئەمناسین پاش ناسینی سۆزان وازم لە هەموویان هێنا..

گوتم: لەوانەیە برادەرێكی مشەخۆر(متطفل) بێ، ئەوانەی هەر لەخۆوە و بێمەبەست خۆیان لەكاروباری خەڵكیدا هەڵدەقوڵتێنن.. زۆرم پێناخۆش بوو زنجیرەی بیرم پچڕپچڕبێ، كە رۆیشتم دەركەكە بكەمەوە كتێبەكەو تەسجیلە بچكۆلەكەیشم بەدەستەوە گرتبوو، تا ئەوكەسە تێبگات و كاتم بەفیڕۆ نەدات..

كاتێ دەركەم كردەوە دیتم كیژێكی تازە پێگەیشتووە، كە منی دی چەند هەنگاوێك گەڕایە دواوە، وەك ئەوە منی مەبەست نەبووبێ.. ئینجا بەدەنگێكی لەرزۆك و پچڕپچڕەوە گوتی: بـ بـە د دا خـ ە وە، ئەم جارەش دەركەكەم لێتێكچووە!!

گوتم: چ دەركەیەكت ئەوێ؟ بە بڵمەبڵم گوتی: من لەم شارەدا غەریبم، وائێستاش سەرم لێشێواوە! هەندێ خزم و خوێشمان هەن، ناونیشانی ئەم ناوەیان بۆناردووم، كەچی ناونیشانەكە زۆر پێچەوانەیە، ماڵی ئەم گەڕەكەم هەموو پشكنیوە، و ماڵم لێدەرنەكردووە، و دەركەی ماڵی ئێوە دوادەركەی ئەم گەڕەكەیەو بێئەوەی بە ئەنجام بگەم وبیان دۆزمەوە!!

ئەمەی وت و لەناوچاویا نیشانەی ترسێكی زۆر بەدی دەكرا، زۆر بەزەییم پیا هاتەوە، پێم خۆشبوو بەهەرجۆربێ یارمەتی بدەم، پێم وت: ناونیشانەكەم بدەرێ، تا من بەشوێنیا بگەڕێم..

گوتی: ئەوان ناونیشانی ئەم شەقامەو ژمارەی ئەو خانوەی بەرامبەر ئێوەیان بۆ نووسیوم، لەو خانوەشدا تەنیا خێزانێکی غەریبی تیابوو..

ئەم حاڵەم زۆر پێسەیر بوو، بۆیە گوتم: لێرە کەسی تر ناناسیت، تا بتبەم بۆ لایان؟

دەستی بەگریان کرد و گوتی: نەخێر کەس ناناسم، ئەویش کارێکی گرنگم هەبوو، کە پەیوەندی بەوانەوە هەبوو..

ئەوی ڕاستیبێ سەراسیمە ببوم، نەمدەزانی چی بۆبکەم وچی پێبڵێم؟!

بەگریانەوە گوتی: وادیارە تا بەیانی دەبێ بەم شەقامەدا شەو بەسەر بەرم و هاتوچۆ بکەم!!

کەسەرنجم دا دیتم ئەم بەسەزمانە زۆرجوانە و گەنجیشە، منیش پێم ناخۆش بوو بەم شەوە لەدەرەوە بێ وبێئەنجام بسووڕێتەوە.. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە زۆرم پێ زەحمەت بوو بیبەمە ماڵەوە، چونکە تەنیا خۆم لەماڵەکەدام..

ماوەیەك لەدوو دڵیدا بووم، ئینجا بەدڵما هات و گوتم: من لەم خانوەدا تەنیام، هیچی ترم لەدەست نایەت جگە لەوە تۆ ئەم شەو لێرە ئیسراحەت بکەیت، ومنیش لەدەرەوە دەخەوم و تا بەیانی نایەمەوە.. کەمێك هاتەوە سەر خۆی و گوتی: ئەی تۆ بۆ کوێ دەچی؟

گوتم: من گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ ئەمشەو بەدڵنیایی بخەوی..

گوتی: شتی وا قبووڵ ناکەم..

گوتم: نا .. من پیاوم .. لەهەرکوێ بێ دەتوانم بخەوم..

گوتی: بەڕاستی ئەمە پیاوەتییەکی گەورەیە!!

بەدرێژی ئەم ماوەیە ئەو لەبەر دەرکەو من لەناو دەرکەکەدا وەستا بووین.. کە بینیم قایل بووە، پاشەو پاش هاتمە دواوە، تا ئەویش بێتە ژوورەوە..

گوتم: ئەوە دەرکە ئاوەڵایەو فەرموو وەرە ژوورەوە.. منیش تابەیانی نایەمەوە.. لەو کاتەدا بریسکەیەکم بینی، زۆر سەرنجم دا نەم زانی چیبوو؟ بەویشم وت: ئەو تیشکەت بینی لەپشتمانەوە هات؟

گوتی: بەڵێ، لەوانەیە تیشکی لایتی ترومبێل بووبێ..

ئیتر نەمویست زۆر لەسەری بڕۆم.. ئینجا ئەو گوتی: ئەگەر شەو بەتەنیا لێرە بم، من دەترسم!!

گوتم: ئەی چار چییە؟

گوتی: تۆ لەژوورەکەی خۆتا بخەوە ومنیش لەهۆڵەکەدا دەخەوم..

گوتم: نا.. من لەهۆڵەکەدا دەخەوم، و تۆش لەژوورەکەی منا بخەوە..

بردمە ژوورەکەی خۆم و گوتم: ئەوا من قاپییەکە دادەخەم، تا بەیانی لێت ناکەمەوە، بۆ خۆت بەدڵنیایی بخەوە..

گوتی: براگیان! زۆر سوپاست دەکەم، بەداخەوە ناویشت نازانم..

بەساردییەکەوە گوتم: پێویست ناکات ناوم بزانی، یا ناوت بزانم.. ئینجا ڕۆیشتمە هۆڵەکەوە..

لەویادا بییرم کەوتەوە کە ئەم ماوەیە تەسجیلەکەم نەکوژاندۆتەوە، و دوگمەی تۆمارکردنەکەم دانەخستوە، هەر لەخۆوە زۆرم پێخۆش بوو، چونکە هەموو قسەکانمانی تۆمار کردبوو، شریتەکەم خەریك بوو تەواو دەبوو، کوژاندمەوەو ڕاکشام بۆ نوستن..

پاشان بییرم کەوتەوە تەلەفونەکەم لەژوورەکەی خۆمدایەو ئەگەر یەکێ تەلەفونم بۆ بکات، ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.. ئینجا خۆم بەخۆمم دەوت: جاکێ بەم نیوەشەوە تەلەفون بۆمن دەکات؟!

بەیانی سەعات حەوت لەخەو هەستام، ئەویش خۆی پێچابوەوە، و دەیویست بچێتە دەرەوە، وەك ئەوە چاوەڕوانی من بووبێت..

ئینجا گوتی: نازانم بەچ زمانێ سوپاست بکەم؟ براگیان! دەمەوێ بڕۆم، بەڵام تکات لێ دەکەم لای کەس ناوم مەبە و باسم مەکە، نەوەك تووشی گۆبەندێ ببم!!

بەپیکەنینێکەوە گوتم: بۆچ ناوت دەزانم تا باست بکەم؟!

گوتی: ئا.. خۆ ڕاست دەکەیت.. ناوم نازانی.. ناوم (سۆسەن)ە..

بێ بایەخدان گوتم: باشە بەخیرَچی.. ئیتر خوا حافیزی کرد و ڕۆیشت..

کاتێ رۆیشتمە ژوورەکەی خۆم سەرسام بووم، دەبینم قنگە جگەرەی رۆژمان کەوتووە!! نەخێر وێنەکەی سۆزان دەستکاری کراوە!! بزەیەك گرتمی و گوتم: باش بوو ئەم وێنەیەشی بینیوە، چونکە تێگەیشتووە کە من خاوەنی ئەم وێنەیە بم، دڵم بۆ ئەو وێنەی ئەو لێنادات.. کەرۆیشتمە گەرماوەکەوە، دەبینم دەرکەی حەمام کراوەتەوە، زۆر سەرم لەم جموجووڵ و گەشت وگەڕانەی سووڕمابوو!!

گوتم: نەخێر حەزی کردوە زیاتر لەبارەی منەوە شارەزابێ..

ئیتر خۆم کۆکردەوەو بەرەو زانکۆ کەوتمە رێ، لەباخچەکەی زانکۆدا سۆزان لەگۆشەیەکەوە بەتەنیا وەستا بوو.. وەك باوی هەموو بەیانییەکی خۆم بەرەو رووی رۆیشتم.. ئەوی بەلای منەوە چاوەڕوان نەکراوبوو بەیانیی باشم لێکرد لەژێر لچەوە وەلأمی دایەوە!! دەستم برد تەوقەی لەتەکا بکەم، بەلأم دەستی نەدامێ!!

پرسیم: سۆزان! ئەوە چیتە؟! بێدەنگ بوو وەلأمی نەدامەوە!!

گوتم: لەوانەیە ماندووبوو‌بیت و شەو درەنگ خەوتبیت؟

بە پەژارەیەکی زۆرەوە سەرنجێکی دام، و گوتی: تۆ ئەمشەو تادرەنگێ خەریکی خوێندنەوە بوویت؟

ئەوی راستی بێ لەبارەی دوێنێوە هیچم لەیاد نەمابوو.. ماوەیەك دوودڵ بووم لەوەلأمەکەو ئینجا گوتم: نەخێر، تا بەیانی نووستوم.. بەداخ وخەفەتێکەوە گوتی: بێگومانم، خەوەکەیشت خۆش بووە؟! ئێنجا ئەوەم بییرکەوتەوە ئەم شەو لە هۆڵەکەدا خەوتووم، خۆ بەڵێنیشم داوە ناتوانم هیچی بۆ باس بکەم!!

بۆیە بە پچر پچرێکەوە گوتم: نەوەڵلا، خەوەکەم خۆش نەبوو..

جارێکی تر سەرنجێکی دام و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: هیوادارم لەداهاتوودا بەئارامی و بە رەحەتیی بخەویت!!

ئەمەی وت و پشتی تێکردم و بەرەو پۆل کەوتە رێ..

منیش بەتەنیشت سۆزانەوە ئەڕۆیشتم و بییرم لەقسەکانی دەکردەوە، دەبێ مەبەستی چیبێ؟ بۆچ وا گۆڕاوە؟ تا رۆیشتینە ناو پۆلەکەش ئاوڕێکی لێ نەدامەوە.. وەك ئەوە کەسی هەر لەتەکا نەبێ..

دەماودەمی نیوەڕۆ لەزانکۆ رۆیشتینە دەرەوە، پێم وت: ئێوارە دەتوانم بت بینم؟

گوتی: کارم هەیە و نـام پـەرژێ.. ئـاگری بەردایـە دڵ ودەروونـم و بـەجێی هێشـتم.. باوەڕتان هەبێ ئەوشەوە لە خەفەتا خەوم لێنەکەوت..و وەك ژار خواردوو هەر تـەپ و تلم بوو..

ڕۆژی داهاتوو ڕۆیشتم بۆ زانکۆ بەلاَم سۆزانم نەبینی.. حاڵی بووم کە نەهاتووە.. ئەو ڕۆژەش زۆر سەخڵەت بووم.. پاش نیوەڕۆکەی تەلەفونم بۆ کـرد، بەرپرسـی خـەوگا کەیان وەلاَمی دامەوە، داوام لێکرد بەیارمەتی خۆی سۆزانم بۆ بانگ بکات.. ئـەویش ڕۆیشـت بەشـوێنیا، بـەلاَم زۆری پێنـەچوو هاتـەوە و گـوتی: سـۆزان دەڵـێ: دەسـتم ناپەرژێ!!

گوتم: نەخۆشە؟!

گوتی: نە.. نەخۆش نییەو تەلەفونەکەی داخست..

سەراسـیمەبووم.. بڕیـارم دا ئێـوارە سـەری لێبـدەم.. دەقیقـەو سـەعاتم ئـەژمارد و چاوەڕوانی عەسر بووم، دەقیقەم بەسەعات وسـەعاتم بەهەفتـە لێئەرۆشـت تـا عەسـر هات.. ئەوسا ڕۆیشتم بۆلای و داوام کرد بۆم بانگ بکـەن.. پـاش ماوەیـەك نێراوەکـە هاتەوەو گوتی: دەستی گیراوەو ناپەرژێ بێت.!!

ئەم وەلاَمە ئەوەندەی تر هێزی ئەژنۆی شکاندم.. دووبارە پرسـیارم لێکـردەوە، گـوتم: نەخۆشە؟

گوتی: نەخێر، هیچ نەخۆشیەکی نییە..

نـەمتوانی بـەو ئاسـانییە دەسـتبەرداری بـبم.. بۆیـە دەسـتەو دامێنـی بـەر پرسـی خەوگاکەیان بووم و گوتم: تکات لێدەکەم بەڵکو پێی بڵێیت کارێکی زۆر گرنگم پێیەتی و کارەکەش پەلەیە.. خوا هەڵناگرێ ڕۆیشت.. منیش چاوەڕوانیم دەکرد، وەك لەسـەر پشکۆ وەستا بم ئاوەهابوو.. کە گەڕایەوە گوتی: ئەڵێ: دەسـتم گیـراوەو نـاتوانم ئێسـتا ببینم !!

گوتم: ناکرێ خۆم بڕۆم بەسەر پێوە سەرێکی لێبدەم؟

بە تووڕەییەکەوە گوتی: تۆ بڕۆی بۆ لای؟! بڕۆ بابـە بـڕۆ .. گۆبەنـدێکمان بـۆ سـاز مەکە.. هیچم لەدەست نەهات ئەوەنەبێ بە کلۆڵی وخەم وپەژارەیەکی زۆرەوە بـەرەو شوێنی خۆم بگەڕێمەوە..

# # #

# 7

شەو گارم لا درێژ ببوو، خەو لەچاوەکانم تۆرابو، لەناو جێگەکەمدا هەر تەپاو تلم بوو، وەك کۆتری هاقوو ناڵە ناڵم بوو، ئاخر چۆن خەوم لێدەکەوێ؟ بێ ئەوەی بزانم: بۆچ خۆشەویستەکەم لێم تۆراوە؟!

هەرچۆن بوو ئەوشەوەشم لێڕۆیشت، بەیانی بەرەو زانکۆ کەوتمە رێ، بەو هیوایەی بەیار بگەم، دیتم لەناو قوتابیە کچەکاندا وەستاوە، بەلاَم رەنگی هەڵپڕوکاوە، ویستم بڕۆم بۆلای و سلاَوێکی لێبکەم، دەترسام وەلاَمم نەداتەوە و تەریق ببمەوە، بۆیە چاوەڕوانیم کرد، تا دیتم بەتەنیا بەرەو سێبەری دارێك ئەڕۆیشت، منیش بەدوایا رۆیشتم، بەدەنگێکی پچڕپچڕ بانگم کرد: سۆزان! سۆزان! وەك ئەوە بیەوێ ئاوڕ بداتەوە بەلاَم خۆی دەگرت و لای نەدەکردەوە!!

ئینجا پێی هەڵگرت، منیش پێم هەڵگرت، تا پێی گەیشتم و گوتم: سۆزانی خۆشەویست! سۆزان گیان! بۆچ لێم زویری؟! بۆچ؟

بەقووڵی سەرنجێکی سەرزەنشت ئامێزی دام و سەرێکی بادا، و هەناسەیەکی ساردیشی هەڵکێشاو گوتی: لێت زویرم!!

ئیتر وەختبوو گیانم دەرچێ، چونکە هەمووشتێکم چاوەڕوان دەکرد، بەلاَم هەرگیز بەخەیاڵما نەدەهات رۆژێ لەرۆژان سۆزانم لێ زویرببێ. هەموو گیانم ئەلەرزی، نەم دەزانی چۆن وەلاَمی بدەمەوە؟!

پاش ماوەیەك چاوێکی پیا خشاندم کە پڕبوو لەسەرزەنشت، ئینجا بەجێی هێشتم.. ئەمویست بۆ خۆم بگریم بەلاَم فرمێسکیشم لێتۆرابوو!! سەیری خۆمم دەکرد توانای ئەوەم نەبوو هیچ لەدەرسەکان حاڵی ببم، بۆیە ناچار زانکۆم بەجێهێشت وبەرەوماڵ گەڕامەوە..

لەماڵەوە بۆی داچووم، دەستم بە بیرکردنەوە کرد، دەی دەی بیبیرم کردەوە، دەبێ من چ قسەیەکم کردبێ؟ چ کارێکم کردبێ و بووبێتە هۆی زیزبوونی؟

ئەوەشم بەدوور دەزانی و لەدڵی خۆما ئەموت: خۆ سۆزان ئاگای لەوە نییە، وئەو مەسەلەیەش نازانێ.. هەندێ راڕاییم بۆ پەیدا بوو، هەندێ جار ئەموت: من بۆی باس بکەم باشە، دواتر پەشیمان دەبوومەوە و ئەموت: ئاخر من بەڵێنم بەسۆسەن داوە باسی نەکەم!! لەبەر خۆیشمەوە ئەموت: باشە خۆ سۆزان خۆی دەزانێ من لەوزیاتر

کەسێکم خۆش ناوێ.. ئەگەر لەبەر مانەوەی ئەوشەوەی سۆزان بوایە پێش ئەوەی دەست بداتە ئەم شۆڕشی تووڕەبوونەی پێی دەگوتم، و باسی دەکرد!!

بەڵێ ئەوشەوەیشم بردەسەر، بەلاَم چ شەوێك؟! پێڵووی چاوەکانم لەیەك توڕابوون، نزیکی یەکتر نە دەکەوتنەوە، برژانگەکانم یاساوڵ بون نەیان دەهێشت خەو نزیکی چاوم بکەوێ، ئەوشەوە میشکم هەزاران میوانی بیرکردنەوەی هەبوو، بەڵێ ئەوشەوە لەتەك ئاخ وداخ وخەفەتا دەست لەملان بووم، وبەجێیان نەدەهێشتم..

بەیانی خۆم پێچایەوەو لە جاران زووتر ڕۆیشتم، بەڵکو بەڵکوو لەراڕەوی کۆلیجەکەماندا ببینم!! هەرچەند چاوەڕوانیم کرد بێسوود بوو، چونکە ئەو ڕۆژە نەهات.. منیش دەرسم بۆ نەخوێنرا و گەڕامەوە.. بەلاَم نەمدەزانی چیبکەم، و بۆ کوێ بچم؟ بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم، بەشەقامەکاندا ملی ڕێم گرتبوەبەر و دەسووڕامەوە.. ناکاو ئەوەم بیرکەوتەوە کە مامۆستا ئاینییەکەمان نەخۆشە، و منیش بڕیارم دابوو سەری لێبدەم، باش وایە بۆ لای ئەو بڕۆم..

بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کەمێ دەروونم ئاسوودە ببێ، و دڵم تروسکاییەکی تێبکەوێت.. بەڵێ، هەروام کرد و بەرەو ماڵی ئەوان کەوتمە ڕێ.. لەبەرقاپیدا هەڵوەستەیەکم کرد و ویستم کەمێ دەست بەخۆما بێنم تا شوێنەواری خەم و خەفەتم پێوە دیارنەبێ..

دام لەدەرکە، ئەو مناڵە بچکۆلەی یەکەمجار قاپی بۆ کردینەوە هەر ئەو بۆی کردمەوە.. پرسیارم لێکرد : حاڵی مامۆستا چۆنە؟

لەوەلاَمدا گوتی: سوپاس بۆ خوا زۆر باشە.. دەتەوێ بیبینی؟

منداڵەکە سەرنجێکی پاکی دام وگوتی: ئەوە بۆ ئەمجارە پێکەوە نەبوون، و جیا جیا هاتن؟

لەسەرەتاوە لێی حاڵی نەبووم بۆیە گوتم: بچکۆل گیان! مەبەستت چییە؟

بەشەرمێکەوە گوتی: مەبەستم ئەوەیە بۆچ وەك جاران پێکەوە نەهاتن؟

ئینجا حاڵی بووم گوتم: ئازیزەکەم! ئاخر ئەو نەخۆش بوو ..

گوتی: نەخۆش؟!خۆ ماوەیەك لەمەوپێش هات هەواڵی باوکمی پرسی ورۆیشت!!

بەخۆمم وت: لێرەشا پێشم کەوت.. وا دیارە ئەو لەمن زیاتر هۆگری قسەکانی مامۆستا بووە..

که رۆیشتمه ژوورەوه تەندروستی مامۆستا باش بـوو، هەرچەنـد هێشـتا شـوێنەواری تای پێوه دیاربوو.. مامۆستا بەقسه خۆشەکانی هەندێ ئاورشێنی دڵمی کـرد و کـەمێ ئاسوودەبووم، زۆرم پێخۆشبوو گرێ کوێرەی دڵمی بخەمه بەردەسـت، بـەڵام شـەرم نەیهێشت..

چاوەڕوان بووم لەبارەی سۆزانەوه شتێکم بۆ باس بکات، لەو بـارەوه هیچـی نـەوت، ویسـتم بەمانـەوەی مـن مامۆسـتا نارەحـەت نـەبێت، چونکـه هێشـتا بەتـەواوی چـاك نەبووبوەوه پێویستی بەئیسراحەت هەبوو، بۆیه نەمویست زیاتر دابنیشم.. بەڵام پـێش ئەوەی هەستم داوام لەمامۆستا کرد ئەگەر بتوانێ کاتی دانیشتنمان بۆ دیاری بکات..

لەرواڵەتی مامۆسـتادا هەنـدێ گومـانی ئاوێتـه بەسـەر سـامییەوه بـەدی دەکـرا، بـەس هیچـی نەدرکانـد، و گـوتی: سـبەی ئێـواره سـەعات چـوار – بەپشـتیوانی خـوا - دائەنیشین..

منـیش سوپاسـم کـرد و هاتمـه دەرەوه بـەرەوماڵ کەوتمـه رێ.. لەماڵـەوه دووجـار تەلەفونم بۆ سۆزان کرد بەڵام وەڵام نەبوو، ئەمویست هەواڵی بدەمێ که سبەی ئێواره دانیشتنمان دەبێ، بەڵکو بێت وبەلای کەمەوه لەوێ ببینم!!

کاتێ هیوا بڕاو بووم که وەڵام نییه، رەشبینی رووی تێکـردم و هەنـدێ قسـەم کـرد.. ئینجـا ئـەموت: ئـەی خوایـە! چیبکـەم؟ خوایـە! فریـام بکـەوه! خوایـه دەرووی خێـرم لێبکەیتـەوەو لـەم گۆڵـەزه رزگـارم بکـەیت.. ئالـەویادا قسـەکانی مامۆسـتام خێـرا بیرکەوتەوه که دەیگوت: باوەڕ بەخوا لەگەڵ سروشتی مرۆڤـا تێکەڵـه ، ئەوەتـه مـن لەوەپێش نەمدەزانی خوایەك هەیەو دەبێ بپەرسترێ، وائێستا لـەم تەنگانەیـەدا پـەنای پـێ دەبـەم و بـێ بیرکردنـەوه لێـی دەپاڕێمـەوه.. بـەڵێ، لێـرەدا راسـتیەتی قسـەکەی مامۆستام بۆ دەرکـەوت.. کـه لـەکاتی تەنگانـەدا سروشـتی ئـادەمزاد بـێ پـەروا پـەنا بەخوا دەبات..

ئەم یاد کەوتنەوەیه پاڵی پێوەنام بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبـەی مامۆسـتا دابـووینێ زۆر لەخۆم بکەم.. بەڵکو هەندێ خەم و پەژارەم کەم ببێتەوه، لـەبیاتی ئـەوەی بیـر لـەخۆم بکەمەوه با بیر له کتێبەکه بکەمەوه..

بەڵێ، دەستم دایه کتێبەکەو ویستم بیخوێنمەوه بەڵام ناوچاوی مۆن وخەمباری سۆزان لـەناو وشـەکانەوه دەردەکـەوت وبـەرەو خـۆی رای ئەکێشـام!! سـەرنجدانه پـڕ سەرزەنشتیەکەی دەبوه تابلۆیەك و دەهاته پێشچاوم و نەیدەهێشت دێڕێك لـه کتێبەکـه ببینم و بیخوێنمەوه!!

هەستم دەكرد جلەوی هەموو قەوارەی لەشی من بەدەست ئەوەوەیە، و بەسەر هەموو هەست و هۆش وبیرما زاڵ بووە.. پێم ناخۆش بوو شتێك بخوێنمەوەو لێی حاڵی نەبم، لەبەر ئەوە كتێبەكەم پێوەدا و دامنایەوە.. بەلاَم ئەوەهات بەخەیاڵما كە چەند دێڕێك بنووسم و سبەینێ بەیانی بۆ سۆزانی بنێرم..

بەڵێ، قەلەمەكەم هەڵگرت و نامەیەكم بۆ رازاندەوە و بەم چەند دێڕە كۆتاییم پێهێنا:

خۆزیا تۆ شیرین دەبووی و چش ژیانم لێ تاڵ دەبوو.. كاش تۆم لێ رازی بوایە، چش هەمووكەس لێم زویر دەبوو!! بریا ئێمە نێوانمان ئاوەدان بوایە، چش نیوان من و هەموو دنیا وێران دەبوو!!

بەنووسینی ئەم چەند دێڕە دڵئاسودە بووم، چونكە وامدەزانی لای سۆزان شفاعەتم بۆ دەكەن، و گەردو تۆزی سەر ئاوێنەكەی دڵی را دەماڵن.. ئیتر سەرم كردە سەر سەرین، خەوم لێكەوت ، بەلاَم خەوێكی پچڕ پچڕ..

بەیانی بەرەو زانكۆ رێكەگوتم بەو هیوایەی لەنزیكترین كاتا نامەكەی پێ بدەم.. كاتێ گەیشتم دیتم لە تەك پۆلێ كیژی هاوەڵیایەو پیاسە دەكات..

بەكیژێكا نامەكەم بۆ نارد، بەلاَم زۆری پێنەچوو نامەكەم بۆ هاتەوە و گوتی: ئەوە نامەكەت وەری نەگرت !

گوتم: بیگومان زانیویەتی نامەی منە بۆیە وەری نەگرتووە.. سەیر ئەوە بوو رقم لێی نە دەبوەوە، و كینەم بەرامبەری نەبوو.. چونكە بڕوام وابوو پاڵنەرێك بۆ ئەم هەڵوێستە نا هەموارانەی هەیە.. بەلاَم ئەوەی منی سەراسیمە كردبوو نەمدەزانی پاڵنەرەكە چییە؟!

ئەو رۆژە نیوەڕۆكەی نەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ و بۆ عەسر بەرەو ماڵی مامۆستا رۆیشتم، كەچی دیتم سۆزان لەبەردەركەی ماڵ مامۆستادایەو هێشتا نەڕۆیشتۆتە ژوورەوە، بەتەمابووە لەدەركە بدا، تمەز ئەویش وەك من داوای دیاریكردنی كاتی لەمامۆستا كردووە ..

سلاَوم لێكرد بەسارد و سڕییەكەوە وەلاَمی دامەوە.. بەلاَم چ سۆزانێك؟! زەرد هەڵگەڕاو، لێو بەبار، رواڵەتێكی ماتی خەفەتبار، واپێدەچوو چاوەكانیشی خەویان لێتۆرابووبێ..

گوتم: سۆزان! ئەمە تۆی یا خەو دەبینم؟ سەری دانەواند و وەلاَمی نەدامەوە.. ئینجا گوتم: باشە ئەم خانووەش كەمەند كێشی كردووین و بەرەو رزگاریمان دەبات..

سەرنجێکی قووڵی دام کەپڕبوو لە گلەیی و سەرکۆنە، ئینا بە بەدەنگێکی پڕ لەداخ وخەفەتەوە گوتی: فەرەیدوون! هەرچەند سروشتی ئەو کەمەندەی بەرەو ئەم خانوە رامان ئەکێشێ یەکێکە، بەلاَم بەڵگەی یەکبوونی هەردووکمان نییە..

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و گوتم: سۆزان! بەزەییت پیاما بێتەوە، ئاخر تۆ کاکڵەو ناوەرۆکی ژیانمی، بێتۆ ناتوانم بژیم، من هەرگیز بەوە قایل نابم من و تۆ دووان بین، بەڵکو هەر یەکێکین..ئیتر چۆن دڵت دێ قسەی وا بکەیت؟! سەری باداو گوتی: من بڵێم یان نە، ئەمە واقیعێکە و هەردوکمانی تیا ئەژین، و پێویستە تیایشیا بژین..

دەستەو دامێنی بووم و گوتم: بۆ چ؟ سۆزان گیان! بۆچ؟ ئاخر چ تاوانێکم کردووە؟ من هیچ پێنازانم، تکات لێدەکەم بێ پەردە پێم بڵێ ، بۆچ لێم دڵگرانی؟

وەك باوی خۆی سەرنجێکی دام و گوتی: ئاخر تۆ ناتەوێ هیچ بزانیت!!

گوتم: بەپێچەوانەوە، دەمەوێ هەموو شتێك لەتۆوە ببیستم، و بزانم و بۆم روون ببێتەوە..

دووبارە سەری باداو گوتی: ئێستا کاتی ئەوقسانە نییە، سەعات چوار دەبێ لای مامۆستا ئامادەبم..

گوتم: منیش دەبێ لەهەمان کاتا ئامادەبم..

گوتی: کەوابوو با گۆبەندی کەسایەتی و نێوان خۆمان وەلانێین، تا بتوانیین لەقسەکانی مامۆستا سوود وەربگرین.. ئینجا دای لەدەرکە، و زۆری نەخایاند بۆیان کردینەوە و رۆیشتینە ژوورەوە..

# # #

# 8

پاش ئەوە کە دانیشتین مامۆستا گوتی: هیوادارم کاتێکی خۆشتان لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکەدا بەسەر بردبێ!!

من هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، چونکە نەمتوانیبوو بەتەواوی بیخوێنمەوە! ئەوی زیاتر شەرمەزاری کردم ئەوەبوو: سۆزان راستەوخۆ وەڵامی مامۆستای دایەوە و گوتی: من زۆر سوودم لێوەرگرت، وئەگەر لەشوێنێکیشدا حاڵی نەبووبم وەك تێبینییەك نووسیومەتەوە، نەك هەر لەم کتێبەدا بەڵکو لە کتێبەکەی پێشووشدا وامکردووە.. ئەمەی گوت و دەفتەرێکی پچکۆلەی لەبەردەم مامۆستا دانا..

مامۆستا بەم کارەی سۆزان گەش بووەوە و گوتی: پشت بەخوا لە دەرفەتێکا تەماشای دەکەم.. ئینجا بەلای منا لای کردەوە و چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد، بەڵام لە لەلاپەڕەی رواڵەتما وەڵامەکەی خوێندەوە، بۆیە لێی دووبارە نەکردمەوە..

پاشان گوتی: با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان.. گوتمان: ئاین یەکێکە لە پێویستییەکانی سروشتی ئادەمزاد.. ئەو ئاینەش کەلەگەڵ سروشتا بگونجێ تەنیا ئیسلامە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەکمان هێنایەوە، وەك باوەڕ بەنادیار ویەکیەتی رواڵەتەکانی بوونەوەر..

گوتمان: مەرجێکی تر بۆ ئاینی گونجاو ئەوەیە دوژمنی ژیری و بیرکردنەوە نەبێ.. چونکە هەڵبژاردن و وەرگرتنی ئاین دەبێ بەگوێرەی ویست و ئارەزووی مرۆڤ بێ.. خۆ ئەگەر بیرو ژیری نەخرایە کار ویست و ئارەزوو دەورێکیان نامێنێ، و سەپاندن دێتە کایەوە.. قورئانیش ئەفەرموێ: " لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ "واتە: زۆرکردن لەئاینا نییە، و بەزۆر ناسەپێنرێ.. چونکە ئاین بریتییە لە بیروباوەڕ، بیروباوڕیش هەڵقولاوی دڵ ودەروونە، دەی ئەگەر یکێك بە زۆر ئاینێك وەربگرێ ئایا مانای وایە باوەڕی پێی هەیە؟!

ئێمەش گوتمان: نەخێر..

مامۆستا گوتی: کاتێ مرۆڤ ماوەی پێبدرێ، حەتمەن ئاینێك هەڵدەبژێرێ کە بەقەناعەتی خۆی باشترین و تەواوترین ئاین بێ.. بەلاَم ناسینی تەواوترین، و هەڵبژاردنی باشترین، و دۆزینەوەی راستەقینە پەیوەندییەکی پتەویان بە ئاستی پێگەیشتن وتێگەیشتن و هۆشیاری مرۆڤەوە هەیە..

ئێستا ئێوەش پێگەیشتوون و پلەی تێگەیشتن و هۆشیاریتان باشە، باپێکەوە سەرێك لەئایەتەکانی قورئان بدەین، بزانین تا چ ئەندازەیەك مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی ژیری و بیرکردنەوە هان دەدات؟! ئەو کاتە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئاینی ئیسلام لەتەك ژیریدا چەند دەست لەملانن؟

لەئایەتی(198)ی سوورەتی(ئالی عیمران)دا خوا ئەفەرموێ: إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لأُولِي الألْبَابِ "واتە: بێگومان لەدروستکردنی ئاسمانان وزەوی و جیاوازی نێوان شەو ورۆژدا چەندەها بەڵگە بۆ ئەوانە هەیە کەخاوەن دڵ و هۆشن..

وە لەئایەتی(17-19)ی سوورەتی(ئەلغاشیە)دا ئەفەرموێ: أَفَلا يَنْظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (17) وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (18) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ؟ " واتە: بۆ وردنابنەوە لە وشتر چۆن دروستکراوە؟ بۆ تواشای ئاسمان ناکەن چۆن بەرزکراوەتەوە؟ بۆسەیری کێوەکان ناکەن چۆن دانراون؟

وە لەئایەتی(26)ی سوورەتی(موحەممەد)دا ئەفەرموێ: " أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا؟ " واتە: ئەوە بۆ بیر لەقورئان ناکەنەوە، یا دڵیان داخراوە؟

هەروەها لەئایەتی(28)ی سوورەتی(صاد)دا ئەفەرموێ: " كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الألْبَابِ " وتە: قورئان کتێبێکی پیرۆزە ناردوومانە بۆتۆ، تابیر لەئایەتەکلنی بکەنەوە و خاوەن دلآنی هۆشیار راستیان بیر بکەوێتەوە.. لێرەدا مەبەست لە(دڵ)ژیری و هۆشە..

ئەوە ئاینی ئیسلامە، و ئەوەش پەیامە پیرۆزەکەیەتی وئاوەها خەڵکی بۆ بیرکردنەوە و ووردبوونەوە هان دەدات، ئازادی بەعەقڵ دەدات، و بەبەڵگەوە شتی بۆ روون دەکاتەوە، تا خۆی چی هەڵدەبژێرێ سەرپشك بێ، ئەوکاتە هەرکەس قەناعەتی نەکردو ئارەزووی لە کافری بوو، با کافربێ، خۆ هەرکەسیش قەناعەتی هێنا و دڵنیابوو باموسڵمان و خاوەن بڕوا بێت.. هەروەك قورئان لەئایەتی(28)ی سوورەتی(ئەلکەهف)دا ئەفەرموێ: " فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر ".. لەبەر ئەم هۆیانەی باسکران، ئیسلام تەنیا ئاینێکە ئەم تایبەتمەندییانەی تیا هەبێ و دژی بیر و ژیری و هۆش نەبێ..

هەموو ئاینێك پێویستە سروشتی پەیامەکەی روون بکاتەوە، وبۆ پشتگیری و پاڵپشتی راستبوونی خۆی موعجیزەیەکیشی هەبێ..با بزا نین لەم بارەوە ئیسلام چی هەیە؟

ئێمەش گوتمان: فەرموو.. بابزانین..

مامۆستا گـوتی: ئیسـلام لـەم بـارەوە قورئـانی هەیـە.. قورئـان ئـەو دوو ئەركـەی پێسپێرراوە.. قورئـان هـەروەك سروشـتی ئیسـلام روون دەكاتـەوە، لەهـەمان كاتیشـا بەڵگەیە بۆ راستبونی ئاینەكە و موعجیزەیەكی بەردەوام و پایەداری ئیسلامە..

هەر ئەو قورئانەی كە هاتـە مەیدانی هـەموو نووسـەران و زانایـان و هەسـتیاران و رەوانبێژانـی عەرەبـەوە و بـەم جۆرە داوای لێكـردن كـە بێنـە مەیدانـەوە: هـەروەك دەزانن موحەممەد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەخوێندەوارە، ئەگـەر باوەڕتـان بـەوە نییـە كـە قورئـان فـەرموودەی خـوابێ، ئێـوە ئـازابن وێنـەی ئـەو قورئانـە دابنێن..بەڵكو تەنیا سوورەتێكی وەك سوورەتە بچكۆلەكانی ئەو دا بنێن..

وە نەبێ ئەم داوایە تەنیا لە عەرەبـەكان كرابـێ و بـەس، بـەڵكو ئـەم داوایـە لەهـەموو دانیشتوانی سەرزەوی كراوە..

بـەلاَم ئـەو كەڵـە شـاعیر و رەوانبێژانـەی عـەرەب بەرامبـەر بـەو داوایـەی قورئـان دەستەپاچەو زەبوون بوون، و نەیانتوانی بەدرۆی بخەنەوە.. لەوبارەوە گومانداره‌كان هەوڵیان دا، بەلاَم هەموو هەوڵێكیان بەفیڕۆچوو، بگرە پاش خۆ تاقیكردنەوە زۆریان لەتاریكی دەریای گومان رزگاریان بوو، باوەڕێكی دامـەزرا و پتـەویان بـۆ دروسـت بوو، بۆ ئەم مەبەستە سەیری كتێبی (النبأ العظيم) بكەن..

قورئان هەروەك پەیامی ئاینەكەیە، هۆیەكە بۆ روونكردنەوەشی، ئیسلام لەم پەیامەیدا هیچ گۆشەیەك لەگۆشـەكانی ژیـانی ئـادەمزادی پشـتگوی نەخسـتووە.. وەنـەبێ تـەنیا بایەخی بەلایەنی رۆحی دابێت، و پێویستیەكانی ژیانی كۆمەلاَیەتی باس نەكردبێ، و چارەسـەری بـۆ دانـەنابێت.. نە..نـە. یاسـاكانی ئیسـلام بـۆ هـەموو لایـەنێكی ژیـانی مـرۆڤن، و لەسـەر بنچینەیـەكی پتـەوی وا دامـەزرێنراوە، كـە لەگـەڵ هـەموو كـات وجێیەكدا و بۆ هەموو كەس و كۆمەڵێك بگونجێت..

بۆ سەلماندنی ئەم راستەقینەیە با بەسەر پێوە سەرێك لەقورئان بدەین و سـەرنجێك لـە سـوورەتەكانی بـدەین، سـوورەتەكانی قورئـان بـریتین لـە یـەد وچـواردە سـوورەت، هەرسوورەتێكیش ناوێ یا چەند نـاوێكی تایبـەتی هەیـە، و خـوا بـۆی دانـاون، و ئـەم سوورەتانەش بێ مەبەست دا نەنراون.. دەبینین بەشێكی زۆر لەم سوورەتانە هێما بـۆ رواڵەتەكانی سروشت دەكەن وەك ئەم سوورەتانە:

" ئەلبەقـەرە، رەعـد، نـەحل، نـەمل، عەنكـەبوت، دوخـان، حەدیـد، نـەجم، قەمـەر، شەمس "و چەندانی تریش..

ناوی هەندێكیشیان هێمان بۆ هەڵوێستە كۆمەلاَیـەتی و رامیارییـەكان، وەك: نیسائـ ، ئەحزاب، موئمینون، شوورا، و سەف.. ئەم سورەتانەی تـریش پەنجـە بـۆ مەسـەلە

مێژوویيەكان و پاڵەوانانيان رائەكێشن: وەك " ئالى عيمران، يونس، هوود، يوسف، ئيبراهيم، مەريەم، ئەنبيائ ، رۆم، سەبەئ، موحەممەد و نووح ".

هەندێكى تريان هێمان بۆ پاشەرۆژ و ژيانى پاش ئەم جيهانە، وەك : " واقيعە، ئەلحاقە، ئەلقيامە و ئەلقاريعە ". ناوى هەندێكى تريان هێمان بۆ مەسەلە پەيوەندى دارەكان بە ئابوورى يەوە وەك: "ئەلمائيدە، ئەنعام، و ئەنفال ". ناوى ژمارەيەكى تريان هێمان بۆ خو و رەوشت، وەك: " عەبەسە، ئەلموتەففيفين و الهومەزە.. ".

ناوى كۆمەڵێكى تريان پەنجە بۆ خوا پەرستى و عيبادەت رائەكێشن، وەك: " حەج، سەجدە و جومعە ".

كەوابوو دەتوانين بگەينە ئەم ئەنجامە: ناوى (32) سوورەتيان بۆ رواڵەتەكانى سروشت دانراوە، ناوى (28) سوورەتيان بۆ مەبدەئى فيكرى دانراوە، ناوى (27) سوورەتيان بۆ راميارى و كۆمەلآيەتييە، و ناوى (17) سوورەتيان بۆ مێژوو و فەلسەفەى مێژوو دانراوە، و ناوى (4) سوورەتيان بۆ خو و رەوشتە، و ناوى (4) يشيان بۆ ئابوورييە، و تەنيا(3) سوورەتيان بۆ پەرستن و دروشمە ئاينييەكانە، ئابەم چاو پياخشاندنە سەر پێييە گشتگيرى و هەمەلايەنى ياساكانى ئيسلاممان بۆ دەر دەكەوێت..

ئيسلام كە دەيەوێ پەيوەندى ئادەمزاد بە پەروەردگاريەوە بدات، وەنەبێ تەنيا لە رێگاى چەند پەرستنێكى دياريكراوەوە بێت، بەڵكو لەهەموو لايەنێكەوە پەيوەندى بە خواوە دەدات، هەر لە جيهاد وخەباتى چەكدارانەوە بيگرە، تا پيشاندانى رووخۆشييەك بەرامبەر بەبرايەكى موسڵمان.. هەمووى پەرستن و عيبادەتە.. بەمەشدا دەتوانين ياساكانى ئيسلام لە هەموو ياساكانى تر جيا بكەينەوە، چونكە هەموو هەڵسوكەوتێكى مرۆڤ دەكاتە پەرستن، ئەگەر بە جۆرێكى رێكوپێك ئەنجام بدرێن.. ئەمەش بەپێچەوانەى شەريعەتەكانى ترەوە، كە پەرستن تەنيا لايەنە رۆحييەكە بە پەرستن حساب دەكەن و هيچى تر!! هەر هۆى ئەوەيە ئەو ئاينانەى تر وەك خوو خدەيەكيان لێ هاتووە، و لەژيانى رۆژانەى تاك و كۆمەڵدا شوێنەوارێكيان نييە.. ئينشائەڵلا لە دانيشتنەكانى داهاتوودا زياتر روونى دەكەينەوە..ئيتر مامۆستا بێدەنگ بوو، ئێمەش بێدەنگ بووين.. زۆرى نەخاياند من بێدەنگييەكەم شكاند، و داواى دياريكردنى كاتى دانيشتنى داهاتووم كرد..

ئەويش گوتى: پاش دوو رۆژى تر لەسەعات چوارى پاش نيوەڕۆدا ئينشائەڵلا پێكەوە دا ئەنيشين.. ئيتر خوا حافيزيمان كرد و هاتينە دەرەوە..

# # #

# 9

لەو دیو دەرکەوە هەندێ وەستاین، هیچمان نەمان دەزانی چی بکەین؟ من هاتمە قسەو گوتم: گیانەکەم! ڕێم دەدەیت کەمێ لەتەکتا ڕێبکەم؟

سەرنجێکی دام و بە نەخێر، وەلاَمی دایەوە!!

گوتم: ئاخر دەمەوێ هەندێ قسەت بۆ بکەم، چونکە توانای ئەم زویربوونەی تۆم نییە.. دەمەوێت ڕاستیم پێبڵێیت، هۆی چییە دڵت لێم یەشاوە؟ بێگومان شتێك هەیە ئاوێنەی روناکی دڵی تۆی لێڵ کردووە..

گوتی: من ئێستا بۆ خەوگاکەمان ئەڕۆمەوە، و ناتوانم تەنیا دەقیقەیەك دوابکەوم..

گوتم: کەوابوو ڕێم پێبدە تا ئەوێ لەتەکتا بێم..

گوتی: نەخێر.. هەرگیز ڕێت نادەم!! دەمەوێ خۆم بەتەنیا بڕۆمەوە، و پاش دووڕۆژی تریش خۆم بەتەنیا دێمەوە!!

گوتم: کەوابوو ئیتر بۆچ دێیتەوە بۆ ئێرە؟

گوتی: وەك عەوداڵێکی ڕاستەقینە، وەك کەسێك بە شوێن ڕاستیدا بگەڕێ و بییەوێ پەیدای بکات دێم.. بەڵکو بەئەنجام بگەم.. ئەی بۆ ئەو پرسیارە لەخۆت ناکەیت؟ چی هانت دەدات بێیت بۆ ئێرە؟ خۆ دەبوا لەمەوپێش ڕاستەقینەت زانیبا..

گوتم: ڕۆژیَ لەڕۆژان ڕاستەقینەم نەزانیوە و لەبارەی ئیسلامەوە لەتۆ شارەزا تر نەبووم.. منیش دەمەوێ ڕاستەقینە بزانم..

گوتی: کەوابوو با بەردەوام بین تا ڕاستەقینەمان لێ روون دەبێتەوە..

گوتم: دە بڵێ لەبەر تۆ و ڕاستەقینە..

گوتی: تۆ.. لەبەرخاتری تۆ؟

گوتم: بەڵێ من .. لەبەر من .. بۆچ من شیاوی ئەوە نیم؟!

گوتی: تۆلای من شیاوی هەموو شتێکی پەسەند بوویت!!

گوتم: بووم؟

گوتی: بەڵێ، بوویت..

گوتم: ئاخر بۆچ بووم بەهەواڵی رابوردوو؟ خۆ من تەنیا بەو هەوایە ئەژیم کە لای تۆوە دێت..

ئاخێکی هەڵکێشا کە بۆ کڕووزی لێ دەهات و هیچی نەوت..

ئینجا گوتم: ئەگەر ماوەم نادەیت کاتێك لەتەکتا بم، ئەم چەند دێڕە نووسراوەم لێوەر بگرە، بەڵکو لەبارەگای تۆدا شفاعەتم بۆ بکات.. ئەمەم گوت و نامەکەم بۆ دەرهێنا.. ماوەیەك دوودڵ بوو.. دەستەو دامێنی بووم، و گوتم: تو بیتو خوا لێم وەربگرە.. خۆ بەوەرگرتنی زیانێکت لێناکەوێ!! زۆر حەیفە هەواڵێکی درۆ کۆشکی خۆشەویستیمان بڕوخێنێ..

گوتی: ئەی ئەگەر بەڵگەی زەق هەبێ کە ئەوهەواڵە راستە و هەڵبەستراو نییە؟!

گوتم: ئەگەر متمانەی تەواو هەبێ بەهیچ شتێ شەقولۆق نابێ..

گوتی: جاری وا هەیە مرۆڤ لەخۆیشی دەکەوێتە گومانەوە..

گوتم: ئەوکاتە دەبێ لەگەڵ خۆیا بێ پێچ و پەنابێ، و خۆی بکاتە بەرپرسیار و چاوێك بەخۆیا بخشێنێ، تا لەگوماندا نەمێنێتەوە.. ئیتر بۆچ شتم لێ دەشاریتەوە؟

پاش ماوەیەك بێدەنگی گوتی: لێمگەڕێ، با کەمێ بیبیر بکەمەوە..

گوتم: بەمەرجێ ئەو چەند دێڕە نووسراوە بخوێنیتەوە..

بە داخ و خەفەتێکەوە گوتی: پاش بیبرکردنەوە لەو بارەوە دەیخوێنمەوە.. ئێستا خوا حافیز.. ئەمەی گوت و بەجێی هێشتم..

منیش بەکۆڵێ خەمەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوە، هەرچەند وەرگرتنی نامەکە وای لێکردم ئەوشەوە تا ئەندازێ خەم و پەژارەم کەم ببێتەوە.. هەر هۆی ئەوەش بوو توانیم کتێبەکەی مامۆستا بخوێنمەوە، وچاوێکیش بە دەرسەکانما بخشێنمەوە.. ئینجا چەند شیعرێکم بیرکەوتەوە کە ماوەیەك لەمەوبەر نووسیبووم تا بۆ سۆزانی بنێرم، سەرەتا کەیشی ئەمە بوو:

ئەمڕۆ و دوێنێی ڕابوردووم تەنیا تۆم دیوە..... بەهەر لایەکیشدابڕۆم تەنیا بۆ گەیشتن بەتۆیە..

ئەوە هات بە خەیاڵما کە لەگەڵ خۆما هەڵبگرم تا بەیانی پێشکەشی بکەم.. بەلاَم هەرچەند بۆی گەڕام نەم دۆزییەوە، لەو گەڕانەدا بۆم دەرکەوت وێنەیەکی بچکۆلانەی خۆم و سۆزان بزربووە، ئەم وێنەیەی سۆزان لەسەرەتای پەیوەندیمانا پێشکەشی کردبووم.. ئەم بزربوونەم پێ سەیر بوو، چونکە لەناوچاوی دۆلاَبەکەما و لەپەنای نامە گرنگەکانما دام نابوو..

بەهەر حاڵ ئەوشەوەم بە خوێندنەووە و بییرکردنەوە و خەوتنەوە بردەسەر.. بەیانی رۆیشتم بۆ زانکۆ، چاوەڕوانی هاتنی سۆزان بووم، بەلاَم نە ئەورۆژە هات و نەرۆژی دوایش، ئەو دوورۆژە نەمبینی، بەلاَم ئێوارەی رۆژی سێیەم لەبەر دەرکەی ماڵی مامۆستادا دیم.. کەدیم لەوێ وەستاوە لەخۆشیدا ترپەی دڵم زیادیکرد، بەئارەزومەندییەوە بەرەو رووی رۆیشتم و سلاَوم لێکرد، ویستم چەند وشەیەکی پڕ لە خۆشەویستی پێ بڵێم، بەلاَم لە زارما وشك بوون، ئەویش بەهۆی هەڵوێستی رەق، ناوچاوی مۆن، رووی گرژ و تووڕەی سۆزانەوە!! دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو، و هیچم پێ نەوترا..

ویستم لە دەرکەکە بدەم، گوتی: پێش تۆ زەنگم لێداوە..

گوتم: ئەی چۆن بووە نەیان کردۆتەوە؟!

گوتی: کراوەیە، بەلاَم لەوانەیە دەستیان نەپەرژێ، یا مامۆستا کارێکی هەبێ..

گوتم: مادام کراوەیە بابڕۆینە ژوورەوە، چونکە وەستانمان لێرەدا بەباش نازانم..

پاش ماوەیەك بێدەنگی گوتی: منیش وام پێ باشترە لێرە نەوەستین..

ژوورە تایبەتەکەی مامۆستا شارەزابووین، رۆیشتین و لەوێ دانیشتین، چاوەڕێی هاتنی مامۆستا بووین..

ئەم دانیشتنەم بەهەل زانی تا هەندێ قسەی بۆ بکەم.. بەلاَم ئەو پێشم کەوت و بەخەفەتێکەوە گوتی: پێم ناڵێیت ئەمڕۆ و دوێنێی ڕابووردووت چیت دیوە؟!

لەم پرسیارە سەرم سوڕما، و پاش ماوەیەك گوتم: مەبەستت چیە؟

گوتی: مەبەستم ئەوەیە لەم رۆ و دوێنێدا کێت دیوە؟

گوتم: لەتۆ بەولاوە کەس، ئالێرەدا ئەوشیعرانەم بیرکەوتەوە کە بۆ خۆیم نووسیبون و لێم بزر ببون!! چەندم پێخۆشبوو ئێستا ئەو شیعرانەم پێبوایە و پێشکەشم بکردایە!! هەوڵم دا ئەوەی لەبیرم ما بوو بۆی بخوێنمەوە.. بەڵێ، بۆم خوێندەوە..

بەبێزارییەکەوە قسەکانی پێ بڕیم و گوتی: تکایە بەسە، بەس.. چونکە ئەم شیعرانەمان گوێ لێبووە!!

گوتم: خۆ تا ئێستا من بەشیعر لەتەك تۆدا قسەم نەکردووە..

گوتی: بەڵێ، بەڵێ، لەتەك منا بەشیعر قسەت نەکردووە، بەلاَم لەگەڵ خەڵکی ترا خەریکی بەشیعر قسە بکەیت.!!

گوتم: لەتۆ بەولاوە قسەم بۆ کێ کردووە؟ گیانەکەم! دڵ ودەروونم تەنیا لەتەك تۆدا ئەدوێن وقسەدەکەن..

گوتی: چ جیاوازییەکی هەیە ئەگەر بەرەورووو قسەی بۆبکەیت، یابەنامە بۆی بنێریت؟

گوتم: بۆچ وادەزانی ئەونامەیەی بۆمناردی لەبریی رازونیاز وگفتوگۆمان جێ دەگرێ؟

بەداخ وخەفەتێکەوە سەری باداو گوتی: ئەگەر لەمەپێش بوایە بەزیادەوە جێی دەگرت، چونکە تا ئەندازێك رازێنرابوەوە!! بەلاَم....

گوتم: تکات لێدەکەم، مەڵێ رازێنرابوەوە، چونکە من بۆ نووسینی تەنیا وشەیەکی زۆرم لەخۆم نەکردووە، بەڵکو دەوری من تەنیا نووسینەکەی بووە، دەنا قسەکان قسەی دڵ و دەروونم بوون.. ئازیزم! بۆچ ئەڵێیت: ئەگەر لەپێش ئێستادا بوایە؟! ئێستا چی رووی داوە؟ من و تۆ عادەتمان لە جیهانی پەیوەندی و خۆشەویستیدا وابووە: دڵمان بۆ یەکتر کردۆتەوە، ئیتر بۆ بێ پەردە پێم ناڵێیت؟!

گوتی: پێم خۆشبوو باسی ئەو حەقیقەتە تالآنەم بۆ بکردیتایە، بەلاَم من ترسنۆکم، شتێك ئازارم پێبگەیەنێت، توانای باسکردنیم نییە، لەبەر ئەوە دەبێ تۆ ڕاساڵ بیت..

گوتم: لەسەر تۆ پێویستە ئەوەی ئازارت پێ ئەگەیەنێت بۆم روون بکەیتەوە، چونکە من هیچ نازانم..

گوتی: ماقووڵ نیە، نەزانیت چی ئازارم دەدات؟!

گوتم: دەتوانی بەگێل و گەڵحۆم بزانیت، بەلاَم بەهیچ جۆرێك تێناگـەم.. بـەلاَم ئامـادەم گیانم پێشکەش بەوکەسە بکەم پێم بڵێ بۆچ سۆزان تۆراوە؟

گوتی: ئاخ!! وادیارە تا ئێستا نازانی چییە؟!

گوتم: نەخێر.. شتێك بەخەیاڵما هات..بەلاَم زۆر زوو لەبیر خۆمم بردەوە..

گوتی: فەرەیدوون ئەوشتە چی بوو؟!

ویستم باسی هاتنی ئەوشەوەی سۆسـەنی بـۆ بکـەم کـە لـەوێ نوسـتووە، بـەلاَم بییـرم کەوتـەوە بـەڵێنم دابـوویێ باسـی نەکـەم، بێـدەنگ بـووم و بـۆم نەگێڕایـەوە.. تووشـی کێشەیەکی گەورەی دەروونـی هـاتم، ئەگـەر بـۆی دەگێڕمـەوە بـێ بـەڵێن دەر دەچـم، ئەگەر بۆی ناگێڕمەوە دڵی ئاو ناخواتەوە!!

ئینجا سۆزان بە پەژارەیەکەوە گوتی: فەرەیـدوون! ئەوەتـە تـۆش زاتـی ئـەوەت نییـە بیگێڕیتـەوە، ناهەقیشـت نـاگرم کـە نـەوێری.. چونکـە زۆر تاڵـە!! ئـەوە مامۆسـتایش هات..

هەرچەند دەرکە کراوەبوو، مامۆستا لەدەرکەی دا ئەوسا هاتە ژوورەوە..

# # #

# 10

بۆ پێشوازی لەمامۆستا هەستام، لەدڵی خۆیشما گوتم: پاش دانیشتنەکە هەموو شتێك بۆ مامۆستام دەگێڕمەوە، چونکە دڵی سۆزانم زۆر لا مەبەستە..

مامۆستا هەندێ بیانووی بۆ دواکەوتنەکەی هێنایەوەو داوای لێ بووردنی کرد، ئینجا دانیشت و ئێمەش دانیشتین..

پرسیاری لێکردین گوتی: ئەوکتێبەی لەم دواییەدا بۆم دیاریکردبوون خوێندتانەوە؟

ئێمەش بە بەڵێ، وەڵاممان دایەوە..

پاشان دەفتەری تێبینییەکانی بەسۆزان دایەوە، و هەندێ لە تێبینییەکانی بۆ رێکوپێك کردبوو، و تەمی هەندێ لەگومانەکانی بۆ ڕەواندەوە..

ئینجا گوتی: لەدانیشتنی پێشوودا لەو باسەدا وەستاین کە ئاینی ئیسلام بۆ هەموو گۆشەیەکی ژیانە، و هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ بەپەرستنی خواوە دەبەستێتەوە.. بەمەرجێ بەساخی ئەنجام بدرێت..

جا ئەو کردەوانە کۆمەلآیەتی بن، یا ئابووری، یارامیاری، گەورە بن، یاپچووك، گران بن، یا ئاسان، ئەنجامدان بن وەك نوێژ و زەکات، یا وازهێنان بن وەك وازهێنان لە داوێن پیسی، وستەمکردن و دوورکەوتنەوە لە درۆ و بوختان..یالەوشتانە بن کە بە مێشك و بیير ئەنجام دەدری، وەك بییرکردنەوە لە دروستکردنی ئاسمانان و زەوی و رووەك و ئاژەڵ و ئادەمزاد، یا رۆحی بن وەك رۆژوو گرتن ومانەوە لەمزگەوتا، یامادی بن وەك دروستکردنی پرۆژەیەکی خێرەومەندی و دەستگرۆیی و یارمەتیدان.. یا بەسۆزو عاتیفە ئەنجام بدرێ وەك هەڵس وکەوتی ناو ماڵ وخێزان..

بەسەرسامییەکەوە گوتم: ئەم هەموو لایەنانە بە پەرستن دەژمێررێن؟!

گوتی: بەڵێ، ئەمانە لەهەموو روویەکەوە لەبەرنامەی ئیسلامدا، بە پەرستن دادەنرێن. رەوشتی جوان و پەسەندی بۆ دیاریکردووین، و نموونەو سەرمەشقی زۆریشی پێشکەش کردووین، دەتوانیت ئەم کتێبانە بخوێنیتەوە:( العبادة فی الإسلام)، و (ن نظرة عامة في العبادات)، ئەو کاتە بەتەواوی بۆت روون دەبێتەوە..

ئەمڕۆ دەمەوێ باسی ئەو ڕەوشتە بەرزانە بکەم کەئیسلام پێشکەشی کردوون، و بوونە هۆی پێگەیاندن و دروستبوونی باشترین ئادەمزاد، ئالێرەدا مامۆستا کەمێك بێدەنگ بوو..

منیش گوتم: بێزەحمەت مەبەستت لە وشەی ڕەوشت چییە؟

گوتی: مەبەستم لە وشەی ڕەوشت ئەو دەستورانەیە کە بۆ پێگەیاندن و دروستکردن دانراون، و تاك تاکی کۆمەڵ وەك تەنیا کەسێك دروست دەکەن، لەو ڕوانگەوە کە بەشێکی کۆمەڵە و لێی دانابڕێ.. شەریعەتی ئیسلام کە یاسای داناوە، بەرژەوەندی ئەندامێکی ڕەچاو گرتووە وەك تاکە کەسێك، و چاودێری ئەو بەرژەوەندییەشی دەکات وەك یەکێك لەناو کۆمەڵدا.. لەبەر ئەوە لەشەریعەتی ئیسلامدا یەکیەتییەك بەرچاو دەکەوێ، کە هەر یەکەیان پشتگیری ئەوی تریان دەکات..

سۆزان گوتی: مامۆستا! دەکرێ نموونەیەکمان بۆ بێنیتەوە تا باشتر لێی حاڵی ببین؟

مامۆستا گوتی: بەڵێ.. بۆنموونە: قەدەغەکردنی شەراب و عەرەق .. ئەم یاسایە تاك لەزیانی سەرگەردانی و ماڵوێرانی دەپارێزێ، لەهەمان کاتا کۆمەڵیش لە ئەنجامی تاوانی بێهۆشیی ئەو تاکە کەسەوە دەپارێزێ..{ بۆ نموونە ئەگەر سایەقێك سەرخۆشبێ و ترومبێل لێ بخوڕێ زیانەکەی تەنیا بۆ خۆی نییە، وادەبێ سایەقەکە پاسێك لێ دەخوڕێ کە بیست و یەك نەفەری تیایە، بە سەرخۆشی لە ترومبێلێکی تر دەدات و دەعەم دەکەن، وەك ئەوەی لە ڕێگای کەرکووك- بەغدادا رووی دا، و نزیکەی سیی کەسی تیا کوژرا، و ئەوانتر کەمابوونەوە دەست ولاق شکاو و سەقەت بوون، بێجگە لە زیانی ماددی هەردوو ترومبێلەکە. ئەگەر ئەو سایەقە لە عەرەق خواردنەوە قەدەغە کرا، واتە پارێزگاریکردن لە گیانی نەفەری هەردوو ترومبێلەکە و ماڵ و سامانیان.. } کەوابوو پاراستنی تاك تاکی کۆمەڵ بووە هۆی پاراستنی کۆمەڵگا..

نموونەیەکی تر وەك خۆ داپۆشینی ئافرەت لەبەرامبەر پیاوی بێگانەوە.. ئەمەی گوت و بێدەنگ بوو..

سۆزان بەهەڵپەیەکەوە گوتی: ئەوی ڕاستی بێ زۆر لەمێژە حەزدەکەم لەبارەی حیجابی ئیسلامییەوە شتێك بزانم، و لێی شارەزا ببم..

مامۆستا بەرووییەکی خۆش ودەمێکی بەخەندەوە گوتی: دەتوانم پرسیارەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە، پێش وەلامەکەی؟!

سۆزان گوتی: فەرموو..

مامۆستا گوتی: لەوانەیە مەبەستت ئەوەبووبێ: بۆچ داوا لەئافرەت کراوە خۆی داپۆشێ؟ و هۆی چییە؟

دەمەوێ پێش وەلآمەکەت ئەوە بزانی کە حیجاب و خۆداپۆشین لێك جیاوازن. چونکە حیجاب تایبەتەو خۆداپۆشین گشتییە.. وشەی حیجاب تەنیا لە یەك ئایەتی قورئانا هاتووە و ئەویش پەیوەندی بەخێزانە بەڕێزەکانی پێغەمەرەوە هەیە.. ئەمەش دەقی ئایەتەکەیە: " ... وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ..." سورة الأحزاب /52). واتە: ئەگەر داوای شتومەکێکتان لێکردن باپەردە لەنێوانتانا بێت..

ئەمەش تایبەتە بەخێزانەکانی پێغەمەرەوە صلی الله علیه وسلم، بۆ رێزگرتن لە پلەو پایەیان..

سۆزان گوتی: کەوابو ئیسلام بەداواکردنی خۆ داپۆشین لە ئافرەت نەیویستووە گۆشەگیری بەسەریا بسەپێنێ و لە کۆمەڵگا و ژیانی دنیا داببڕێ؟!

مامۆستا گوتی: نەخێر.. نەیویستووە لەچوارچێوەی ماڵدا بەندی بکات، بۆ راستی ئەم قسەیەم بەڵگەم هەیە، ئەوەتە لەئایەتی (29)ی سوورەتی(النور)دا قورئان ئەفەرموێ: " قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ... " واتە: بە پیاوانی بڕوادار بڵێ: سەیری ئافرەتی نامەحرەم نەکەن و داوێن پاك بن..

پاش ئەوە لەئایەتی(30)ی هەمان سوورەتا ئەفەرموێ: " وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ "واتە:

وە بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ: سەیری پیاوانی نامەحرەم نەکەن و داوێنی خۆیان بپارێزن، و دەست و دەموچاویان نەبێت جوانی خۆیان دەرنەخەن، و سەرو سنگ و گەردنیان داپۆشن و جوانی خۆیان دەرنەخەن...

کچی خۆم! نابینیت خوا لەپێشا داوای لە پیاوان کردووە تا چاوی خۆیان بپارێزن و تەماشای ئافرەتی بێگانە نەکەن، پاش ئەوە داوای لە ئافرەتان کردووە بۆخۆداپۆشین و تەماشا نەکردنی پیاوان؟!

ئەگەر ئافرەت لەسەر شانۆی ژیانا وەك پیاو دەوری نەبوایە، چ پێویستیەکی هەبوو داوا لەپیاو وئافرت بکات تەماشای یەکتر نەکەن؟!..

سۆزان گوتی: بەڵێ، راستە..

پاشان مامۆستا گوتی: دەوری ئافرەتی موسڵمان لەسەرەتای ئاینی ئیسلامەوە پاڵپشتی ئەم راستەقینەیە، ئەوەبوو لەوکاتەدا ئافرەتانی موسڵمان لە تێکۆشاندا هاوبەشی پیاوانیان دەکرد، بگرە لەخەباتی چەکدارانە و تیمارکردنی برینداران و ئاو گەیاندن و غیرەت بزواندن لەدڵی ئەو پیاوانەدا کە هێشتا ئیمان لەدڵیانا پتەو نەبووبوو. لەبەر ئەوە پێویستکردنی خۆداپۆشین لەسەر ئافرەتی موسڵمان لە ئیسلامدا، پارێزگارییە لە ئافرەت و لە کۆمەڵگایش..

منیش گوتم: چۆن؟

مامۆستا گوتی: نکولی لەوەناکرێت، بەڵکو شتێکی ئاشکرایە کە ئافرەت توانایەکی تایبەتی بۆ گیرۆدەکردنی پیاوان و وروژاندنی ئارەزووی (جینسی)یان هەیە. بۆ چارەسەری ئەومەبەستە سێ رێگا هەیە:

یەکەمیان: ئەوەیە بێ سنوور ئارەزووی خۆی جێبەجێ بکات..

دووەمیان: ئەوەیە دیزە بەدەرخۆنەی بکات، واتە: گوێی پێ نەدات و کپی بکات..

سێیەمیان: ئەوەیە سنوورێکی بۆ دابنرێ، و بەڕێکو پێکی ئەنجامی بدات، نەبێسنوور، نە کپکردن..

دوو رێگاکەی پێشوو هەردوو هەڵەن، و ئەنجامێکی دژواریان هەیە.. چونکە بەرەلاَکردنی ئارەزوو بە بێسنووری ئاین، ئەنجامەکەی پەرتەوازەیی خێزان و پچڕانی بنەماڵەو هەزاران دەردی کۆمەلاَیەتی تری لێدەکەوێتەوە..

سەرژمێری ئەو ولاَتانەش کە رێیان بە بەرەلاَکردنی ئارەزووی جینسی داوە بەڵگەی راستیەتی ئەم بۆ چوونەیە.({ دەزانی ئەوسەر ژمێرییانە ئەڵێن: بەشێکی زۆر لە کیژان دەفرِێنرێن و بەزۆر کردەوەی جینسییان لەتەکا ئەنجام دەدرێت؟ ئەم تاوانانەش لەپەرەسەندنایە، و لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 1975دا گەیشتە پێنج ئەوەندەی جاران، رۆژنامەی الراصد ی بەغدایی لە 1984/1/21 دا بلاَوی کردەوە کە " ساڵی رابوردوو لەبەریتانیا پانزە هەزار کچی جاهێڵ کەلەشانزەساڵ تەمەنیان کەمتر بووە، رۆیشتوون بۆ عەیادەکان و حەبی بەرگری منداڵبوونیان بەکارهێناوە، ئەمە بێجگە لەوانەی لەوتەمەنەدان وحەبیان بەکار نەهێناوە، بێجگە لەوانەش کەتەمەنیان لەشانزە بەرەوژوورتربووە!! راپۆرتی یەکیتی خزمەتەکانی خێزانی ئەمریکی ئەڵێَ: هەموو ساڵێك یەك ملیۆن تەلاَق لە ئەمریکادا روو دەدات، و ساڵانە چوار ملیۆن منالّی ناشەرعی ( زۆڵ) لەدایك دەبێت..با ولاَتانی تری ئەوروپا و ئاسیاو ئەفریقا بوەستێت کە ساڵانە چەندەها گۆڵەزیان بۆ دروست دەبێت. })

بێگومان رێی دووەمیش دەبێتە هۆی لەناو بردن و قەلاچۆکردنی رەگەزی مرۆڤ لەسەر زەویدا، ئەمە جگە لەدروستکردنی چەندەها نەخۆشی دەروونی و مێشکی وجوستەیی.. بۆ نموونە ئەگەر خوانێکی رازاوە بە جۆرەها خواردن لەبەردەم پیاوێکی برسیدا دابنرێ، و بەدوو شێوە نەمان هێشت لەو خواردنە بخوات، بە زۆر یا بە خواهیشت، ئایا ئەگەینە چ ئەنجامێك؟! ئێمە توانیمان نەیهێڵین ئەو پیاوە لەخواردنەکە نەخوات ، بەلاَم ئایا توانیومانە کە حەزەکەی بمرێنین؟!

گوتمان: هەرگیز..

گوتی: حاڵی ئەو پیاوە برسیە بەرامبەر بەخوانەکە چۆنە، حاڵی پیاویش بەرامبەر بەئافرەت هەر وایە.. کەوابوو تەنیا رێگایەك بۆ پاراستنی کۆمەڵ لە تێکچوون و سەرگەردانی، و پاراستنی پیاو و ئافرەت لە هەزاران گێچەڵ وئاشووب، پیادەکردنی رێگای سێ هەمە.. کە ئەویش ئارەزوو نامرێنێ، و رێی بەرەلاَیی بێسنووریش نادات.. ئەویش ئەو چارەسەرەیە کە ئیسلام بۆ جینسی داناوە..

ئەوەتە بۆ ئەم مەبەستە نیکاحی داناوە، و داوا لەگەنجان دەکات ژن بێنن، وەك پێغەمەمەرصلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ: " یامعشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج... " واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان! ئەوەی لەئێوە توانای جینسی هەیە با ژن بهێنێ.. و هەڕەشەشی لەوانە کردووە کە توانایان هەیە و ژن ناهێنن.. ئەمە لە لایەکەوە..

لەلایەکی ترەوە ئیسلام داوای خۆداپۆشینی لە ئافرەت کردووە تا ئارەزووی جینسی پیاوان نەوروژێنن و خۆیان و پیاوانیش لە دەردی سەرێ بپارێزن..

سۆزان گوتی: کەوابوو خۆ داپۆشینی ئافرەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگایە لە تێکچوون؟

مامۆستا گوتی: بەڵێ، زیاد لەوە پاراستنی پلەو پایەی ئافرەتیش رەچاوکراوە، تا نەبێتە کالاَیەکی بێنرخ لەبەردەست هەموو هەڵپەکەرێکا، و ئەوانەی تەنیا تێرکردنی ئارەزووی خۆیان مەبەستەو هیچی تر.. دەتوانن بۆ زیادە ئاگاداری ئەم کتێبانەش بخوێننەوە: الحجاب، العفاف، معرکە التقالید..

سۆزان گوتی: من بیستومە ئەم خۆداپۆشینە لە باوی میللەتانی ترەوە وەرگیراوە؟!

مامۆستا گوتی ئیسلام پێش ئەوەی میللەتانی تر رزگار بکات، و لەوانەوە عادەت و خووخدەیان لێوەربگرێ، خۆداپۆشینی لەسەر ئافرەت پێویست کردووە. ئەو خۆ داپۆشینەی ئیسلام داوای کردووە زۆر جیاوازە لەو خۆداپۆشینەی ئەوان بوویانە..

سۆزان گوتی: من بیستومه ئەم خۆداپۆشینه لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری پێویستکراوە!!

مامۆستا گوتی: که ئەڵێی لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری بووە، مەبەستت چیە؟

سۆزان گوتی: مەبەستم ئەوەیه کاتێ که پیاو ویستوویەتی ئافرەت بکاته کۆیله و کەنیز و بیچەوسێنێتەوە، خۆداپۆشینی بەسەرا سەپاندووە، تا له ماڵەوە بەندی بکات و سوود له بەرهەم و کاری وەربگرێت، وەك چنین ورستن، و تاد..

مامۆستا گوتی: ئاینی ئیسلام زۆر لەو مەبەستەی تۆ باسی دەکەیت دوور بووە، چونکه شەریعەتی ئیسلام، مافی ئافرەتی بەتەواوی دابینکردووە، کە خۆی خاوەنی ماڵی خۆیەتی ، و سوود لەدەستکەوت و بەرهەمی خۆی وەردەگرێ..

ئەوەته لەئایەتی (32)ی سوورەتی (النساء)دا قورئان ئەفەرموێ: " لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ..." واته: لەوەی پیاوان بەدەستیان هێناوە ماف و بەشیان هەیه، و ئافرەتانیش لەوەی بەدەستیان هێناوە ماف وبەشیان هەیە..

کەوابوو ئەگەر بەپێی یاسا ئافرەت خاوەنی ماڵی خۆی بێ، پیاو چ سوودێك لەکارکردنی ئافرەت وەردەگرێ؟

سۆزان گوتی: کەوابوو ئاینی ئیسلام لەو بارەوە پێش ئەورووپا کەوتووە؟! چونکه ئافرەتی ئەورووپی لەم دواییانەدا ئەو مافەی خۆیان وەدەستهێنا..

مامۆستا گوتی: زیاد لەوە لەئەورووپادا بەقەد پیاو کاریان پێ دەکرد و نیوەی کرێی پیاویان بۆ دائەنا..تا لەم دواییەدا ئەومافە خوراوەی خۆیان وەرگرت و ئەو ستەمەیان لەسەر لاچوو..

سۆزان گوتی: خۆ بەم پرسیارانه ئازارت پێ ناگەیەنم؟

مامۆستا گوتی: نه..نه.. بەئارەزووی خۆت بپرسه..

سۆزان گوتی: ئایا راسته که ئەڵێن: ئەو خۆداپۆشینه بۆ گۆشەگیری و وازهێنان له خێر وخۆشی دنیایه؟

مامۆستا گوتی: نەخێر .. ئەم قسەیه راست نییه، و شوێن پێیەکی لەواقیعدا نییه.. ئەوەته لەئایەتی (26)ی سوورەتی(الحديد)ا قورئان ئەفەرموێ: " وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ... " تەنانەت ئەو رەهبانییەته، واته: ئەوگۆشەگیری و

وازهێنان لەخێر وخۆشی دنیایە، کە لەناو هەندێ لەگاورەکاندا باوبووە، خوا لەسەری پێویست نەکردوون، و دەستکردی خۆیان بووە..

عەبباسی کوڕی مەزعون خوا لێی رازی بێ، کەیەکێك بوو لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ویستی واز لەدنیا بێنێ و گۆشەگیرببێت، خێزانەکەی رۆیشت بۆلای پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم و ئەم نیازەی مێردەکەی بۆ باسکرد..

پێغەمبەریش تووڕەبوو، رۆیشت بۆ مزگەوت رۆیشتە سەر مینبەر و داوای لە موسڵمانان کرد ئەم خەیاڵە لەسەر خۆیان دەرکەن، و شتی وا نەکەن، چونکە پێچەوانەی ویستی ئسلامە..

سۆزان گوتی: کەوابوو خۆداپۆشین تەنیا و تەنیا بۆ پاراستنی ئافرەت و کۆمەڵگایە؟..

مامۆستا گوتی: بەڵێ، ئەگەر ئەو سێ کتێبەش بخوێننەوە کە ناوەکەیانم بۆ باسکردن، بەتەواوی لەو بارەوە شارەزا و ئاگادار دەبن..

لەبەر کەمی ماوەی ئێوە من ناتوانم بۆتان باس بکەم، خۆتان دەتوانن بیان خوێننەوە و سوودیان لێوەر بگرن..

سۆزان بەشەرمێکەوە گوتی: دەتوانم پرسیارێکی تر بکەم؟

مامۆستا گوتی: بەڵێ.. چیت ئەوێ بپرسە..

سۆزان گوتی: ئایا لە ئیسلامدا پیاو و ئافرەت لەماڤدا یەکسانن؟

مامۆستا گوتی: بەڵێ، تەنیا لەهەندێ بواردا نەبێ، ئەویش بەهۆی پسپۆڕییەوە.. با نموونەیەکی بچووکت بۆ بێنمەوە، تا بەجوانی بۆت روون ببێتەوە، پیاوێك ماڵ و سامانی هەمە جۆری هەیە، ویستی هەر لەژیانی خۆیا ماڵ و سامانەکەی لەمناڵەکانی دابەش بکات، هەریەکەیان لەو جۆرەیان بداتێ کەتیایا پسپۆڕن، و حەزیان لێیەتی، زەوی کشتوکاڵ ئەدا بەو یەکیانە کە حەز لەکشتوکاڵ دەکات، ماڵی بازرگانی بەو یەکیانە دەدات کە لە بازرگانیدا لێهاتووە و حەزی لێدەکات.. ئەو باوکە دەیەوێ ئەنجامیان یەکسان بێت، هەر چەند سروشتی ئەنجامەکە جیاوازبێ، بەهۆی جیاوازی لێهاتوویی و ئامادەیی و ئارەزووی هەریەکە لە منداڵەکانیەوە..

هەروەها مافی ئافرەت و پیاو لەیەك ئاستایە، هەرچەند ئەو یەکسانییە بەهۆی جیاوازی لەسروشت و دەزگاکانی لەشیاندا چون یەك نەبێ!! خۆ ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەوەی لەسەر پیاو پێویستە لەسەر ئافرەتیش پێویستە، وە ئەو مافەی لەهەموو

بوارێکی کاری دنیایی و قیامەتیدا پیاو هەیەتی ئافرەتیش هەیەتی، وە ئەو پاداشتەی لە ئەنجامدانی عیبادەتکردنا پیاو هەیەتی، ئافرەتیش هەیەتی.. وە ئەوسزایەی لە ئەنجامی تاوانێکا یا نەکردنی واجبێکدا بۆ پیاو هەیە، بۆ ئافرەتیش هەیە.. ئەگەر کتێبی :( المرأة في الإسلام)، وە(الأسرة المسلمة) بخوێننەوە هەموو راستەقینەیەکتان لەو بارەوە بۆ روون دەبێتەوە..

ئینجا سۆزان گوتی: ئایا ئاینی ئیسلام ئافرەت بەسەرچاوەی هەموو تاوانێك لەقەڵەم دەدات؟

مامۆستا گوتی: نەخێر.. ئیسلام ئەو تاوانە بەتەنیا ناکاتە ملی ئافرەت.. بەڵکو پیاویشی بەهاوبەش داناوە.. ئەوەتە قورئان لە ئایەتی (36)ی سوورەتی {البقرە} دا باسی ئادەم و حەووا دەکات و ئەفەرموێ: " فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ... " واتە: شەیتان هەڵنخلیسکاندن، نزیکی درەختە یاساغەکە کەوتنەوە، و ئەوە بووە هۆی دەرکردنیان لەناو ژیانە خۆشەکەی بەهەشتا..

ئەم ئایەتە بۆمان روون دەکاتەوە کە هەردوویان، واتە: ئادەم وحەوا بەگوێی شەیتانیان کرد، و چونیەك زیانیان لێکەوت. حەوا بەتەنیا بەر پرسیاری ئەو تاوانە نەبووە..

سۆزان گوتی: لەئیسلاما دەوری ئافرەت بەنیسبەت منداڵەوە چییە؟

مامۆستا گوتی: لەئیسلاما ئەوپەڕی رێز بۆ دایك دانراوە، و بەهەشتی خستۆتە ژێرپێی دایکانەوە، ئەوەتە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێ: " الجَنةُ تَحْتَ أَقدَامِ الأُمَّهاتِ " واتە: بەهەشت لە ژێرپێی دایکاندایە.. هەروەها رەزامەندی دایکی کردووە بەرێگایەك بۆ رەزامەندی خوا..

هیوادارم بۆ ئەو مەبەستە ئەم دوو کتێبە بخوێننەوە، کتێبی( الطفل بين الوراثة والتربية )، وە ( مع الولد و والديه)..

ئالەو کاتەدا بانگی عیشای دا، مامۆستا بێدەنگ بوو، ئێمەش بێدەنگ بووین، من بێدەنگییەکەم شکاند و گوتم: دانیشتنی داهاتوومان کەی دەبێت؟

مامۆستا گوتی: ئینشا ئەڵلا هەفتەیەکی تر.. تا بتوانن ئێوەش ئەو کتێبانە بە وردی بخوێننەوە.. ئیتر ئێمە لای مامۆستا خوا حافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە..

# # #

# 11

ماوەیەك لەشەقامەكەدا وەستاین، سەرنجم دا هەندێ كەس وەك گورگی برسی بۆ سۆزان دەڕوانن، زۆرم پێناخۆش بوو، لەمەپێش ئەم هەستەم نەبوو، دیتم سۆزانیش دەیەوێت خۆی داپۆشێت..

ماوەیەكمان بەبێدەنگی بردەسەر، ئینجا سۆزان بێدەنگییەكەی پچڕی و گوتی: تا لای مامۆستا پێك دەگەینەوە خوا حافیز!! پشتی هەڵكرد و ڕۆیشت..

منیش گوتم: بەیارمەتی خۆت، شتێك هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم. كەچی ئاوڕی لێنەدامەوە.. منیش بەدوایا ڕۆیشتم و گوتم: سۆزان! بوەستە، تا هەموو شتێكت بۆ ڕوون بكەمەوە، بێسوود بوو، لەو كاتەدا دەستی لەتەكسیەك ڕاگرت و سوار بوو، هەرلایشی بەلاما نەكردەوە!!

هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت كە بۆ خانووەكەی خۆم بگەڕێمەوە، ویستم لەماڵەوە هەندێك دڵخۆشی خۆم بدەمەوە، بەلآم بێسوود بوو، چونكە گیانم شۆڕشێكی گەورەی دەست پێكردبوو، هەروا بەئاسانی دا نەئەمركایەوە، بەناچاری هاتمە دەرەوەو بەشەقامەكەدا ئەڕۆیشتم، بێئەوەی بزانم بۆ كوێ دەچم!!

گەیشتمە بازاڕ و لەكتێبخانەكان نزیك بوومەوە، ئەو كتێبانەی مامۆستا بۆی دیاری كردبووین لەوێدا كڕیم. كاتێ گەیشتمەوە ماڵ شەو درەنگبوو، لەشم داهێزرابوو، دڵ و دەروونم شەكەت ببوون..

بەڵێ، ئەو چەند ڕۆژە هەوڵم دا كتێبەكان بخوێنمەوە و بەهیواوە بژیم، باش بوو هەندێك هاتمەوە سەرخۆ، لەگەڵ ئەوەدا كە بیرم هەر لای سۆزان بوو، بۆ چاو تروكانێك لەبیرم نەدەچووەوە، نا هەقیشم نەبوو، چونكە بەسەر هەموو هەست و نەستێكمدا زاڵ ببوو..

# # #

# 12

ئەو چەند رۆژەم هەرچۆن بوو لێرۆیشت، لەرۆژو کاتی دیاریکراودا رۆیشتم بۆ مـاڵ مامۆستا، پاش ماوەیەك سـۆزانیش گەیشـت.. وادیـاربوو مامۆسـتا پەلـەی بـوو، بۆیـە لەگەڵ گەیشتنی سۆزاندا دەستی بەقسەکرد و گوتـی: با ئەمڕۆ نموونەیەکی تازەتان بۆ باس بکەم، لەو رەوشتە بەرزانەی ئیسلام پێشکەشـی کـردووە، ئـاینی ئیسـلام نـوێژی لەسەر موسوڵمانان پێویست کردووە، بـەلاّم قەدەغـەی کـردووە ئـەم واجبـە لـەزەوی داگیرکراو و ماڵی زەوتکراودا ئەنجام بدرێ..

ئەم قەدەغەکردنەش دوولایەنی هەیە، لایەنێکی تایبەتی و ئەوي تريان گشتییە.. لایەنە تایبەتەکەی ئەمەیە: گرنگترین پەرستش لە ئیسلامدا نوێژە، چونکە بە هـۆی نـوێژەوە گیان لەشەقەی باڵ دەدات و لەجیهانی مـادە خـۆی دەربـاز دەکـات و بـەرەو بارەگـای پەروردگاری بەرز دەبێتەوە و دەڕوات.. تـا دان بـە ملکـەچی و بەندایەتیـدا بنێـت بـۆ پەروەردگاری تاکوتەنیای.

لەبەر ئـەوەی ئـەو بەندایەتییـە راسـت و پـاك و بێگـەرد بێـت، دەبـێ لەشـوێنێکی وادا بکرێت کە سەرکەشی ستەم چەپـەڵی نـەکردبێت، و داگیرکردنـی سـتەمکار ناشـیرینی نـەکردبێت.. ئەمـە لایەنـە تایبەتیەکـەی بـوو.. لایەنـە گشتییەکەیشـی ئەمەیـە: ئیسـلام بەستەم رازی نابێت و بێزاری لەزەوتکردن دەردەبڕێ، و نـابێ موسـڵمانان ملکـەچی بن، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی مافی خەڵکی..

لێرەدا مامۆستا بێدەنگ بوو منیش هات بەخەیاڵما ئەم پرسیارەی ئاڕاستە بکەم: هـۆی چییــە لــەناو هــەموو ســوورەتەکانی قورئانــدا ســوورەتی فاتیحــە، واتــە ئەلحەمــد هەڵبژێرراوە بۆ ئەوەی بەشێکی گرنگ بێت لەنوێژدا؟

مامۆســتا گــوتی: چونکــە ئایەتــەکانی ســوورەتی فاتیحــە کورتەیــەکی عەقیــدە (ئایـدیۆلۆژی)ی ئیسـلامییە، وەك سـوپاس وسـتایش و گەردنکـەچی بـۆ خـوا، خـوا بەیەکناسین، داوای رێنموونی، باوەڕبە زیندووبوونـەوە و پاشەرۆژ، و... هتد.

گوتم: بۆچی بەشی زۆری ئەوانەی نوێژ دەکەن لەخراپە ناگەڕێنـەوە؟ لەگـەڵ ئـەوەدا ئایەتەپیرۆزەکەی قورئان ئەفەرموێ: " [إِنَّ الصَّلاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَـاءِ وَالْمُنْكَـرِ... "
]

مامۆستا گوتی: کوڕی خۆم! ئەم ئایەتەی تۆ باست کرد، ئایەتی (44)ە لە سوورەتی [العنکبوت] و ئەمەش واتاکەیەتی: بێگومان نوێژ نەهی لەخراپەو کاری ناڕەوا دەکات..

ئەوە بزانە ئایەتەکە ئەفەرموێ: نوێژ نەهی لەخراپەو کاری ناڕەوا دەکات، نافەرموێ ناهێڵێ خراپە بکات!! چونکە نوێژ زنجێرێکی بەدەستەوە نییە بیکاتە دەستی ئەوانەی کاری خراپەو ناڕەوا دەکەن، بەلاَم رێیان بۆ روون دەکاتەوە، و پاشەرۆژیان یاد دەخاتەوە، و خۆشی بەهەشت و ئازاری دۆزەخیان بییر دێنێتەوە، جا نوێژگەری واهەیە هەواو هەوەس و ئارەزوو بازی بەسەریا زاڵ دەبێت، نە بەهەشت و خۆشی بەهەشتی لەبییر ئەمێنێت، و نە ئازاری بەسوێی دۆزەخ، بۆیە لەسەر خراپە بەردەوام دەبێت و وازی لێ ناهێنی، ئەوانە بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەکەون کە نوێژ گەرێکی بینی چۆن کەڵەباب دەندووك بەزەویدا دەدات ئاوەها نوێژەکەی دەکرد، پێی فەرموو: " لەو نوێژەدا جگە لەماندووبوون هیچ پاداشتێکت دەست ناکەوێت "

چونکە لەراستیدا ئەو نوێژگەرە نەیزانیوە لەبەرامبەر کێوە راوەستاوە و چ ئەڵێت؟! بەشی زۆری ئەوانەی لەخراپە ناگەڕێنەوە لەو جۆرە نوێژگەرانەن..

گوتم: وادیارە خوا تەنیا بۆ سوودی ئادەمزاد عیبادەتەکانی داناوە؟؟

گوتی: بەڵێ، کوری خۆم! ئەگەر بەوردی ئەو دوو کتیبەت خوێندبێتەوە: [ العبادة فی الإسلام ] ، و [ نظرة عامة فی العبادات ] .. وەلاَمەکەت بەدرێژی دەست کەوتووە.. ئینجا مامۆستا هاتە سەرباسی یەکێکی تر لەو مەرجانەی بۆ ئاینی سوود بەخش پێویستن و گوتی: یەکێکی تر لەومەرجانەی بۆ ئاینی سوودبەخش پێویستن دەبێ چەندەها رەوشتی بەرز پێشکەش بکات بۆ دروستکردنی مرۆڤی سوودبەخش..

ئاینی ئیسلامیش لەو بارەوە زۆرشتی پێشکەش کردووە، بۆ نموونە: هەموو تاك تاکێکی کۆمەڵ لەئیسلامدا بەرپرسن، ئەوەتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ: " کلکم راع، وکلکم مسؤل عن رعیته... " واتە: هەریەك لەئێوە شوانێکە، و هەریەکەشتان بەرپرسە لە رەعیەتەکەی..

ئەمەش بوارێکە تا هەموو یەکێك خۆی دروست بکات، وەك تاکە کەسێك، و دەورو بەریشی دروست بکات وەك کۆمەڵ.. ئەو کۆَمەڵگایەی تاکەکانی لەسەر گوێ پێنەدان [ لامبالاة ] و چاوچنۆکی ومشەخۆری راهێنرابن، زۆر جیاوازە لەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنچینەی هەست بە لێپرسراوی و لەخۆبوردن وخەبات و تێکۆشان پەروەدە کرابن..

شەریعەتێك لێپرسراوی  بخاتە ئەستۆی تاكتاكی كۆمەڵ بەجۆرێكی وا هەست بەخۆی بكات كە خاوەنی پەیامێكە و هەڵگری مەشخەڵێكە و دۆز دۆزی خۆیەتی، شەریعەتی وا شیاوی ئەوەیە كۆمەڵگایەكی یەكگرتوو بەدی بێنێت..

یەكێكی تر لە ێیفەتە بەرزەكانی شەریعەتی ئیسلامی ئەوەیە: لەهەموو یاسایەكیدا رێز لەرەوشت گیراوە، و پشتگوێ نەخراوە، بەڵكو رەوشتەكە كراوەتە بنچینەی سەقامگیربوونی شەریعەت، ئەوەتە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەفەرموێ: " أكملكم إيمانا أحسنكم أخلاقا " واتە: كاملترین كەستان لەبارەی باوەڕەوە رەوشت جوانترینتانە.

بۆ زیادە شارەزایی بوون، و وەرگرتنی بیرۆك  [ فكرة ] ێك لەو بارەوە دەتوانن سوود لەم كتێبانە وەربگرن:  [ الأخلاق ودورها في الحياة ] .. ئالێرەدا مامۆستا سەیرێكی سەعاتەكەی كرد و بێدەنگ بوو..

زانیمان كاتمان تەواو بووە، داوامان لێكرد كاتی دانیشتنی داهاتوومان بۆ دیاری بكات. ئەویش گوتی: حەفتەی داهاتوو سەرم لێبدەنەوە، ئیتر خوا حافیزمان كرد و هاتینە دەرەوە..

ئەوی لەبەردەركە سەرنجی راكێشام ئەوەبوو: سۆزان وەك جارانی تر لەچكەكەی لەسەر نەكردەوەو لای نەبرد!! ویستم لەبارەی مانەوەی ئەوشەوەی سۆسەنەوە بۆی بدوێم، بەلاَم بەپەلە نامەیەكی پێچراوەی  دایە دەستم و رۆیشت.

ویستم نامەكە بكەمەوە بەلاَم گوتم نەوەك قسەیەكی تاڵ و دڵتەزێنی تیابێت، با لەماڵەوە بەتەنیا بیخوێنمەوە، هەروام كرد، پێم هەڵگرت و هاتمەوە بۆماڵ، خۆم نەگۆڕی، لەسەر قەرەوێڵەكە راكشام و بەدەستێكی لەرزۆكەوە نامەكەم كردەوە تیا نووسرابوو:

بسم الله الرحمن الرحيم

فەرەیدون سلاَو و رەحمەتی خوات لێبێت

ماوەیەكی زۆر بوو لە دوودڵیدا بووم، پێش ئەوەی ئەم چەند دێرەت بۆ بنووسم.. ناهەمواری هەڵوێستەكە زیاد لەتوانادا بوو، ئەم وەزعەش منی سەخڵەت كردبوو، هیچ جێگایەك لەدەروونما نەمابوو ئەو ئازارەی پێنەگەیشبێ.. بە هەرحاڵ..

من هەموو شتێكم رەچاو گرتبوو، زۆر شت بەخەیاڵما دەهاتن، تەنیا ئەوە نەبێ كەرووی دا، بۆچ دەبێ ئەوەرووبدات؟ بۆچ لەماوەیەكی كەمدا هەموو بەڵێن و پەیمانێكی نێوانمانت لەیاد چوو؟ بۆچ وا زوو لاواز بوویت؟ بۆچ گەنجینەی

خۆشەویستیت بـەتالآن دا؟ بـۆچ سـۆزی هـەڵقولآوی چاوگـەی خۆشـەویـستیت لـەبییر بـردەوە؟ فەرەیـدوون! ئـەو کۆشـکە بڵـندەت بـۆ تێـك دا، کەلـەهیواو خـەون و ئـاوات دروستمان کردبوو؟! ئاخر بۆچ؟ ئاخر بۆچ؟ بۆچ؟

ئێستا لەوانەیە لەمەبەستم تێگەیشتبیت و بزانیت مەبەستم چییـە؟ هـەر لـەخۆوە ئـاگرم تێبەر نەبووە، و قسەیش نابزرکێنم، و بێبەڵگەش قسەناکەم!! وا لەتـەك نامەکـەدا ئـەو بەڵگانەی کەوتبوونە بەردەستم بۆم ناردیت، با ئەوقسـانەش بوەسـتێ کـە بـە بەڵگـەوە بۆم کراون.. ئیتر لەتوانامدا نەما بەڵکەی خیانەتی تۆ لای خۆم گڵ بدەمەوە، پاش ئـەم رونکردنەوەیە لێت حاڵی دەبێت، و دەزانی لەم ماوەیەدا چەند ئازارم چەشتووە!!

ئەوەش بزانە لەمەولاش زیاتر ئازارم دەچەشت ئەگـەر ئـەم تیشکە نەبوایـە کـە دڵ و دەروونمی رووناك کردۆتەوە، وئاوەڕۆی ژیانمی گۆڕیوەو ژیانێکی سەر لەنوێی بـۆ بەدی هێناوم.. بۆ زیادە ئاگاداریت: کە پشت لەتۆ دەکەم مانای وا نییە روو لە یەکێکی تر دەکەم.. هەرگیز شتی وا نەبوە و نابێت چونکە تۆ تۆیت!!

سۆزان.

کە هەڵم پچڕی دیتم زەرفێکی تر لەناو نامەکەدایـە، وێنـە بچوکـە ونبووەکـەی خـۆم و وێنە پێشکەشیەکەی سۆزان و ئەو چەند دێرە شیعرەی کە ئامادەم کردبوو بـۆی بنێـرم و ونببوون، هەموو ئەمانە لەناو ئەو زەرفەی ترا بوون!!

لەهـــەمووی تـــاڵ و دڵتـــەزێنتر ئـــەوەبوو: کەرۆیشـــتبوومە بەردەرکـــە و دەســـتم بەرزکردبووەوە تـا سۆسـەن بێتـە ژوورەوە، لـەو کاتـەدا وێنەیـەکمان گیرابـوو، ئـەو وێنەیەشی تیابوو!!

ئەوسـا هەمووشـتێك حـاڵی بـووم، تـان وپـۆی ئـەو پیلانـەم بۆدەرکـەوت کـە لـەدژم تەنرابوو، و منیش بەخۆمم نەزانیبوو، ئەوەندەشـی نـەمابوو سـۆزانم لەدەسـت بچـێ.. ئەوەش حاڵی بووم کە مانەوەی شەوی سۆسەن لەلای من و ئەو دەورانەی بینیبـووی هەمووی بەپیلانی مونیر بووە.

ئەوسا کەوتەوە یادم کە لەوکاتەدا سۆسـەن هاتـە ژوورەوە ئـەو تیشـکە چـی بـوو!! و ئەوشەوەش کە لەژوورەکەی خۆمـا نووسـتووە هـەموو کـون و قـوژبنێکی ژوورمـی پشکنیوە، و وێنەکـەی خـۆم و وێنـە پێشکەشـیەکەی سـۆزانی هـەڵگرتوە، لەگـەڵ ئـەو پارچە شیعرەدا کەبۆم نوسیبوو، ئینجا قسەکەی سۆزانم بییرکەوتەوە کـە لێـی پرسـیم:

ئەمڕۆ و دوێنێی رابوردووت چیت دیوە؟ چونکە ئەوە یەکەم رۆژی پارچە شیعرەکە بوو!!

ئەوەش هات بەخەیاڵمدا بێگومان ئەو شەوە مونیر تەلەفونی بۆ سۆزان کردووە تا تەلەفون بۆمن بکات و بزانێ کێ وەڵامی دەداتەوە. گومان لەوەدانییە کە سۆسەن وەڵامی داوەتەوە!!

ئابەم جۆرە تاڵ بەتاڵی پیلانەکەم دۆزییەوەو بە یەکجار ئەو راستەقینە تاڵانەم بۆ روون بووەوە، هەوڵم دا خۆم نەدەم بەدەست ئازارەوە و بەهێرشی ئەم تاڵاوە نەڕووخێم، و ورە بەرنەدەم.

گورج لەسەر قەرەوێڵەکەم هەستام و ویستم بەرەولای سۆزان بڕۆم، تا هەموو شتێکی بۆ روون بکەمەوە، لەرێگەدا ئەوە بەخەیاڵمدا هات: بۆ ئەوەی بێتاوانی خۆمی پێ بسەلمێنم پێویستم بە بەڵگەی بەرجەستە هەیە، چونکە ئەو بۆ تاوانبارکردنی من بەڵگەی ماددی هێناوە..

کەوتمە سێودووی دڵی خۆم، چی بکەم؟ چی نەکەم؟ لە ئەنجامدا ئەوە بەخەیاڵمدا هات: بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم و لەوێ بییری زیاتری لێ بکەمەوە.

بەڵێ، گەڕامەوە بۆماڵ، زۆر سەخڵەت و نارەحەت بووم، باوەڕت هەبێ دەتگوت لەسەر ژیڵەمۆی ئاگرم، لەئاسمانی بییرکردنەوەدا پەروازم دەکرد، ناکاو دەستم بۆ قورئانەکە برد، ئەو قورئانەی لەبەرگێکی قەشەنگ وجوانا تا ئەو کاتەش لەناو کتێبخانەکەمدا بۆ جوانی دانرابوو!!

ئالەم کاتەدا کە گیانم لەوپەڕی نارەحەتی و سەخڵەتیدا بوو، هەستم کرد تەنیا قورئان فریام دەکەوێ، ئەو قورئانەی کە بەمنداڵی لای خاڵم خوێندبووم، بەڵێ، قورئانەکەم کردەوە سوورەتی [ الأنفال ] بەدەستمەوە هات، دەستم بە خوێندنەوەی کرد، ئاوازی بەسۆزی وشەکان و مانای بەرزی لەدلاً جێگیری بردمیانە جیهانێکی رۆحییەوە، تا حەزبکەیت شوێنەوارێکی گەورەو کاریگەری لەدروونمدا هەبوو.. دڵم سرەوت و ئاسوودەیی بۆ هاتەوە، سوورەتەکەم تەواو کرد و قورئانەکەم بردەوە جێگەکەی خۆی. لەوکاتەدا چاوم هەڵتەقی بەشریتەکانی تەسجیلەکەمدا، و بییرم کەوتەوە ئەوکاتەی من لەبەردەرکە قسەم لەتەك سۆسەنا دەکرد، تەسجیلەکەم لەسەر تۆمارکردن بوو، لەوانەیە هەموو قسەکانمانی تۆمار کردبێ. بەڵێ، یەك بەیەکی شریتەکانم تاقی کردەوە، تا شریتەکەی ئەوشەوەم دۆزییەوە دیتم لەوکاتەوە قاپیەکەم بۆکردبوەوە تا ئەوکاتەی قاپیی ژوورەکەی ئەوم داخستبوو هەموو قسەکانمانی تۆمار کردووە!!

ئیتر لەخۆشیدا هەموو گیانم پێ دەکەنی، هەستم کرد بێئەوەی بەخۆم بزانم پەروەردگار یارمەتییەکی گەورەی داوم، منیش سوپاسێکی زۆرم کرد. ئەوشەوە بەخەیاڵ چەند وێنەیەکم دروستکرد بەونیازەی لەزانکۆدا پێشکەش بەسۆزانی بکەم، و شریتی بەڵگەی بێتاوانی خۆمی بخەمە بەردەست، هەروەك دڵی خۆمم خستۆتە بەردەست. بۆیە ئەوشەوە بەدڵئاسوودەییەوە سەرم کردە سەر سەرین و نوستم..

هەرچۆن بوو ئەوشەوەشم لێرۆیشت، بەیانی رۆیشتم بۆ زانکۆ، بەلاَم پاش ماوەیەك چاوەڕوانی بۆم روون بووەوە ئەم رۆ نەهاتووە. تەلەفونم بۆ خەوگا کەیان کرد و هەواڵم پرسی، وتیان: رۆیشتۆتەوە بۆلای کەس وکاری، ئەو رۆژەش بێ ئەوەی بگەمە مەبەست گەڕامەوە..

# # #

# 13

ڕۆژگــار ئەڕۆیشــت و منـیش ڕۆژ بــەڕۆژ هــەواڵی ســۆزانم دەپرســی، تاکــە وەڵام ئەوەبوو هێشتا نەهاتۆتەوە.! ڕۆژی دیـاریکراوی لای مامۆسـتا هاتـە پێشـەوە، منـیش نامەیەکم نووسی و هەمووشتێکم تیا روون کردەوە، و لەگەڵ شریتەکەدا هەڵم گـرتن، بەو هیوایەی لەماڵی مامۆستا ببینم، هەروایش بوو، کـە مـن رۆیشـتم ئـەو دانیشـتبوو چاوەڕوانی دەکرد..

ئەوی چاوەڕوان نەکراو بـوو بـە رەشپۆشــی بینـیم، وەك ئـەوە یـەکێك لەکەسـوکاری مردبێ، بەڵەچکێکی رەش سەری داپۆشی بوو، هەر لەخۆی دەهات، چەند جوان بـوو ئەوەندەی تر جوانی کردبوو!! پێم خۆش نـەبوو هـیچ پیـاوێکی تـر نـەیبینێ!! خۆیشـم سەرم لەخۆم سوڕمابوو!! بۆچ لەوەپێش ئەم هەستەم نەبوو؟!

سلاوم لێکرد و بەخۆگریەکەوە وەڵامی دامەوە، هۆی رەشپۆشییەکەم لێپرسی و گوتم: خێـرە؟! ماوەیـەك ســەری دانەوانـد، و پاشــان ســەری بــەرزکردەوە و چاوەکـانی پـڕ لەفرمێسك بوون، بەدەنگێکی پرلە خەم و پەژارەوە لەتەك هەناسەیەکی ساردا گوتی: باوکم کۆچی دوایی کردووە!!

منیش دڵم پڕ بو بەدەنگێکی گڕەوە گوتم: " إنَّا للهِ وَإنَّا إلَيْهِ راجِعُونَ " خۆتان خـۆش بن و خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە.. کش وماتی باڵی کێشا بەسەر ژوورەکـەدا، خـەم وپەژارە مامۆستایشی داگرت و زویر بوو. من بییرم لەحاڵی ئـەو و هەڵوێسـتی خـۆم دەکردەوە، زۆری نەخایانـد سـۆزان پـەردەی بێدەنگی دڕانـد و گـوتی: مامۆسـتا تکـا دەکەم فەرموو رێنوێنییەکانمان بۆ باس بکە.. چەندها شت هەبوون بن بەهۆی مانەوەم لەماڵەوە، تەنیا بۆ سوود وەرگرتن لەبەڕێزت من گەڕاومەتەوە، نەك لەبـەر زانکـۆ!! بڕوات هەبێ لەگـەڵ ئـەو هـەموو خـەم و پەژارەیـەدا وازم لەخوێندنـەوەی کتێبـەکان نەهێناوە، چونکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە: گرنگترین شت لەژیانمـدا شـۆێنکەوتنی ئەم کارەیە تا دەگەمە ئەنجام، لەبەر ئەوە تکا دەکەم بەردەوام بە لە قسەکانتا!!

مامۆستا گوتی: ئافەرین کچی خـۆم! داواکـارم خـوا سـەبووریت بـدات و پاداشتیشـت بداتەوە، و بەگەرمی پیرۆزبایی ئەم هەستە پاکەت پێ ئەڵێم.. ئـەوی راسـتی بـێ مـن زۆرم دواخستن، چونکە کاتی خۆی ئێوە زۆر بـە پەلـەبوون، لەهـەمان کاتـدا بـەهۆی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەوە یارمەتی منتان باش دا، چونکە ئەگەر ئێوە ئـەو کتێبانـەتان نەخوێندایەتەوە ماوەکەمان زۆرتری دەخایاند!!

سۆزان گوتی: ئەوی راستی بێت مەبەستم بیستنی زیاتری قسـەکانی بەرێزتانـە، دەنـا مـن گەیشـتوومەتە قەناعـەتی تـەواو، بـەڵام مـن نامـەوێ ئـەوە بڵـێم، تـا بەشـێك لـەو

فەرموودانەی ئێوەم لەكیس نـەچێت، چونكـە هێشـتا چـاوەڕوانی تـۆین، كـە لـەبارەی توانای ئیسلامەوە بۆ پێشكەشكردنی پێشەوای ساخ و نموونـەی بـەرز و كەرەسـەی روونكردنەوەوە بۆمان باس بكەیت..

مامۆستا گوتی: لەمەوپێش بەچەند قوناغێك باسی ئەوەمان كرد كە ئـاین بـۆ ئـادەمزاد پێویستییەكی حەتمییە، و باسیشـمان كـرد ئـاینی گونجـاو كامەیـە، وچـۆن دەبـێ دژی ژیریی و هۆشی مرۆڤ نەبێت، و دەبێ لەگەڵ سروشتدا بگونجێت، و بەرنامەیـەكی واپێشكەش بكات كە ئینسان سازبێ، واتە: مرۆڤی سوود بەخش پێ بگەیەنێت..

بەكورتی لەبارەی هەموو ئەم مەرجانەوە باسمان كـرد، و زانیمـان كـە ئـاینی ئیسـلام تەنیا ئاینێكە هەموو ئەو ێیفەتانەی تیابێـت، و ئـەو توانایـە هـەبێت.. ئێسـتا ئـەوە مـاوە باسـی بكـەین كـە ئیسـلام لـەبارەی نموونـەی بـەرزو پێشـەوای سـاخ و كەرەسـەی روونكردنەوەوە چی پێشكەش كردووە؟

هەر رێبازێك گەر توانای پێشكەشكردنی نموونەیەك یاچەند نموونەیەكی چاولێكراوی نەبێت سەركەوتوو نابێت، چونكە ئەو چاولێكراوە سروشـتی رێبازەكـە دەردەخـات و روونی دەكاتەوە، و ئەورێبازە داوای چی كردبێت ئەو چاولێكراوە بە كردەوە پیشانی دەدات و دەیسـەلمێنێ كـە ئـەم رێبـازە خـەیاڵی نییـە و لەواقیعـدا ئـەژی، و لـەژیانی رۆژانەدا جێبەجێ دەكرێت..

دوان و قسەكردن لەبارەی چاولێكراو [ قدوة ] ەوە زۆر درێژە ئەكێشـێ، بـەڵام ئـەوە بزانن یەكەم چاولێكراو بۆ ئێمە پێغەمبەری خوا(موحەممـەدی كـوڕی عەبـدوڵلا) یـە سەلات وسەلامی خوای لەسەربێ، هەروەك ئەم ئایەتە پیـرۆزە پێمـان رادەگەیـەنێت: " لقـدْ كـانَ لكُـمْ فِـي رَسُـولِ اللهِ أسْـوَةٌ حَسَـنةٌ "الأحـزاب/20. واتـە: بێگومـان لـە پێغەمبەری خوادا جوانترین سەرمەشق وچاولێكراوتان بۆ هەیە..

قسەكردنیش لەبارەی پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم چەنـدەها سـەعات دەخایـەنێ، ئەوەش بزانن لەپاش پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم نموونـەی چاولێكراومـان زۆر زۆرە. وەك هـەرچوار خەلیفـە راسـتەقینەكەو عومـەری كـوڕی عەبدولعـەزیز و موسعەبی كوری عومەیر وناوداران و پێشەواكان لەئال و بەیتی پێغەمبەردا سلاَوی خوایان لێبێت..

بۆ زیادە ئاگاداری لـەبارەی كەسـایەتی ئـەو پێشـەوایانەوە دەتـوانن سـەر لـەم كتێبانـە بدەن: [ رجال حول الرسول، و عبقرية محمد ، و عبقريـة الإمـام علـي، وبـين يـدي الرسول، و ملامح الإنقلاب الإسلامى فى حياة عمر بـن عبـد العزيـز، ] و زنجیـرەی هاوەڵەكانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.. پشت بـەخوا دانیشـتنی داهاتوومـان پـاش خوێندنەوەی ئەم كتێبانە دەبێت!! هیوا دارم دواین دانیشتنی دیاریكراویش بێت!!

ئێمەش سوپاسی خوامان کرد، و ئەوسا روخسەتمان وەرگرت،و هاتینە دەرەوە، لەدەرەوە ویستم راستەقینە بۆ سۆزان روون بکەمەوە، و لەبەردەمیا وەستام، بەلاَم ویقار و سەنگینی پۆشاکەکەی و شێوەی وەستانی سۆزان وای لێکردم هەمووشتێکم لەبیر بچێتەوە و نەزانم بڵێم چی؟!

بیرم لەدەستەواژە (عبارة)یەکی وا دەکردەوە سەرەتای قسەی پێ دابمەزرێنم، بەلاَم دەستەوسان بووم و قسەم بۆ نەکرا، ئینجا سۆزان گوتی: فەرەیدوون! خوات لەگەڵ.. پشتی هەڵکرد و ویستی بڕوات..

هاوارم کرد و گوتم: سۆزان گیان! نەڕۆیت، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم..

وەستاو گوتی: ها فەرەیدوون! چیت پێیە؟!

گوتم: دەمەوێ بێتاوانی خۆمت بۆ بسەلمێنم.. دەمەوێ بزانیت تەنیا چاوتروکانێك خیانەتم لێنەکردوویت!!

کەمێك رەنگی تێکچوو، پاشان گوتی: چۆنم پێ ئەسەلمێنیت و بەچی ئیسپاتی دەکەیت؟! گوتم: دەمەوێ هەموو شتێکت بۆ روون بکەمەوە، بەلاَم ئێرە جێی ئەوە نییە، و لەم سەرە رێیەدا ناکرێت!

گوتی: ئەی لەکوێ؟

گوتم: هەرجێیەك تۆ دیاری بکەیت.

گوتی: شوێنێکی گونجاو پێنازانم، تا دیاریکەم.

گوتم: رات چییە ئەگەر بڕۆینەوە بۆ خانوەکەی من؟!

بەئازارێکەوە گوتی: منیش وەك سۆسەن بێم بۆ ئەوێ؟! هەرگیز نایەم!

گوتم: ناش گونجێ بێم لەتەکتا بۆ خەوگای ئێوەی کچان! لەشوێنێکی گشتی تریشدا هەرناگونجێ، چونکە ئێمە قسەی تایبەتمان هەیە، چارچییە؟چبکەین، و لەکوێ دابنیشین؟

ئاورێکی بەلای ماڵ مامۆستا دایەوەو وك ئەوە بڵێ: ماڵی مامۆستا باشترین شوێنە.. بەلاَم بێدەنگ بوو قسەی نەکرد..

منیش پێم وت: چی بەدڵتا هات؟ گوتی: بۆچ نەگەڕێینەوە بۆ ماڵ مامۆستا؟

گوتم: تۆ بڵێی داوای لێبکەین رێمان بدات، دوو بەدوو لەو بارەوە بدوێین؟

گوتی: پێویست ناکات دوو بەدووبین، با مامۆستاش لەوێ بێ و لەبەردەم ئەوا قسە دەکەین، بۆچ مامۆستا باوکی رۆحیمان نییە؟ بۆچ هۆی رووناکی دڵ و دەروونمان نییە؟ بۆچ نەیکەینە بەریڤان(حەکەم) لەنێوانماندا؟ بائەویش ئاگای لە قسەکانمان بێت..

ئەوی راستی بێ قسەکانیم بەدڵ بوو، بەلاَم گەرانەوەمان بۆ ماڵ مامۆستا و بەتایبەت تازە خوا حافیزی وماڵ ئاواییمان کردبوو، پێم جوان نەبوو.. بۆیە گوتم: ناشیرین نییە بگەرێینەوە؟!

گوتی: لەوەزیاتر چار نییە.

گوتی: باشە ئەوا من دەبێ لەدەرکە دەدەم، لەوبڕوایەدا نیم مامۆستا دەرمان بکات، چونکە پیاوێکی پیاوانەیە. بەرەو ماڵ مامۆستا چەند هەنگاوێکم نا، و دەرکەیان کرایەوەو مامۆستا هاتە دەرەوە. کەئێمەی دی هێشتا نەرۆیشتووین پێی سەیر بوو! بە بایەخێکەوە گوتی: ئەوە خێرە؟! چاوەرێی ترومبێل دەکەن؟

بەشەرمێکەوە گوتم: مامۆستا ئەوی راستی بێ گۆبەندێکمان تووش بووە و دەمانەوێ لەماڵ بەرێزتانا چارەسەری بکەین. جا نازانم رێمان دەدەن یان نە؟!

زۆر پیاوانە دەرکەی بۆ کردینەوە و گوتی: فەرموون بۆ هەمان ژوور کە لێی دانیشتبووین، چونکە کەس بەسەرتانا هاتوچۆ ناکات..

گوتم: ئاخر ئێمە پێمان خۆش بوو بەرێزیشت ئاگادار بوویتایە..

گوتی: من ئێستا ناتوانم بگەرێمەوە چونکە بەڵێنێکم هەیە، دەبێ برۆم. بەیارمەتی خوا پاش سەعاتێکی تر دەگەرێمەوە، هیوادارم تامن دەگەرێمەوە ئێوە گەیشتبنە ئەنجامێکی پەسەند و بەدڵی خۆتان..

# # #

# 14

بەڵێ، لەژوورەکەی مامۆستا دانیشتین، بەلاَم نزیك بوو خۆم لەبیر بچێتەوە، منێك کە لەئەوینی سۆزانا تواومەتەوە، زاتی ئەوەم نییە دەست بۆ دەستی بەرم، ئەو ئەوینەی کە لەتەك هەموو گەردیلەیەکی لەشما ئاوێتە ببوو، بە پەردەیەکی وەها پیرۆز داپۆشرابوو، خۆیشم سەرم لێی سوور مابوو!! ناهەقیشم نەبوو، چونکە لەوە پێش شتی وام نەدیبوو.. لەوانەیە هۆی ئەوەبێت ئێستا بە شەرمەفی خۆمی دەزانم، جابۆیە ئەگەرخۆیشم دەستی لێبدەم خۆم بەبێغیرەت دەزانم، بگرە پێم شوورەیی بوو چاو برمە چاوەکانی، یادەست لەسەر پەنجەکانیشی بدەم!!

خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانی کە ئەم بوارەی پێدام تا بێتاوانی خۆمی بۆ روون بکەمەوە، چونکە هیواو ئاواتی من سۆزان بووە، و دەبێت بەوپەڕی تواناوە هەوڵ بدەم لەکیسم نەچێت..

بەڵێ دەستی بەقسەکرد، باس وخواس و بەسەرهاتی ئەوشەوەم بەدرێژی بۆ گێڕایەوە. ئەویش لەسەر خۆ گوێی بۆ قسەکانم ڕاهێشتبوو، تا قسەکانم تەواو بوون..

وەك ئەوە قسەکانم بەس بن، بۆیە بەڵگەهێنانەوەی زیاتری نەویست، وەك ئەوە قەناعەتی کردبێت، پاشان ماوەیەك بێدەنگ بووم، تا بزانم داوای بەڵگەی بەرجەستە دەکات، یان نە؟ داوای هیچی نەکرد، ئینجا بەدەنگێك کە پڕبوو لە شادی و ئاسوودەییەوە گوتی: سوپاس بۆ خوا..

گگوتم: وادیارە بۆ ڕاستی قسەکانم داوای بەڵگەی ماددیم لێ ناکەیت؟

گوتی: بێبەڵگەی ماددی قەناعەتم کرد، چونکە ئێستا خاوەن باوەڕییت و خاوەن باوەڕیش درۆ ناکات..

گگوتم: من دەمەوێت بەڵگەی ماددیت پێشکەش بکەم، تا خۆم دڵئاسوودەبم، بۆیە نەوارەکەم پێشکەشکردو گوتم: ئەمە ئەو شریتەیە کەلەناو تەسجیلەکەدا ئامادەی تۆمارکردن بوو، لەگەڵ خۆما بردمە دەرەوەو هەموو بەسەرهاتەکەی تیا تۆمار بووە..

سۆزان گوتی: نەخێر نامەوێ گوێم لێی بێت، تا بزانیت هێشتا باوەڕم پێتە..

گگوتم: کەوابوو با شریتەکەت لابێت، ئەنجا هەڵنگرت، وگوتی: لەبەر ئەوەی تۆ پێت خۆشە، هەڵی دەگرم..

پاش ئەوە ماوەیەك قسەمان کرد ئینجا مامۆستا هاتەوە و بەکۆرتی باسەکەمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش پیرۆزبایی لێکردین، و دوای ئەوە خواحافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە.. هەستمان بەئاسوودەییەك دەکرد کەماوەیەك بوو لەدەستمان دابوو..

# # #

# 15

رۆژگار ئەرۆیشت و ئێمەش بەردەوام ئەو کتێبانەمان دەخوێندەوەکە مامۆستا ناوەکانی دابووینێ، کاتێك لەخوێندنەوەیان بوومەوە ئاینەکەم پتر لا خۆشەویست ببوو، باوەڕەکەم قایم تر ببوو، سەرم لەخۆم سڕدەما چۆن کاتی خۆی بەخۆمم وتووە موسوڵمان و هیچیشم لێ نەزانیوە؟!!

سۆزان بڕیاری خۆداپۆشینی تەواوی دا، هەردوولامان بەرێکوپێکی نوێژەکانمان دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا کە سۆزان بەرەسمی نەبووبوە موسولمَان..

بەڵێ، کە لەکتێبەکە بووینەوە پەیوەندیمان بەمامۆستاوە کرد تاکاتی دانیشتنمان بۆ دیاری بکات، ئەویش خوا هەڵناگرێ نزیکترین کاتی بۆ دیاریکردین، و ئێمەش رۆیشتین بۆلای..

مامۆستا گوتی: کتێبەکانتان خوێندۆتەوە؟

بەیەکدەنگ گوتمان: بەڵێ.

گوتی: لەگەڵ ئەو نموونانەدا ئاشنا بوون کەئیسلام پێشکەشی کردوون؟

گوتمان بەڵێ، ناسیمانن و لەتەکیانا ئاشنابووین، ئاواتە خوازین بتوانین شوێن پێیان بکەوین..

ئینجا مامۆستا روویکردە سۆزان و گوتی: کچی خۆم! ئەگەر ئێستا قەناعەتی تەواوت بەئیسلام هەیە فەرموو موسوڵمان ببە، و شایەتمان بێنە!!

منیش گوتم: تکات لێ دەکەم مامۆستا لەپێشدا ئەو داوایە لەمن بکە..

مامۆستا بەسەر سامییەکەوە رووی تێکردم و گوتی: تۆ؟!

گوتم: بەڵێ، من، بێگومان پێویستە منیش موسڵمان ببم، چونکە لەوەپێش تەنیا بە تەسکەرە من موسوڵمان بووم، دەنا لەبارەی ئیسلامەوە هیچم نەزانیوە!!

مامۆستا بزەیەك گرتی و گوتی: کوڕی خۆم ! تۆ پێویست ناکات، ئەوەندە هەیە لەمەوبەر لەبارەی ئاینەکەتەوە بێئاگا و نەشارەزا بوویت و باوەڕێکی لاوازت هەبووە، بەلاَم سوپاس بۆخوا ئێستا هۆشیار و شارەزایت و باوەڕت پتەوە، لەبەر ئەوە گۆڕانی تۆ جیاوازە لە گۆڕانی سۆزان خانم ..

گوتم: سوپاس بۆ خوا هەتا بڵێیت باوەڕم پتەوە.

مامۆستا گوتی: تۆ ئامادەیت لەپێناو ئەو باوەڕەتا قوربانی بدەیت؟

بێ دوودڵی گوتم: بەڵێ، ئامادەم هەمووشتێك بکەم بەقوربانی لەپێناو ئاینی ئیسلامدا..

گوتی: نموونەیەکم بۆ بێنەوە..

گوتم: لەگەڵ ئەوەدا کە سۆزانم لە هەموو کەسێکم بگرە لەخۆیشم خۆشتر ئەوێ، ئەگەر بزانم بڕوای بەو ئاینە نییە دڵی خۆم ناچار دەکەم وازی لێ بێنێ..

ئینجا رۆیکردە سۆزان وگوتی: ئەی تۆ کچی خۆم!

ئەویش گوتی: منیش بەرامبەر بە ئیسلام هەمان هەستم هەیە، ئەو فەرەیدوونەی کە خۆشەویسترین کەسمە ئەگەر موسڵمانێکی پێبەند بەئیسلامەوە نەبێت پێی قایل نابم!!

مامۆستا گوتی: کەوابوو خوا لێتان موبارەك بکات و پیرۆزتان بێ.. خوا بتانکاتە بنچینەیەکی پتەو بۆ کۆشکی گەورەی ئیسلام، و بتانکاتە تۆیەکی باش بۆ پێگەیاندنی بەرەیەکی باش..

پاش ئەم قسانە سۆزان بەشێوەیەکی رەسمی شایەتمانی هێنا، و مامۆستاش بەدیاری قورئانێکی پێشکەشکرد کەدێرەکانی بە زەرکەف نووسرابوونەوە، و پاکەتێ حەڵوایشی بەمن پێشکەشکرد.

ئێمەش لەقولآیی دڵمانەوە سوپاسی مامۆستامان کرد، خوا حافیزیمان لێکرد و هاتینە دەرەوە، پاش ئەوە کەبەهۆی ئەوەوە سەر لەنوێ لەدایك بووینەوە..

# # #

پاش ماوەیەك لەدادگا مارەم بڕی و پەیمانی ژن ومێردایەتیمان بەست، و بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاومان نا، و بڕیاریشمان دا ئەگەر خوا کوڕێکی پێ بەخشین بەناوی مامۆستاوە ناوی بنێین تا پیاوەتی ئەومان هەرگیز لەبیر نەچێتەوە. " أوَمنْ كانَ ميتاً فَأحيَيْناهُ وجَعلْنا لَهُ نوراً يَمْشي بِهِ في الناسِ، كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلماتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا؟ ". واتە: ئایا ئەوەی کەمردووە و زیندوومان کردۆتەوە، و رووناکییەکمان پێداوە کەدەتوانێ ڕێی خۆی پێ دەربکات لەناو خەڵکیدا، وەك ئەوە وایە کەلەناو تاریکی ئەنگوستەچاودایەو ناتوانێ لێی دەربچێت؟!